# قاسملوو،
## مانیفێستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری

ناوی پرتووک: **قاسملوو، مانیفێستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری**

نووسینی: **مەجید هەقی**

پێداچوونەوە: **فەرهاد ئەکبەری**

دیزاینی ناوەوە: **ئێلهام چایچی**

بەرگ: **ئەمیر خەیاتی**

تیراژ: **٥٠٠ دانە**

نرخ: **٣٠٠٠ دینار**

چاپخانە:

ISBN: ٩-٥٣٧٢-٩٣-٩٥٢-٩٧٨

PDF:٦-٥٣٧٣-٩٣-٩٥٢-٩٧٨

# قاسملوو،
# مانیفێستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری

پێشکەشە بە یادی ٢٥مین ساڵڤەگەڕی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی

## سوپاس و پێزانین

لـە ئامادەکـردن و بـڵاو کردنـەوەی ئـەم پەرتووکـەدا زۆرکـەس یارمەتیـدەر و هانـدەرم بـوون. سوپاســی بــێ پایانــی خــۆم پێشکەشــی یــەک بــە یەکیــان دەکــەم. لەوانــە: کاک تاهیــر مەحمـوودی، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، هاوڕێـی دێرینـم، کاک خالیـد مەهابـادی، مامۆسـتای سـەردەمی پێشـمەرگایەتیم، کاک کاووس عەزیـزی، کاک ئەنـوەر کۆهەنسـاڵ، هاوڕێـی خەباتـی ناوشـارم خوشـکە پەریـی ڕەشـیدیان، کاک ئەمیـن ئیبراهیمـی. دەمهـەوێ بەتایبـەت ڕێـز و سوپاســی خــۆم پێشکەشــی کاک محەمـەد سـاڵح قـادری، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران بکـەم بـۆ تێبینـی و سـەرنجەکانی. سوپاسـی کاک هەڵـۆ جانانـی دەکـەم کـە هەمـوو وتارەکانـی لـە سـایتی هەڵـۆی کوردسـتاندا بـڵاو کـردەوە. کاک عەبـدوڵا حیجـاب هەمیشـە بـۆ مـن وەک نموونەیـەک لـە مرۆڤـی شۆڕشـگێر، خـاوەن هەڵوێسـت، دیموکـرات و کەسـێک کـە هـەرگاڤ شـتی نوێـی لـێ فێـر دەبیـن ،ئەرکـی پێداچوونـەوە و نووسـینی پێشـەکییەکەی وەئەسـتۆ گـرت، سوپاسـی گەورەیـی دەکـەم.

هاوڕێیانــی بەڕێــزم کاک فەرهــاد ئەکبــەری و کاک ســەلیم زەنجیــری ئەرکــی پێداچوونــەوەی کۆتاییـان بەسـەر ئـەو بەرهەمـە بەجـێ گەیانـدووە. بـەو بۆنـەوە سـوپاس و پێزانینـی بێپایانـی خـۆم پێشکەشـی ئـەو بەڕێزانـە دەکـەم کـە سـەرەرای بوونـی کار و سـەرقاڵی زۆریـان، منیـان لـە دلۆڤانـی خۆیـان بێبـەش نەکـرد.

بەبــێ خۆشەویســتی و هەســتی جوانــی کــوڕە نازدارەکــەم "هــەژار" و کچــە دلۆڤانەکــەم "هێڤیـن" ئـەم بەرهەمـە نەدەنـووسرا. سـوپاس بـۆ بوونتـان و بـۆ ئـەوەی شـانازیی ئەوەتـان پـێ بەخشـیوم باوکایەتـی ئەزمـوون بکـەم.

**دانەر**

## پێرست:

- ناساندن.......................................................................................... ٨
- پێشەکی.......................................................................................... ١١
- قاسملوو ڕێبەرێک کە سیمای مرۆڤانەی بە حیزبێکی نەریتی بەخشی ................. ١٤
- قاسملوو و ڕێبەریی ستراتیژی ..........................................................١٧
- قاسملوو بەرزکەرەوەی شیانی ڕێبەریی بە کۆمەڵ ...........................................٢١
- هونەری ڕێبەریی، بەها و بایەخەکان ...........................................................٢٦
- قاسملوو ڕێبەرێک بۆ پێگەیاندن ..........................................................٣١
- ڕێبەری ڕاستەقینە توانای دەوروبەرەکەی بەرز دەکاتەوە قاسملوو و پەروەردەی کادر ..........................................................٣٥
- گۆڕینی کۆمەڵگە پێویست بە بیرکردنەوەی جیاواز دەکات ......................................٣٩
- قاسملوو - ڕێبەرێک کە بە دوای ڕێبەرانی دوارۆژدا دەگەڕا ......................................٤٦
- ڕێبەریی دڵان ..........................................................................٥٧
- ڕێزداری یان خۆشەویستیی گشتی؟ ..........................................................٦٢
- ڕێبەری چاک، گوێگرێکی هاودڵە ..........................................................٦٥
- قاسملوو ڕێبەری گۆڕانخواز و خزمەتگوزار ..........................................................٦٨
- گۆڕینی ڕێکخراوێکی نەریتی بەرەو ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر ..........................................................٧٢
- سەربەخۆیی کلیلی سەرکەوتن و پێشڤەچوونە ..........................................................٧٦
- ڕێکخراوی خۆفێرکار پێویستی بە کادری داهێنەر هەیە ..........................................٧٩
- فێربوون لە ئەزموون بە واتای مانەوە لە مێژوودا نییە ..........................................٨٣
- گەشەکردنی کاری تیمی دەبێتە هۆی فێربوونی گشتی ..........................................٨٧
- خوڵقاندنی ئاسۆی هاوبەش هێز دەداتە چالاکیی گشتی ڕێکخراوە ..........................................٩٠
- قاسملوو و کولتووری ڕێکخراوەیی لەناو حیزبی دیموکراتدا ..........................................٩٥
- پێوەندی نێوان شێوازی ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی ..........................................٩٨

- ڕێبەری ئەخلاقی ........................................................................................ ١٠٣
- ڕێبەری ئەخلاقی و کاردانـەوەی لە سەر ژینگەی ئەخلاقیی ڕێکخراو ........................... ١٠٥
- رابردوو هەمـیشە چرای پێـشەڕۆژ نییە .................................................................. ١١١
- حـەوت وانـەی قاسملوو بۆ ڕێـبەرانی داهـاتوو ......................................................... ١١٤
- ڕێبەریی ٣٦٠ پلە ........................................................................................ ١٢٠

## ناساندن

ڕووناکبیری بە توانا، ژیر و دڵسۆز کاک مەجید هەقی بەو زنجیرە باسەی کە لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا هێناویەتە گۆڕێ، لە ڕوانگەیەکی زانستیی تێکەڵ بە سۆز بۆ ڕێبەری بە توانای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەمر دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو، تیشکی خستووەتە سەر بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سەرکردەیە کە بۆ نەوەی ئێستا و داهاتووی گەلەکەمان بەسوودن. کاک مەجید بە سپاردنی ئەرکی پێداچوونەوە و نووسینی پێشەکی پەرتووکەکە بە من، بارێکی قورسی خستە سەر شانم، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دڵنیاتری کردم کە درێژەدان بە ئامانجە بەرزەکانی شەهیدانی کوردستان و لە سەروویانەوە، ڕێبەرانی شەهیدی دۆزی کوردایەتی، ئەرکێکی هاوبەشی سەر شانی هەموو کوردێکە.

لەم پێداچوونەوەیەدا، ڕێگام بە خۆ نەداوە کە دەست لە ناوەڕۆک و شێوەی داڕشتنی بابەتەکان وەردەم، تەنانەت ئەگەر لە هێندێک شوێن لە گەڵ نووسەر هاوڕاش نەبووبم، هەوڵم داوە بێ لایەنیی خۆم بپارێزم.بۆیە سپاردنی ئەم ئەرکە لە لایەن دۆستی هێژام کاک مەجیدەوە بە من، بە مانای ئەرێ کردن یا ڕەدکردنەوەی ناوەڕۆک یا هەڵسەنگاندنی نووسەر نییە. بۆیەش ئەم پێشەکییەی من، شتێک نییە بێجگە لە پێداچوونەوەیەکی خێرا و نووسینی ئەم کورتە پێشەکییە.

ئەوەی من لەو دەقە دا بەدیم کرد، نووسەر هەوڵی داوە کە گەورەیی دوکتۆر قاسملوو نەک لە پۆستە تەشکیلاتییەکەیدا، بەڵکو لە شێوەی بەڕێوەبەریی و تێکۆشانیدا نیشان بدا و بەشێکی ئەو ئەزموونی بەڕێوەبەرییەش بۆ بەرەکانی ئێستا و داهاتوو بگوێزێتەوە. ئەم پەرتووکە، بە شێوەی زنجیرە وتاری سەربەخۆ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لێکگرێدراو، نووسراوە. لە هەموو برگە و تەنانەت دێڕی وتارەکانی ئەم پەرتووکە دا، حەز و وەفاداریی بێ ئەم لا و ئەو لای نووسەر بۆ شەهیدی هەمیشە زیندووی دۆزی کوردایەتی، د. قاسملووی مەزن دەبیندرێ.

نووسەرلەم زنجیرە وتارەدا هەوڵی داوە کە ڕوانگە، بۆچوون و شێوەی بەڕێوەبەریی

دوکتــۆر قاســملوو لــە چوارچێوەیەکــی بەرینــتری زانســتی و بــە بــەراورد لــە گــەڵ زانســتی بەڕێوەبەریــی هاوچەرخــدا هەڵبســەنگێنێ. بۆیــەش نووســەر بــە هێنانــەوەی نموونــە لــە ڕێبــەران و کەســایەتییە ســەرکەوتووەکانی جیهــان، هێنانــەوەی فاکــت لــە مێتــۆدی زانســتی بەڕێوەبــەری و هەڵســەنگاندنی شــێوازی کاری دوکتــۆر قاســملوو لەژێــر ڕووناکیــی ئــەو نموونانــەدا، هەوڵــی داوە کــە لایەنــە ئەرێنییەکانــی مودێلــی بەڕێوەبەریــی دوکتــۆر قاســملوو بخاتــە بــەر چــاو و زەقیــان بکاتــەوە.

کاک مەجیــد لــەم بەرهەمەیــدا باســی کارەســاتی لەدەســتچوونی دوکتــۆر قاســملوو بــۆ حیزبــی دیموکــرات، گەلــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و هەمــوو بزووتنــەوەی نەتەوایەتــی کوردســتان دەکا. چونکــە لــە ڕوانگــەی ئــەوەوە، ڕۆڵــی دوکتــۆر قاســملوو تەنیــا لــە ســکرتێریی حیزبــی دیموکراتــدا کــورت نەدەبووەوە،بەڵکــو قاســملوو توانیبــووی لــە ئەنجامــی پێوەندییــە نەتەوەیــی و نێونەتەوەییەکانییــەوە ببــێ بــە داڕێژەرێکــی بەتوانــای ســتراتێژییی سیاســی بــۆ بزووتنــەوەی کــورد بــە گشــتی. بۆیــەش شــەهیدکرانی دوکتــۆر قاســملوو نــە تەنیــا زەربەیەکــی قــورس بــوو کــە وە حیزبــی دیموکــرات کــەوت، بەڵکــو خەســارێکی گــەورەش بــۆ هەمــوو کوردســتان بــوو.

ئــەو زنجیــرە وتــارە، وێــڕای هێنانــە بــەر بــاس و هەڵســەنگاندی پێشــکەوتنەکانی حیزبــی دێمۆکــرات لــە ژێــر ڕێبەرایەتیــی دوکتــۆر قاســملوودا، هەروەهــا تیشــک دەخاتــە ســەر زنجیــرە گرفتێــک کــە لــە ڕوانگــەی نووســەرەوە، بــە نەمانــی دوکتــۆر قاســملوو، بــە تایبەتــی هەنۆکــە بەرۆکــی حیزبــی قاســملوویان تەنیوەتــەوە. نووســەر ئــەو ئارێشــانە دەگەڕێنێتــەوە بــۆ لێکدانــەوەی بەرژەوەندیخوازانــە و خــۆ بــە ناوەنــد دانانــە لــە بۆچــوون و میراتــەی هــزری قاســملوو. ئــەو تەنانــەت پیــی وایــە کــە ئێســتا کەڵکــی خــراپ وەرگرتــن لــە نــاو و جێگــەی دوکتــۆر قاســملوو لــە کۆمەڵگــەی کوردســتان و لــە لای ئەویندارانــی هــزری قاســملوو کــراوە بــە ئەمرازێــک بــۆ مەشرووعیــەت دان بــە قووڵکردنــەوەی ئــەو گرفــت و تەنــگ و چەڵەمانــەی کــە ئێســتا میراتگرانــی ڕێبــازی قاســملوو لــە گەڵــی ڕووبــەڕوون.

نووســەر ئــەوە ئینــکار نــاکا کــە لــە ســەردەمی ڕێبەرایەتیــی دوکتــۆر قاسملووشــدا حیزبــی دیموکــرات تووشــی ئاڵــۆزی و گرفــت بــووە، بــەڵام لــە ڕوانگــەی نووســەرەوە دوکتــۆر قاســملوو ئــەو کێشــە و ئاڵۆزییانــەی بــە شــێوەیەک ڕێبــەری دەکــرد کــە زیانــی کاتیــی ئــەو ڕووداوانــە

دەبوون بە هۆی هەستانەوەیەکی گەورەتر بۆ حیزبەکەی. کە چی بە نەمانی دوکتۆر قاسملوو، نووسەر پێی وایە ئەو تواناییە لە شێوازی ڕێبەرایەتیی جێگرەکانی دا کەم ڕەنگ بووە و حیزبی دیموکراتیشی تووشی لاوازی کردووە.
کاک مەجید لە چوارچێوەی ئەم زنجیرە وتارانەدا وەزعی ئێستای حیزبی دیموکراتی هەڵسەنگاندووە و ئەوەش ناشارێتەوە کە ئەمڕۆکە بەشێکی زۆری دەرسەکانی قاسملوو لە لایەن ئەوانەوە کەوا خۆیان بە میراتگری ڕێبازەکەی دەزانن، پشتگوێ خراون. لە ڕوانگەی نووسەرەوە ئەمە نەخۆشییەکە کە تەنیا بە بەخۆداچوونەوەیەکی وردبینانەوە چارەسەر دەکرێ کە تێیدا پلەوپایەی تەشکیلاتی بۆ تۆڵەئەستاندنەوە، خۆ بەرزکردنەوەیەکی بێ بنەما و پەراوێزخستنی تواناکان بە کار نەهێندرێ.
نووسەر هەر وەها ئاماژە بە توانای دوکتۆر قاسملوو لە داڕشتنی بەرنامە و بەدامەزراوەییکردنی قەوارەی حیزب دەکا و دامەزراندنی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری و کۆمیسیۆنەکانی حیزبی بە یەکێک لە بەرهەمەکانی ڕێبەریی قاسملوو لە حیزبی دیموکرات دەزانێ.
هەروەها ئەم زنجیرە باسە، چارەسەری گرفتەکانی ئەمڕۆی حیزبی دیموکرات بە گەڕانەوە بۆ ڕێبازی قاسملوو، لە قاڵبێکی نوێ و هاوچەرخدا لە خۆ دەگرن. زمانی ڕەخنەگرانە، بەڵام چێکەر "Constructive"ی وتارەکان یارمەتیدەرە بۆ تیشک خستنەسەر هێندێک کۆسپی جیددی کە لە بەردەم داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمڕۆی حیزبی دیموکرات و بەگشتی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردستاندان.
بێگومان هەڵسەنگاندنی هەرە ڕەوا و دروست لە سەر ئەم زنجیرە باسە و هەموو بابەتێکی دیکە تەنیا هەر لە لای تۆی خوێنەری خۆشەویستە.

**عەبدوڵا حیجاب، خەرمانانی ٢٠١٤**

## پێشەکیی دانەر

لەوانەیە یەکەم کۆمەڵە پرسیار کە لە لای خوێنەری کتێبی " قاسملوو،مانیفیستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری" دروست دەبێ، ئەوە بێ کە مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە چییە؟ ڕەنگە خوێنەر پاشان لە کتێبەکەشدا بە دوای ژیاننامە، یان بیرەوەرییەکانی د. قاسملوودا بگەرێ. لەو رۆژەوە کە دوکتۆر قاسملوو بە سکرتێریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، رێبەرایەتی لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکێک لە جوانترین و پڕواتاترین قۆناغەکانی خۆی دەست پێ کرد. قاسملوو لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگی لە ئاستی سیاسی، ڕێکخراوەیی و پەیوەندییەکانی جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە جیهانی دەرەوە و ناوچەکەدا پێک هێنا.

رەمزی سەرکەوتنی قاسملوو، پێکهێنانی هەلومەرجی گونجاو بۆ پاراستنی پرەنسیبەکان و پێکهێنانی زەمینەی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناو بزاڤی نەتەوایەتیدا بەگشتی و لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی بوو. قاسملوو ڕێبەری سەردەمێک بوو کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە شۆڕشی پێشەسازییەوە بەرەو شۆڕشی زانیاری و سەدەی ڕاگەیاندن دەگواستەوە. زانست، زانیاری و ئاسۆبینیی ئەو، بووبوونە هۆی ئەوە کە پێش سەردەمەکەی خۆی، پێشبینیی قۆناغی دیموکراسیی زانستی بکا. بۆیە ئێستاش ٢٥ ساڵ دوای تیرۆرکردنی، سەرەرای ئەوەی کە بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرەو پێشەوە چووە، بەو حاڵەش ڕێبەرانی بزاڤی سیاسی لە رووی پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوێکی دیکە لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا، نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە پێویستەی زانست و ڕێبەری تاکو گۆرانکارییەکی بنەڕەتی لە دیسکۆرسی سیاسی و ستراتێژیی بزاڤی کورد لەو بەشەی کوردستاندا پێک بێنن.

قاسملوو بزوێنەری شەپۆلی فەرهەنگی ڕێبەرایەتی بوو لە کوردستاندا و توانیی حیزبێکی

نەریتی و گرێدراوبکاتە حیزبێکی مۆدێرن، پێشکەوتوو، سەربەخۆ و خاوەن ستراتێژی، بە بەرنامە، بنەما ئەخلاقی، بایەخەکانی سەردەم و رێبەریی بەکۆمەڵ، رێبەری لە ناو خەڵک وهەروەها پرەنسیبەکانی رێبەریی بەکردەوە بکاتە رۆژەڤی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد.

ئەم پەرتووکە بریتییە زنجیرە وتارێک بۆ هێنانە بەرباسی مێتۆدی رێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا و هەروەها بەرزکردنەوەی گرینگیی رۆڵی رێبەری ، نەمازە رێبەریی ئاڵوگۆرخواز و رێبەریی ٣٦٠ پلە لە هەلومەرجی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتیدا. لەم کتێبەدا گرینگترین خاڵگەلی پەیوەندیدار بە هونەری رێبەری و مێتۆدی رێبەریی دوکتۆر قاسملوو بە کەڵکوەرگرتن لە دوایین تیورییەکانی زانستی رێبەری باس کراون. لەژێر تیشکی دەرسەکانی ڕێبەرایەتیی د. قاسملوودا، ئەو تایبەتمەندییانەی کە رێبەرێک دەبێ هەیبن، خراونەتە بەر باس وکاریگەریی رێبەری لە سەر ژیانی خەڵک و ئەوانەی کە لە گەڵ رێبەر کار دەکەن، نیشان دراون.

هەر مرۆڤێک لە رەوتی ژیانی خۆیدا، دەتوانێ لەسەر ژیانی هەزاران کەس شوێن دابنێ. پرسەکە لەوەدا نییە کە داخوا لەسەر کەسانی دیکە شوێن دادەنێین یا نە، بەڵکوئەوەی گرینگە چۆنیەتیی شوێندانانەکەمانە. ئامانجی ئەو بەرهەمە هاوکاریکردنی خوێنەرانە بۆ بەهێزکردنی توانای رێبەرییان وهەروەها سەرکەوتنیانە لە کاروباری تایبەتی و رێکخراوەییاندا. ئەگەر بمانەوێ نەوەکانی دوارۆژمان سەرکەوتوو بن و قوربانیی کەمتر بدەن، گەر بمانهەوێ لە خەبات و کاری رێکخراوەیی خۆماندا سەرکەوتوو بین، یەکەم هەنگاو بەهێزکردنی ئاستی رێبەریی خۆمانە. پوختەی پەیامی پەرتووکەکە ئەمەیە: خەبات لەپێناو رزگاریی نەتەوایەتی و بەرەوپێشبردنی بزاڤی دیموکراتیکی گەلی کورد لە هەر هەلومەرج و قۆناغێکدا،زێدەباری هەرجۆرە کێشە و قەیرانێک؛ بۆ تێپەربوون لێیان پێویستی بە رێبەرایەتییەک هەیە کە وەڵامی سەردەم بداتەوە و بە کەرەستەی پێویستی رێبەری و چارەسەری و بەرێوەبردنی کێشەکان ئەرکی مێژوویی رێبەرایەتیی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان راپەڕێنێ.

قاسملوو ڕچەشکێنی خەبات دژی خەباتی نەریتی بوو. ڕێبازی قاسملوو نوێگەرا، پێشکەوتنخواز، دیموکرات و خاوەن بنەماکانی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزییە. ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کورد و کوردستان.

٢٥ ساڵ دوای کارەساتی تیرۆری قاسملوو، ئاستی وشیاری و بەربڵاویی خەباتی نەتەوایەتی ئاسۆیەکی نوێی خولقاندووە.ئاسۆیەکی جیاواز،ئاسۆیەکی بەهێزتر بەڵام، نەرمتر.بەرینیی ئەو ئاسۆیەش پڕە لە ئاشتی، نەرمی و خۆشەویستی. بەو هیوایە توانیبێتم بەرامبەر بە شەهیدان و خەباتکارانی رزگاری نەتەوەکەم ئەمەگناس بووبم. هیوادارم خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەڵامی خاڵانەی سەرەوەی دەست بکەوێ و زیاتر وەدوای ئەوسەرەداوانە بڕوا کە ئاماژەم پێ کردوون.

**مەجید حەقی**
**هێلسینکی ١٣,٧,٢٠١٣**

# قاسملوو رێبەرێک
# کە سیمای مرۆڤانەی بە حیزبێکی نەریتی بەخشی

لــە رەوتــی خەباتــی نەتەوایەتیــدا رێکخــراو، بڕبــڕەی پشــتی کۆمەڵگەیــە و رێبــەر گرینگتریــن ڕۆڵ لــە ژیــان، هەســتانەوە، گەشەســەندن، پێشــکەوتن و تەنانــەت لــە ناوچوونــی رێکخراوەکــەدا دەگێــڕێ. رێبــەر، رێکخــراو لــە "ڕەوشــی وەک خۆیــەوە" بــەرەو "ڕەوشــی دڵخــواز" دەبــا و هــەرگاڤ لــە پێنــاوی داهاتوویەکــی چاکــتردا خەبــات دەکا. ڕابــردوو، ســەرەڕای گرنگــی و ئەزموونەکانــی بــۆ داهاتــوو، بــەڵام شــتێکە کــە بــووە، تــێ پەڕیــوە وتــازە ئیــدی هیــچ هێزێکــی مرۆڤــی ناتوانــێ بیگــۆڕێ یــان بــە شــێوەیەکی دیکــە و جیاوازتــر لــەوەی کــە بــووە ســەر لــە نــوێ بیخوڵقێنێتــەوە. بــەڵام داهاتــوو لــە ڕێدایــە و بەشــێکی زۆری پێوەنــدی بــەو شــتانەوە هەیــە کــە "ئەمــڕۆ" ڕووی دەدەن. زۆر جــار وتــە یــا تێڕوانینەکانــی رێبەرێــک لــە هەلومەرجێکــی تایبەتــدا، دەبنــە هــۆی وەرچەرخانێکــی گرنــگ لــە داهاتــوو و بیــروڕای گشــتیدا. دوکتــۆر قاســملوو لــە وەڵامــی پرســیارێک کــە داخــوا "قــەوڵ دەدەن کــە کــوردەکان تەنیــا بــە خودموختــاری (خۆبەڕێوەبــەری) ڕازی بــن و داوای شــتی زیاتــر نەکــەن؟" دەڵــێ: "خودموختــاری ویســتی نەســڵی ئەمڕۆیــە، نەســڵەکانی داهاتــوو مافــی خۆیانــە شــێوەی چارەنووســی خۆیــان دیــاری بکــەن." بزاڤــی نەتەوایەتــی دەبــێ توانایــی ئــەوەی هەبــێ کــە بەشــی نەوەکانــی داهاتــوو لــە دیاریکردنــی چارەنووســی خۆیــان و پێگــەی ئــەوان لــە ناوچــە و جیهانــدا شیکردنەوەی هەبــێ و کۆمەڵــگا بــەرەو ئــەو ئامانجــە ڕێنوێنــی بــکا. بۆیــە پرســی "رێبــەری" گرنگتریــن گوتارێکــە کــە دەتوانــێ لــە ســەر گەشــەکردنی فەرهەنگــی

ڕێکخراوەیـی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و سیاسـیی کۆمەڵگـە شـوێن دابنـێ.
کاتێـک بـاس لـە سـیمای مرۆڤـی ڕێکخـراو یـان حیزبێکـی سیاسـی دەکـرێ، بـاس لـە دیسکۆرسـێکی نـوێ دەکـرێ. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە دوکتـۆر قاسـملوو لـە ڕۆژی هەڵبژێرانییـەوە وەکـو سـکرتێری گشـتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پارادایمێکـی نوێـی لـە نـاو حـدکادا جێگیـر کـرد کـە بایـەخ دەدا بـە توانـا و بڕوابەخۆبوونـی مرۆڤـی کـورد، هەروەهـا گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی مـرۆڤ وەک تـاک و ئەندامـی کۆمەڵگـە بـە بنەمـای جووڵانـەوەی میللـی – دیموکراتیـک دەزانـێ.
قاسـملوو لـە سـەردەمانێکدا دەسـتی بـە داهێنانـی مۆدیلـی ڕێکخراوەیـی و سیاسـی کـرد کـە لـە ڕوانگـەی زۆر کەسـەوە ئـەو مۆدیلـە یـا "نامومکیـن" بـوو یـا خـود بەهـۆی زاڵبوونـی کەشـی ئایدیۆلـۆژی چـەپ بـە تاوانێکی نەبەخـشراو دەزانـرا. دوکتور قاسـملوو بـە شـیانی خـۆی توانیـی ئـەو شـێوە کارە بـکا بـە "مومکیـن" و ناسـنامەی حیزبەکـەی لـە حیزبەکانـی دەوروبـەر( چ نەتەوەیـی و چ چـەپ و چینایەتـی) جیـا بکاتـەوە، و ناسـنامەیەکی پـێ ببەخشـی کـە حـدکا هـاوکات لـە گەڵ ئـەوەی کـە دەبێ بـە حیزبێکی پێشـکەوتوو و دیموکـرات، دەبـێ بـە حیزبێکیـش کـە بـۆ مافـە نەتەوایەتییەکانـی گەلـی کـورد خەبـات دەکا و لـە هەمـان کاتیشـدا خەبـات وەدیهێنانـی کۆمەلگایەکـی دادپەروەرانـە لـە بیـر نـاکا و سـێ گۆشـەی دیموکراتیکـی مافـی نەتەوایەتـی، یەکسـانیی کۆمەڵایەتـی و دادپەروەریـی ئابـووری دەکاتـە بناغـەی خەباتـی خـۆی.
بەکورتـی بنەماکانـی سـیمای مرۆڤانـەی ڕێکخراوێـک کـە قاسـملوو ڕێبەریـی دەکـرد بریتیـن لـە:

- بەشداریی کاریگەری ئەندامانی حیزب لە هەموو پرۆسەکانی بڕیارداندا
- گرنگیـدان بـە گەشەسـەندنی تـاک، ڕێکخـراو و پاراسـتنی کەرامەتـی مرۆڤیـی ئەندامـان
- نەهێشـتنی ناهەماهەنگیـی نێـوان پێداویسـتییە تاکەکەسـی و ڕێکخراوەییەکان لـە ڕێـگای فۆرمۆلەکردنـی جـۆری پیوەندیـی ئۆرگانەکانـی سـەرەوە و ئۆرگانەکانـی خـوارەوە و هەروەهـا ئاسـتی داهـات و یارمەتیـی ئەندامـان و بەرپرسـان
- ڕەچاوکردنـی مۆدیلـی قەناعـەت پێکردنـی ڕاسـتگۆیانە لـە ڕێـی دیالـۆگ و

گفتگۆی زینـدووی ناوخۆیـی و هەروەهـا لەناوبردنـی دژبەرییەکانـی نـاو کۆمەڵگـە، بـەدوور لـە چاوپۆشـی و پەراوێزخسـتن.

• بەچەسپاندنی قەناعەتێکی وا کـە گەشەسـەندنی مـرۆڤ لـە خـودی مرۆڤـەوە دەسـت پـێ دەکا، و بـە بـڕوا بەخۆبـوون، خـۆ تاقیکردنـەوە و سـەربەخۆیی تاکـی کـورد، پێوەندییەکانـی لەگـەڵ دەوروبـەر و ژینگـەدا دیـاری دەکا و گەشـەیان پـێ دەدا.

بیسـت و پێنـج سـاڵ دوای لەدەسـتچوونی قاسـملوو، روونـە کـە ئەمـرۆ رێبەرسـازی، بـەو شـێوەیەی کـە لـە بیسـت سـاڵی رابـردوودا لـە نـاو حـدکا بـاو بـووە – واتـە ئـەوەی کـە بەرهەمـی هەوڵـی فەرمیـی رێکخراوەیـی بـێ، کاردانەوەیەکـی ئەرێنـی لەسـەر بەرێوەبەریـدا نەبـووە. بەڵکـو رێبـەری بەرهەمـی جـۆری بیرکردنـەوە و هەڵسوکەوتی کەسـی یەکەمـی رێکخـراو یـان رێبـەری رێکخراوەیـە، کـە دەبێتـە هـۆی گەشـەکردن یان لاوازبوونـی رێکخراوەکـە و جـۆری پێوەندییـە ناوخۆییەکانـی. پێشـکەوتنی کەسـایەتیی رێبـەری شـوێندانەر لەسـەر چارەنووسـی تـەواوی رێکخـراو ئـەو سـیما مرۆڤانـەی قاسـملوو بـوو کـە حیزبەکـەی لـە ماوەیەکـی کورتـدا کـردە گرینگتریـن ئەکتـەری سیاسـی و کاریگـەر لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و سەرانسـەی بزاڤـی نەتەوایەتیـدا، بـە شـێوەیەک کـە حـدکا بـوو بـە هێزێکـی بـە بانـدۆر لـە نـاو ئۆپۆزسـیۆنی سەرانسـەریی کۆمـاری ئیسـلامیدا. هـەر ئـەم تایبەتمەندیـەش بـوو کـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی بـۆ ئەنجامدانـی تاوانـی ٢٢ی پووشـپەری سـاڵی ١٩٨٩ لـە ڤیەنـی پایتەختـی ئۆتریـش هـان دا.

# قاسملوو و ڕێبەریی ستراتێژی

گۆڕانــی کۆمەڵگــە لــە گۆڕانــی حیزبــەکان و تەنانــەت دەوڵــەت جیــا ناکرێتــەوە. لــە کــەس شــاراوە نییــە کــە ســەرکەوتنی حیزبــەکان و گەشەســەندنی کاری ڕێکخراوەیــی، پێشــکەوتنی میدیایــی و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانیــان شــوێن لــە ســەر ئاســتی هەســتی بڕوابەخۆبوونــی کۆمەڵگــەی کوردســتان و پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتــی - سیاســی و ئابووریــی نیشــتمانی دادەنــێ.

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئاســەواری خراپــی ناســیۆنالیزمی نەریتــی لــە دەیەکانــی پەنجــای زایینــی لــە کوردســتان و ســێکتاریزم و تاکڕەویــی حیزبــە چەپــە ئێرانییــەکان بــە ســەر ڕەوتــی گەشەســەندنی بزاڤــی نەتەوایەتیــی کــوردەوە لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتاندا، د. قاســملوو لــە ســاڵەکانی ســەرەتای ڕێبەریــی خۆیــدا، لانیکــەم دوو دەســکەوتی گرینگــی بــۆ حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران وەدی هێنــا کــە ئاســەوارەکانیان تــا ئەمــرۆش لەســەر حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران دەبینــدرێــن و لــە زۆر بــوارەوە ئــەو حیزبــە، ســەرەرای ئــەو کەموکورییانــەی کــە بەهــۆی ژینگــەی سیاســی ئێســتای کوردســتان و ئێــران و هەروەهــا قەیرانــی ڕێبــەری (بحــران رهــبری) لــە نــاو بزاڤــی کــورد بەگشــتی و لەنــاو حیزبــی دیموکــرات بەتایبەتیــدا، بەســەریدا ســەپاوە، - لــە پــارت و ڕێکخراوەکانــی دیکــەی کوردســتان، جیــا دەکاتــەوە. قاســملوو وەک یەکــەم هەنــگاو، حیزبــی دیموکراتــی بــەرەو ســەربەخۆیی سیاســی و ڕێکخراوەیــی ڕێبــەری کــرد. بــەوەش فەلســەفەی باوەڕبەخۆبــوون، ســەربەخۆیی مرۆڤــی وەک تــاک و وەک بەشــێک لــە کۆمەڵگــەی پــەرە پــێ دا کــە پێوەندییەکانــی لەگــەڵ جیهانــی دەرەوە لــە ســەر بنەمــای

بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتی و لە چوارچێوەی بنەما ئەخلاقییەکانی ڕەوشتی سیاسی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و بەها مرۆڤانییەکان بوو.

هەنگاوی دیکەی د. قاسملوو لە کۆنگرەی شەشەمی حدکادا، وەڵامدانەوە بەو پرسیارە بوو: کە گەر بێت و مافی دیاریکردنی چارەنووس کە ئەوکات لە دروشمی "خودموختاری"دا خۆی دەنواند، جێبەجێ کرا، ئەرک و رساڵەتی حیزب چی دەبێت و چۆن کۆمەڵگە بەرەو دوامەنزڵی بەختەوەری و پێشکەوتن ڕێبەری دەکا. هەڵبژاردنی سۆسیالیزمی دیموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب نە تەنیا دیاریکردنی ستراتێژی درێژخایەنی ئەو حیزبە بوو، بەڵکو دیاریکردنی ئەرکێکی ئەمرۆییش بوو بۆ ئەوەی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان تەنیا ڕەهەندی ناسیۆنالیستیی نەبێت و  پرسە جڤاکی و کۆمەڵایەتییەکانیش وەک پرسی ژنان و نەریتە کۆنەباوەکانی کوردستان هاوشانی خەبات بۆ رزگاریی نەتەوە بەرەو پێش ببردرێن. هەرچەند بەداخەوە ئەو ڕەهەندە لە خەبات دوای تیرۆری د. قاسملوو و شەرەفکەندی پەراوێز خراوە. هەوڵی قاسملوو ئەوە نەبوو پێوەندییە کۆنەباوەکان بپارێزێ و کۆمەڵگە وەک خۆی بهێڵێتەوە، بە شێوەیەک کە ڕەوشی "مەوجوود" ببێتە بنەمای پێوەندیی نێوخۆیی حیزب. بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ کوردستانی بێ و ئەندامانی حیزب کوردستانی بیر بکەنەوە، یەکێک لە بزاڤە هەرە گرنگەکانی قاسملوو هەوڵدان بوو بۆ خاشەبەڕکردنی دیاردەی نێپۆتیزم (خزمگەرایی و ناوچەگەرایی) لە ناو حدکادا. دیاردەیەک کە  لە ساڵانی ڕێبەرییدا، بەرەبەرە جێی خۆی دەدایە لێهاتوویی مرۆڤ یا شایستەسالاری و ڕێبەریی تواناییەکان - هەر بەداخەوە دوای شەهیدبوونی قاسملوو، حیزبی دیموکرات ڕاست لە سۆنگەی نەخۆشیی نیپۆتیزمەوە تووشی نسکۆ و داکشان هات و هەلی گەشەسەندنی لێی ئەستێندرایەوە.

هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوودا لە حدکادا دامەزرابوون، بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارگەلێکی درێژخایەن و پەروەردەی کادر و شارەزا بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ڕێکخراوەیی و ئیداریی حیزب و کۆمەڵگە بوون. نزیکبوونەوەی قاسملوولە پرسەکان نزیکبوونەوەیەکی ستراتێژیک

بـوو و مێتـۆدی ڕێبەریـی ئـەو "ڕێبەریـی سـتراتێژی" بـوو. بـە خوێندنەوەیەکـی خێـرای "کورتـە باسـێک لـە سـەر سۆسـیالیزم"، دەگەینـە ئەوئەنجامـە کـە لـە ڕوانگـە قاسـملووەوە، کاری ڕێکخراوەیـی و حیزبـی سیاسـی گەشـەکردنی سـتراتێژییە (crafting strategy). سـتراتێژی بریتـی لـە پلانێکـە بـۆ داهاتـوو کـە هێـزی خـۆی لـە ئەزموونەکانی ڕابـردوو و خەونەکانـی داهاتـوو وەردەگرێـت. سـتراتێژی پلانێکـە، کـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی ڕێکخـراو و جـۆری هەڵسـوکەوتی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی پێکـەوە گرێ دەدا. سـتراتێژییەک کـە بەجوانـی دارێژرابـێ دەبێتـە هـۆی پێشـکەوتن و گەشەسـەندن و توانایـی ڕێکخـراو بـۆ بەرەورووبوونـەوەی لێگـەر و چالشـەکان بـەرز دەکاتـەوە.

دەڵێـن بـۆ ئـەوەی پێشـبینیی داهاتـوو بکـەی، پلانـی بـۆ دابرێـژە. بـەو پێیـە قاسـملوو لە مـاوەی ژیانـی خۆیدا، وەک ڕێبەرێـک، کۆمەڵێـک پرسـیاری گرنگـی سـتراتێژیکی هێنایـە نـاو بزاڤـی نەتەوایەتیـی کـوردەوە، کـە وەڵامدانەوەیـان بـە کورتـی لـە گرینگتریـن ئەرکەکانـی ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دیموکراتـن:

١. دیاریکردنـی ئاسـۆی بزووتنـەوە و حـدکا لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بـە پێـی ئـەوەش دیاریکردنـی ئامانجگەلـی دوورونزیکـی حیـزب و شـیکردنەوەی ئەرکەکانـی ئەمـرۆی بزاڤەکـە.

٢. پێشـبینیی گۆرانکارییەکانـی ژینگـەی چالاکـی حیـزب: چاوەڕوانییـەکان لـە داهاتـوو و سـیناریۆکانی ژینگـەی سیاسـی

٣. هێلەگشـتییەکانی پێوەندیـدار بـە سـتراتێژی و ئامانجـی داهاتـووی حیزبـی دیموکراتەوە.واتـە ئـەو ئامانجـە درێژخایەنانـەی حیـزب کـە ڕێکخـراو بـۆ خـۆی دەروەسـت بـکات.

٤. دیاریکردنـی بەرنامـەی کورتخایەنـی گەشەسـەندنی ڕێکخراوەیـی و سیاسـی حیـزب. دارشـتنی پلانـی ئۆپێراتیـڤ بەپێـی ڕەوشـی ئەمـرۆ و پێشـبینیی ئاڵتەرناتیڤگەلـی چالاکـی بـۆ داهاتـوو و بەرنامەبۆدارشـتنیان.

٥. گۆڕانـی جـۆری چالاکـی و هەلسـوکەوتی حیزبـی و گونجاندنـی چالاکیـی حیـزب لـە گـەل سـتراتێژی و ئامانجـە درێژخایەنـەکان و لەبەرچاوگرتنـی پێویسـتیی نـەوە جۆراوجـۆرەکان.

دواجـار ئامانجـی قاسـملوو پێکهێنـان و داڕشـتنی سـتراتێژییەک بـوو کـە لـەودا شـێوەی کار و سـیناریۆ ناوچەییـەکان و ئامانجـی دواڕۆژ، پێکـەوە گونجـاو بـن و هەلومەرجـی ئـەو نەوانـەی لـە خەبـات بەشـدارن لـە بەرچـاو بگیـرێ و لـە رەوتـی بڕیاردانـدا بەشـداریان بـکا.

# قاسملوو بەرزکەرەوەی شیانی رێبەریی بە کۆمەڵ
# وتاری ٣

جەک وێلش (Jack Welch) بەرێوەبەر و مودیری هەڵبژاردەی سەدەی رابردوو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەڵێت: "رێبەرێکم دەوێت کە بتوانێت بە هێزی سەرنجراکێشی خۆی، خەڵکانی دیکە وەجۆش بێنێ. بتوانێ بۆچوونەکانی خۆی شی بکاتەوە. کەسێک کە لە گۆڕانکاری نەترسێ و لە بەرامبەریدا دەستەوژنۆ دانەنیشێ."

لە سەردەمانێک کە قاسملوو وەک رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە دەست دوو جەمسەری نەریتگەرایی و لایەنگری لە نەریتی رێبەرانی پێشوو و گرێدرانیان بە شۆرشی باشووری کوردستان، نەمازە پارتی دێموکراتی کوردستانی ئەو کات و هەروەها لایەنگری و فەرهەنگی زاڵی توودەئیزم قەوارەی تۆڕە ئەمنیەتییەکانی ناو حیزبێکی چەپی نەریتییەوە دەیناڵاند. لە لایەکی دیکەوە دروشمەکان و بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی دیموکرات، بەرهەمی بیری سەردەمی کۆماری کوردستان و کۆمەڵگەی فیودالی بوو. پرسی گۆڕانی حیزب و سەربەخۆیی تەشکیلاتیی لە حیزبی توودە و هەروەها پێکهێنانی ناسنامەیەکی نوێ و سەردەمیانە بۆ حیزب، ئەرکێک بوو کە قاسملوو وەک یەکەم هەنگاوی رێبەرایەتیی خۆی هەڵی گرت و نیشانی دا ئەو رێبەرێکە کە "گۆڕانی نامومکینەکان بۆ ئەو مومکینە" و ئەو نە تەنیا بەرێوەبەر بەڵکو "رێبەر"ێک بوو پڕبەپێستی وشەی ڕێبەری.

جیاوازیی نێوان ڕێبەر و بەڕێوەبەر، لەو وتەیەی "جەک وێلش"یشدا دەبیندرێ کە دەڵێت: " بەڕێوەبەران لە گۆڕانکاری دەترسن - و پارێزەری وەزعی مەوجوودن و ڕاگرتنی وەزعی مەوجوود بە گەورەترین سەرکەوتن دەزانن – بەڵام ڕێبەران هێزی گۆڕانکارییان هەیە و بۆ ڕێنوێنیی کەسانی ژێردەستیان و نیشاندانی ڕێگای نوێ هەمیشە ئامادەن."

مرۆڤێک کە بیهەوێ ڕێبەریی کۆمەڵگە یان حیزبێک بکات دەشێ لە چوار بواردا خۆی پێ بگەیەنێت: پێوەندییەکان، تەداروکات، جۆری ڕوانین و ڕێبەری.

قاسملوو لەو چوار بوارەدا خۆی پێی گەیاند، کاری کرد و لە هەرکام لەو بوارانەدا کارنامەی ئەو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی خەبات و کەرەستەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد هەتا ئەمرۆش، زێڕینە و کەسێکی دەگمەنە لە ناو جڤاکی کورددا. قاسملوو لە پێوەندییەکانی خۆیدا، چ لە پێوەندیی مرۆڤانە لە گەڵ هاوسەنگەران و هاورێیانیدا، چ لە گەڵ خەڵکی ئاسایی و ناوەندە ئەکادمی و زانستی و دیپلۆماسییەکاندا دەیتوانی خۆی بەپێی هەلومەرج و هەڵکەوتەکەی بگونجێنێ و لە ناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا دەوری ڕێبەری بگێڕێ.

ئەوانەی کە پێشمەرگەی سەردەمی شەڕی چەکداری بوون، لەوانەیە چاک لەبیریان بێت، کاتێک بنکەکانی ڕێبەری حدکا بۆ قەندیل دەگوێزرانەوە و بنکەکانی دەفتەری سیاسی، و فێرگەی سیاسی - نیزامی و هەروەها شوێنی ژیان و حەوانەوەی بنەماڵەکانی حیزبی دادەمەزران، قاسملوو، چەندە بە پەرۆش بوو کە هەر شتێک لە شوێنی خۆی بێت و بە شێوەیەکی هاوگونج لەگەڵ ژیانی سەردەم و وێنەیەک لە ژیانی تەنا و ئاسوودە بۆ بنەماڵەکان و خەباتکارانی حیزب پێک بێنێ. هەروەها هەوڵی دەدا بەپێی دەرفەتی ئەو کاتەی حیزب هەموو لایەنەکانی ئەولەکاری، ئاسایشی کار و ئاسوودەیی ژیانی پێشمەرگەکان وەدی بهێندرێ. ئەوکات زۆر لە توندرەوەکانی چەپی کۆنەباوی سەردەم، قاسملوو و حیزبەکەیان بە بورژوا و "ویلا نشین" تاوانبار دەکرد، بە بێ ئەوەی بزانن قاسملوو ئەو ژیانە دەژیت، کە ئاواتی بۆ دەخوازێت و گوند و بنکەکانی حیزبی بە شێوەیەکی دامەزراندووە کە لانیکەمی ژیانێکی تەنایان بۆ خەڵک تێدا بێ و کۆمەڵگەیەکی دڵخواز دابمەزرێ.

لـە سـەردەمێکدا کـە کۆمەڵگـە بووبـووە قوربانیـی شـەری ئایدیۆلۆژیگەلـی چـەپ و ڕاسـت و ئیسـلامی تونـدڕەو، دۆزینـەوەی هێڵێکـی ناوەراسـت کـە لەلایـەک بتوانێـت نـرخ و بەهـای هاوبەشـی ئامانجـە نەتەوایەتییـەکان بێـت و لەلایەکـی تـرەوە پرسـیارە چینایەتـی و ئابوورییـەکان وەڵام بداتەوە،وەڵامـی چۆنیەتیـی دابەشـکردنی سـەرمانی نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتـی بێـت و هەروەهـا ئامانجـی یەکسـانیی کۆمەڵایەتـی بێـت، پێویسـتی بـە ژیرییەکـی سیاسـیی تایبـەت هەیـە. حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لەژێـر ڕێبەرایەتیـی قاسـملوودا توانیـی بەشـی کردنەوەیەکـی پێشـکەوتوانە و خەڵـک پەسـەندی ڕوانینـی سیاسـیی خـۆی، ببێتـە مەکـۆی یەکگرتـووی زۆربـەی هـەرە زۆری ویسـتی خەڵکـی کـورد و لـە نـاو حیزبـی دیموکراتـدا سـیکۆلار، ئایینـی، خواپەرسـت و کەسـانی لائیـک تاکـو پێکـەوە لـە پێنـاو ئامانجێکـی گەورەتـر خەبـات بکـەن.

گرینگـتر لـە هەمـوو ئەوانـەی لـە سـەرەوە ئاماژەیـان پـێ کرا،ئـەوە هونـەری ڕێبەریـی قاسـملوو بـوو کـە توانیـی سـێ تایبەتمەنـدی پێشـوو پێکـەوە گرێ بـدات و یەکەیەکـی هاوگونـج سـاز بـکات. هونـەری قاسـملوو لـەوەدا بـوو کـە ویسـتی گـەورەی خەڵـک لـە چوارچێـوەی زمانـی سـادە و سـاکاری سـەردەمدا بێنێتـە بـەر بـاس بـە شـێوەیەک کـە جوتیارێکـی نەخوێنـدەوار، بازارییەکـی شارنشـین و کەسـێکی ئەکادیمـی ویسـتەکانی بـە ویسـتی خـۆی بزانێـت و بـە تامەزرۆییـەوە گوێیانـش لـێ بگـرێ.

هـەرکام لـە ئێمـە، لـە مـاوەی ژیانـی خۆمانـدا لەسـەر هـەزاران کەسـی دیکـە شـوێن دادەنێیـن. گرنـگ ئـەوە نییـە کـە ئێمـە کار دەکەینـە سـەر کەسـانی دیکـە یـا نـە، گرنـگ چۆنیەتیـی شـوێندانانەکەیە. یەکێـک لـە ئامانجەکانـی قاسـملوو لـە بەهێزکردنـی توانایـی ڕێبـەری و هەوڵـدان بـۆ گەشەسـەندنی ڕیبەریـی بەکۆمـەڵ، بەهێزکردنـی ڕێبەریـی گشـتی و توانـای ڕێبەرایەتـی حـدکا بـوو. ئـەو پێـی وابـوو گـەر ئێمانهـەوێ جووڵانەوەیەکـی بەهیزمـان هەبـێ، گـەر ئێمانهـەوێ لـە خەباتەکەمانـدا سـەرکەوتوو بیـن و گـەر ئێمانهـەوێ ببینـە سـەرچاوەی گۆڕانـکاری لـە کۆمەڵگـەدا، دەبـێ ئاسـتی ڕێبەریـی خۆمـان بـەرز بکەینـەوە و لـەو پێنـاوەدا لـە مـاوەی کورتـی ڕێبـەری خۆیـدا، هەوڵێکـی بـێ وچانـی دا بـۆ پـەروەردەی ڕێبەرانـی داهاتـوو. بـۆ ئـەوەی کـە "ئەگـەر ڕۆژێـک ئەنـدام یـان چەنـد ئەندامێکـی ڕێبەریـی حیزبیـش نەمێنـن، حیزبـی دیموکـرات هـەروا

بتوانێ وەک ڕێبـەری جووڵانـەوەی نەتەوەیـی – دیموکراتیـک بهێنێتـەوە".
توانـای ڕێبـەری پێوانەیەکـە بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتی شـوێندانەریی هـەر کەسـێک. هەرچـی توانـای ڕێبەرێـک کەمـتر بـێ، ئاسـتی کاریگەریشـی نزمـترە و بەپێچەوانـەش کارایـی و شـوێندانەرییەکەی زیاتـر و قووڵـترە. شـیانی ڕێبـەر چ بمانهـەوێ چ نەمانهـەوێ ئاسـتی کارامەیـی ئێمـە و کارکردی گشـتیی ڕێکخراو دیار دەکا. سـەرکەوتن و پێشـکەوتن لـەو هەلانـەن کـە بـۆ هەمووکـەس هەڵدەکـەون. بـەڵام بازنـەی سـەرکەوتن لـە ژیانـی ڕێکخراوەییـدا بـە بـێ ڕێبەرێکـی توانـا و شـیاو سـنوورداره. نەبوونـی ڕێبەرێکـی بەتوانـا کاریگـەری و ئاسـتی نفووزمـان کـەم دەکاتـەوە. قاسـملوو وەک ڕێبەرێـک بـاش لـەو پرسـە گەیشـتبوو و دەیزانـی گـەر بمانهـەوێ لـە ژیانـی سیاسـیدا سـەرکەوتوو بیـن، دەشـێ لـە ڕێبەرایەتیکردنـدا بەتوانـا بیـن. گـەر بشـمانەوێ شـوێندانەربین و ئاسـتی نفـووزی سیاسـیمان بەرینـتر بـێ، دەبـێ نفـووزی خۆمـان زیاتـر بکەیـن و ئەنجامـی هـەر کارێـک گـرێ دراوە بـە هەبوونـی توانایـی ڕێبەریکردنـی خەڵکانـی دیکـەوە. لـەو ڕووەشـە بـوو لـە مـاوەی ژیانـی خۆیـدا بـۆ پـەروەردەی ڕێبەرانـی تـازە بـۆ جوولانـەوە هەولێکـی بـە وچانـی دەدا و لـە هەوڵـی سـازکردنی گـەڕی ڕێبـەری لـە نـاو نوخبەکانـی سـەردەمی خۆیـدا بـوو.
شـیانی ڕێبـەری هـەرگاڤ ئاسـتی کارایـی ڕێکخـراو و تاکەکـەس دیـاری دەکات. گـەر ئاسـتی توانایـی ڕێبـەر بـەرز بێـت، سەرپۆشـی ڕێکخراویـش بـەرزە و گـەر ڕێبـەر یـان ڕێبـەری بـێ توانـا بـێ، دەسـت و پێـی ڕێکخراوەکـەش دەبەسـتێتەوە. بۆیـە ڕێکخـراوەکان لـە کاتـی سـەرهەڵدانی تەنگـەژە و قەیرانـدا بـە شـێوەیەکی سروشـتی دوای ڕێبەرانـی نـوێ دەگەڕێـن. کاتێـک حیزبێـک تووشـێ هەڵبـەز دابـەزی زۆر دەبـێ، گۆڕینـی ڕێبەرایەتـی ویسـتێکی سروشـتی و نووژەنکردنـەوەی پێویسـتییەکی بنگەهینـە. هـەروەک چـۆن ئەگـەر لـە وڵاتێکـی دیموکراتیکـدا سـەرۆک کۆمارێـک نەتوانـێ وڵاتێـک لـە قەیـران دەربـاز بـکات، سـەرۆکی نـوێ هەڵدەبژێـردرێ و لـە وڵاتانـی تۆتالیتەریشـدا شـۆرش پێـک دێـت بـۆ گۆڕانـی بنەڕەتـی سیسـتەمی بەڕێوەبەریـی وڵات.
بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕێبـەری تەنیـا ڕێـگای پێشـکەوتنی حیـزب و ڕێکخـراوەکان نییـە. بـە بـێ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی گشـتیی ڕێکخـراو و هێـزی بڕوابەخـۆ و توانـای گشـتیی

ڕێکخراوەکـە لەهەمـوو ئاسـتەکانی خۆیـدا، ڕێبەریەکـی بەهێـز دەبێتـە دوڕگەیـەک لـە دەریایـەک لـە شـەپۆلی بەرامبـەر دژبـەردا. بۆیـە قاسـملوو وێـرای هەوڵـدان بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕێبەریـی حیـزب و پـەروەردەی کادیـر و ڕێبەرانـی داهاتـوو بنیاتـی پـەروەردەی گشـتی و سەرانسـەری لـە نـاو حـدکادا دامەزرانـد، کـە ئەمڕۆکـە بەداخـەوە، بـە گۆڕانێکـی زۆر کـەم درێـژەی هەیـە.

ڕێبەرانـی ڕاستەقینە ئـەو کەسانەن کـە دەتوانـن هێزێکـی گشـتیی جـووڵان و دینامیکی پێشـکەوتن لـە نـاو ڕێکخراوەکانیـان و خەڵـك پێـک بێنـن. ئەمـڕۆ یەکێـک لـە گرنگتریـن لێگـەر و چالشـی بـەردەم ڕێبەرایەتیـی حـدکا ئەوەیـە کـە:

- ئاستی توانا، پـەروەردە و چۆنیەتـی و کوالیتیـی کادرەکانـی خـۆی لـە هەمـوو ئاسـتەکانی ژیانـی حیزبیـدا بـەرز بکاتـەوە و
- خـۆی لـە ڕێبـەری مرەخـەس بـکا. بـەو واتایـە کـە نەوەیـەک پـەروەردە بـکا کـە بتوانـی بـە بـێ ئەویـش ڕێبـەری میراتەکـەی بـکا.

جێبەجێکردنـی ئـەو پێویسـتیانە بـە ئاسـتی مشـووری ڕێبەرانـی ئەمـڕۆی حیزبـی دیموکـرات و ویسـتی ئـەوەی کـە ئەوانیـش وەک ڕێبوارانـی قاسـملوو دەیانهـەوێ چ میراتێـک دوای خۆیـان بەجـێ بێڵـن، گـرێ دراوە.

# هونەری ڕێبەریی بەها و بایەخەکان
# وتاری ٤

مرۆڤ لە ناخی خۆیدا هەست بە گرنگیی بایەخ و بەهاکان دەکات. شیکردنەوەی وردی بایەخەکان کارێکی ئەستەمە. بایەخ بابەتێکە کە بەزەحمەت بە شێوەی کۆنکرێت و دیاریکراو شرۆڤە دەکرێ. مژاری وا کەرەستەی بیرکردنەوەن. کەوابوو بیری کراوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی مژارەکان هەیە. بۆ ئەوەی نەتەوەیەک ساز بکرێت، پێویستمان بە پێکهێنانی بەها و مژارە هاوبەشەکانە.

بەهاکان، کۆدەکانی مانیفیستی ئەخلاقی ڕێکخراون. بایەخەکان نیشان دەدەن کە ڕێکخراو باوەڕی بە چییە. دیاریکردنی بەهاکان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاوات و خۆزگە و چاوەڕوانییەکان. ئەگەربایەخەکان پێشڤە نەچن، ئەمە وا دەکا کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە سستی بکەن و خۆیان لە ڕێکخراو و ناوەندی بڕیاردان دوور بگرن. ڕێبەریی بایەخەکان لە بڵاوکردنەوە و وەشانیان لە ناو ڕێکخراوەکەدا دەست پێ دەکا. ڕێبەر دەبێ بتوانێ بنەماکانی بەهاکان بناسێ، هەست بە پێویستییان بکات و لە پێویستی و گرنگییان بگات. قاسملوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە، لە هەوڵی پێکهێنانی ناسنامە و بەها و کۆدەکانی هاوبەشی دیموکرات بوو، بۆ ئەوەی ئەندامبوون لە حیزبی دیموکراتدا هەڵگری پەیامێکی "ئەرزشی" بێت و هەمیش دیموکراتبوون ببێتە بەهایەکی گرنگ لە خەباتی نەتەوایەتیدا. وتەی قاسملوو کە دیموکرات شۆڕشگێڕە و پێشمەرگە شۆڕشگێڕیکی دیموکراتە دەشێ لەو ڕوانگەیەوە ببیندرێ.

ڕێبەر دوو ئەرکی لە ناو ڕێکخراودا لە سەر شانە: یەکەم دەبێ هەلی پێشکەوتن

و سـەرکەوتن بـۆ ڕێکخراوەکـە پێـک بێنـێ. دووەم، دەبـێ جۆرێـک ڕێبەرایەتـی بـکات کـە هەلـەکان بکاتـە پـردی بـە ئامانـج گەیشـتنی ڕێکخراوەکـە. بەشـی یەکـەم بەگشـتی بـە "سـتراتێژی" نـاو دەبـردرێ و ئەرکـی دووەم پێـی دەوترێـت "ئەرکەکانـی ئۆپێراتیـڤ" یـا ئەرکـی کردەکـی.

بەڕێوەبەریـی بایەخـەکان بـە واتـای دیاریکردنـی ناوەرۆکەیانـە. واتـە شـیکردنەوەی ئاسـۆی ڕێکخـراو، بەڕێوەبەریـی ئامانجـە کولتوورییەکانـی ڕێکخـراو (ئاسـتی سـتراتێژی)، وزەدان بـە ئاسـتی ئۆپەراتیڤـی ڕێکخـراو و جێگرکردنـی بەهـاکان بەکـردەوە و هەروەهـا بەنۆرمکـردن یـا داڕشـتنی پێوانـە بـۆ بەهـاکان. لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوێکـدا بەهـاکان هەروەهـا پرسـێکی ڕێکخراوەیـی و ڕێکخسـتنین. بەهـۆی ئـەوەی کـە بایەخـەکان بـۆ تاکەکانـی نێـو کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی گرینگـن. واتـاکان پێوەندییـان بـە هەسـتی تاکەکسـەکانەوە هەیـە. بایەخـەکان وەک ژینـی مـرۆڤ وان کـە زۆرجـار دەبنـە هـۆی ڕێنوێنیـی مـرۆڤ بەبـێ ئـەوەی کـە کەسـەکە هەسـت پـێ بـکات یـان بـە زانینـەوە بڕیاریـان لـە سـەربدا.

ئـەو کەسـەی کـە ڕێبەرایەتیـی بەهـاکان دەکا، ناچـارە بەکـردار و شـێوەی ڕێبەریـی خۆشـیدا بچێتـەوە. بەپێچەوانـەی ڕێبەرانی نەریتی،شـێوازی ڕێبەری بەهاکان، شـێوازێکی بـە کۆمەڵـە. ڕێبـەری بەهـاکان، ڕێبەرێکـی خـۆ بـە ناوەنـدزان نییـە و ڕێبـەری دەکاتـە پردێـک بـۆ پێکهێنانـی هەسـت و بـاوەڕی هاوبـەش. لـە میتینگـی گـەورەی مەهابـاد، کـە لـەودا چالاکیـی ئاشـکرای حـدکا ڕاگەیەنـدرا، دوکتـۆر قاسـملوو لـە میتینگەکـەدا، لـە وەڵامـی خەڵکـدا کـە دروشـمیان دەدا: "بـژی قاسـملوو"، داوای لـە خەڵکەکـەدا دەکا دروشـمی وا نـەدەن و لـە جیاتـی زەقکردنـەوەی نـاوی ئـەو، دروشـمی "بـژی دیموکـرات بـدەن". ئـەو هەروەهـا بـۆ ئـەوەی تاکپەرسـتی هـەروەک لـە پێـڕەوی نێوخـۆی حـدکادا هاتـووە، بـە مەحکـووم دەزانـێ، داوا دەکات کـە وێنەکانـی لـە بنکـەکان و نووسـینگەکانی حیزبـی نەدرێـن. ئـەم نەریتـە ئەمڕۆشـی لەگـەڵ بـێ، لـە نـاو بنەماڵـەی دیموکراتـدا – هەرچەنـد بـە لاوازییـش بـێ – بەڕێـوە دەچـێ و کولتـووری تاکپەرسـتی و گەشەسـەندنی دێکتاتـۆری لـە نـاو حیزبـی دیموکراتـدا جێگای خـۆی نەکردووەتـەوە و دەسـەڵات و ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵات نەبووەتـە شـتێکی بنەماڵەیـی و میراتـی.

بەڕێوەبەریی بایەخەکان، شتێکی جیاواز لە بەڕێوەبەریی ڕێکخراو و دیاردەیەکی جیاواز لە خودی ڕێکخراو نییە. بەڕێوەبەریی بەهاکان پێوەندیی بە هەموو ڕێکخراوەکە و شێوازی ڕێبەرییەوە، ژینگەی ڕێکخراوەوە، کولتووری هەڵسوکەوتی ناوخۆیی و ڕووبەدەرەوەیی ڕێکخراوەوە هەیە و بە گشتی هەڵبژاردەکان، ئامانج و تاکتیکگەلی ڕێکخراو لە خۆی دەگرێ. بەڕێوەبەریی بایەخەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێبەران بە دڵ و گیان ئەرکی ڕێبەرایەتی جێبەجێ بکەن و وتە و کردەیان یەک بێ. ئەمەش دەبێتە هۆی گرێدراوەیی و دەروەستبوون بە ڕێکخراوەکەوە و هەرگاڤ لە کاتی گۆڕانکاریگەلی ڕێکخراوەییدا بەرەورووی لێگەڕ و چالش دەبێتەوە. ڕێبەری بایەخەکان دەبێتە هۆی گۆڕانی کولتووری بەڕێوەبەری، گەشەکردنی ئاستی ڕێبەران و بەرپرسان و پێکهاتنی شێوازگەلی نوێ.

کەمتر کەسێک هەیە کە لە دەیەی هەشتای زایینیدا پێشمەرگەی دیموکرات بووبێ و دە سیمای دیموکراتی نەخوێندبێتەوە یا خود بە دیواری بنکە و مەقەرەکانەوە نەیبینیبێ. ئەو دە تایبەتمەندییە کە بە سیمای دیموکرات ناسراون، کۆدی ئەخلاقی و بایەخەکانی دیموکرات بوون، کە تا ئەمڕۆشی لە گەڵ بێت، بەهای گرنگ و جێی سەرنجن. قاسملوو وەک داهێنەری ئەو بنەما ئەخلاقی و تابلۆ ئێتیکییە لە ناو دیموکرات و بزاڤی نەتەوایەتیدا، ئەو بنەمایانەی هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی ڕێبەریی بەهاکان لە ژاپۆن و وڵاتانی ئورووپاییەوە هێنایە کوردستان و بەو شێوەیە ویستی ئاسەواری باشی بەجیهانیبوون و خۆ ڕێکخستن لە ناو بزاڤی کورد دا گەشە پێ بدا. بەداخەوە ئەمڕۆکە ئاسەوارێکی کردەکیی چالاکی زۆر بە سیمای دیموکراتەوە دیار نییە و سەرەرای ئاڵوگۆری زۆری کۆمەڵایەتی، هاتنە کایەی نەوەیەکی نوێ و گەشەکردنی گشتیی کۆمەڵگەش، دە سیماکەی دیموکرات تەنیا جاروبار ئاماژەیان پێ دەکرێت و هەوڵ بۆ دەوڵەمەندترکردن و قووڵترکردنەوەیان زیاتر وەک خەونێک دەچێ.

لێکۆڵینەوەکانی زانستی ڕێبەری دەیسەلمێنن کە زۆر لە تایبەتمەندییەکان لە هەموو بارودۆخێکدا بۆ ڕێبەر و ڕێبەری گرنگن. یەکەم ئەوە کە ڕێبەر دەبێ جێ بڕوابێت. دەبێ وەک قسەکانی خۆی بژیت. ڕێبەری تەنیا هەڵسوکەوتی فەرمی و

فەرمانـدان نییـە. ڕێبـەری جـۆری بوونـی مرۆڤـە. ڕێبـەری راسـتگۆ تەنیـا ئـەوەی راسـتە دەیڵـێ و مرۆڤـەکان کاتێـک بـڕوا بـە ڕێبـەر دەکـەن کـە وتەکانـی وەک دوکتـۆر سـادقی شـەرەفکەندی، جێگـرەوەی دوکتـۆر قاسـملوو دەڵـێ، "شـکڵێکی مـاددی و دەسـتگر بـە خۆیـەوە بگرێـت."

تایبەتمەندییەکـی دیکـە کـە بەپێـی هەمـوو لێکۆڵینـەوە زانسـتییەکان دەبـێ ڕێبـەر هەیبـێ، ئەوەیـە کـە بزانـێ هێـزی ژێـر ڕێبەریـی خـۆی بـەرەو کـوێ ڕێبـەری دەکا. ئەوە کـە "واقعبیـن بیـن"، "چـاوەڕێ بیـن تـا بزانیـن چـی دەبێـت"، "هەڵوێسـتی خۆمـان دوای ڕووداوەکان دەربـڕیـن"، "سـەرمایەگوزاری لەسـەر کەسـانێک کـە دڵنیـا نیـت، بـۆ حیـزب دەبنـە مـاڵ (وای دابنـێ دەبنـە دەروێشـی خـۆت) چـاک نییـە" ... و زاراوەگەلێکـی دیکـە کـە بەداخـەوە لـە مودەعیانـی جێنشـینی دوکتـۆر قاسـملوو دەبیسـترێن، ڕێبـەری نییـە بەڵکـو دێماگـۆژی و بەفێڕۆدانـی هێـز وتوانـای حیـزب و گەلـە. سـێیەمین تایبەتمەندیـی دیکـەی ڕێبـەری بایەخـەکان ئەوەیـە کـە ئـەو دەزانێـت چـی دەکات. بەرلـەوەی کـە بمانهـەوێ سـواری پاسـێک بیـن، دەمانـەوێ دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە شـۆفێرەکە کەسـێکی جێـی بـڕوا، شـارەزا، تەندروسـتە و مـادەی هۆشـبەر یـان کحولـی بـەکار نەهێنـاوە. جیـا لـەوە دەمانـەوێ بزانیـن کـە پاسـەکە بـەرەو کـوێ دەبـات. داخـوا شـارەزای ڕێ و شـوێنی لێخورێـن بەتایبـەت لـە جـادە شـاخاوییەکانی کوردسـتاندایە یـان نـە. قاسـملوو خاوەنـی ئـەو سـێ تایبەتمەندییـە گرنگـە بـوو و بۆیـەش گرنگیـی میراتـی هـزری و شـێوازی ڕێبـەری ئـەو هەرچـی لـە مێـژووی تیـرۆری ئـەو دوور دەکەوینـەوە، زیاتـر دەردەکەوێـت و لـە نێـو حیزبـی دیموکـرات دا "بـێ قاسـملوویی" زیاتـر هەسـتی پـێ دەکرێـت.

ڕێبەرێـک بیهـوێ ڕێکخراوەکـەی بـەرەو داهاتـوو ڕێبـەری بـکات، دەبـێ خـۆی بـۆ ڕێبەریـی کولتـووری و چانـدی ئامـادە بـکات. بـۆ ئـەوەی بـەو ئامانجـە بگەیـن دەبـێ زاراوەی "کولتـوور و چانـد" لـە نـاو ڕێکخـراودا جـێ بگرێـت و لـە مەیدانـی کـردەوەدا خـۆی نیشـان بـدات. چانـد یـان کولتـووری ڕێکخراوەیـی چۆنیەتیـی هەڵسـوکەوتە، شـێوەی کارو چالاکیـی ئەندامانـی ڕێکخـراوە و ئەندامـان لـەو کولتـوورەدا خۆیـان لـە نـاو بنەماڵـەی خۆیـان هەسـت پـێ دەکـەن. لـە سـەردەمی ڕێبەرایەتیـی قاسـملوودا

بەشـێکی زۆر لـە باسـەکانی پێوەندیـدار بـە کولتـووری ڕێکخراوەیـی ڕێنیشـاندەر و ئایدیالـی ڕێکخراوەیـی و کۆمەڵایەتـی دەبینـدران. ئەمـرۆ کێشـەی ڕێبـەری لـە نـاو حـدکادا لەوەدایـە کـە بنەماکانـی بایەخەکانـی جێـی بـاوەڕی ئەندامانـی بنەماڵـەی دیموکـرات و شـێوەی هەڵسـوکەوتی ڕێبـەران لـە دژایەتـی لـە گـەڵ یەکـتردان و حیزبـی دیموکـرات لـە نـاو قەیرانـی کولتووریـدا دەژیـت. قەیـران بـەو واتایەیـە کـە زۆر شـتی پێوەندیـدار بـە ژیانـی ڕێکخراوەیـی کـۆن بـوون و پێویسـتیان بـە گـۆڕان هەیـە. ئامانـج لـە ڕێبـەری ئـەوە کـە ڕێکخـراو گۆڕانـکاری بەسـەردابێت بەرلـەوەی کـە "ناچـار" بـە گۆڕانـکاری بکرێیـن.

بیســت و پێنــج ســاڵ دوای تیــرۆری دوکتــۆر قاســملوو و هاوڕێیانــی، ئەمــرۆ لــە هەمـووکات زیاتـر حیزبـی دیموکـرات پێویسـتی بـە گفتگـۆی دۆزینـەوە، کۆنکرێتکردن و شـیکردنەوەی بنەمـا، بەهـا و بایەخەکانـی خـۆی هەیـە. لـە نەبوونـی بەها هاوبەشـەکان یـان بـە وتەیەکـی روونـتر لـە قەیرانـی بایەخەکاندایـە کـە حیزبـی دیموکـرات تووشـی لێکدابـڕان، پەراوێزخـران و پەراوێزکەوتنـی ئەندامـان، لایەنگـران و چالاکانـی خـۆی بووە. لـە گفتگـۆی پێوەندیـدار بـە بایەخەکانـدا دەبـێ بـەردی بناغـەی بەهـا هاوبەشـەکان بـە شـێوەیەک دابرێژرێـن کـە زۆربـەی ئەندامانـی کۆمەڵگـە خـۆی تێیـدا ببیننـەوە و بـە بەهـای هاوبەشـی خۆیـان بزانـن. کۆمەڵگـە لـە دەوری بەهـا هاوبەشـەکاندا کـۆ دەبێتـەوە. بۆیـە دەشـێ جیـا لـە بەهـا تایبەتییـەکان، بەهـا هاوبەشـەکان بدۆزرێنـەوە و بەهێـز بکرێـن. ئەمـرۆ جێـی خۆیەتـی بزانیـن داخـوا ئـەو کەشـەی بـە سـەر ریزەکانـی حیزبـی دیموکراتـدا حاکمـە، پرسـی بایـەخ و بەهاکانـە یـا خـود نەریتێکـی بەرژەوەندیخوازانـەی کەسـانێکە کـە وشـەی "گـۆڕان" بۆیـان ترسـناکترین دیاردەیـە؟

# قاسملوو ڕێبەرێک بۆ پێگەیاندن
# وتاری ٥

لە مێژووی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا ڕێبەرانی زۆر دێن و دەڕۆن. لە ناو ئەو ڕێبەرانەدا نموونەی زۆرمان بەدەستەوە نییە کە توانیوبێتیان لەو هەلومەرجە سەختانەی خەباتی رزگاریخوازانەدا ڕێکخراوەکەیان خۆیان بە شێوەیەک پێ بگەیەنن کە بۆماوەیەکی درێژ سەرکەوتوو و جێی هیوای زۆربەی خەڵک بن. بەڵام د. قاسملوو بەو شێوەیە لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بوو. بە خوێندنەوەی شێوە و مێتۆدی ڕێبەریی قاسملوو بۆمان دەردەکەوێت کە فەلسەفەی ڕێبەریی ئەو لەسەر بنەمای بارهێنانی ڕێبەری پێگەیشتوو و دامەزراندنی کاری تیمی و بەکۆمەڵ بووە کە ئەمڕۆش سەرەرای هەموو کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای خەبات و هەموو ئەو رەخنانەی کە لەسەر ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات هەن، بە میراتگری لە قاسملوو و ناوی قاسملوو حیزبەکەیان ڕێبەری دەکەن.

ئەمڕۆ لە هەلومەرجی سەرهەڵدانی هەرچی زیاتری پلۆرالیزمی سیاسی - کۆمەڵایەتی لە کوردستان، هیچ گارانتییەک نییە کە حیزبی دیموکرات هەروا بە جێی متمانە و سەرنجی خەڵک بمێنێتەوە. کەسان و ڕێکخراوی دیکە هەن کە لەوانەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرفراوانتر لە نفووزی ئیستای حدکا جێ خۆیان بکەنەوە.ئەوە هەلومەرجی سەختە کە وا لە مرۆڤ دەکا باشترین راندمانی هەبێت و بۆیە هیچکات لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا، وەک ئێستا پێویست بە ڕێبەرانی کاریگەر نەبووە. لە ژیاندا هەرکەس لە ئێمە بە شێوەیەک ڕۆڵی ڕێبەری

دەگیرێت، بۆیە فێربوونی شێوازی قاسملوو فێربوونی مێتۆدی ژیانی ئەو وەک مرۆڤێک دەتوانێت یاریدەرمان بێت لە بەرەوپێشبردنی خەبات و گەشە سەندنی کەسایەتی خەباتگێردا.
قاسملوو لە شێوەی خەباتی خۆیدا رەساڵەتێکی تایبەتی هەڵبژاردبوو. بۆیە ئەگەر لە هاورێیان، هاوکاران و تەنانەت رکەبەرانی قاسملووش پرسیار بکرێت، وەڵامی هەموویان ئەوە دەبێت: کە ئەو لە پێناو ئامانجەکەیدا خۆی کردە قوربانی. ئەوەی کە قاسملووی لە زۆربەی هاوسەنگەران و قوتابییانی خۆی جیا دەکردەوە، بڕوای قووڵی بوو بەو بایەخ و نرخانە کە بۆ خۆی دای ڕشتبوون وهەروەها ئەو ئاسۆیە بوو کە لە ناو حیزبەکەیدا وێنا کردبوو. ئەو رێبەرانەی کە بڕوایان بە ڕێبازەکەی خۆیان هەیە، گرێدراوتر و دەروەسترن بە ئامانجەکانیان و لە کاتی داڕشتنی پلانی کارییاندا وێنەی گەورەیان لە پێش چاوە. کێشەی زۆر لە ڕێبەران ئەوەیە کە بۆخۆیان رەساڵەتێکی تایبەتیان هەڵنەبژاردووە. ڕێبەر واتە جووڵاندنەوەی ڕێبواران بۆ یەک ئامانج – بۆ ڕێگایەکی روون.
بۆ ئەوەی خەونێک وەدی بێت، پێویست بە باوەرێکی قووڵ و ئیمان بەو باوەڕانە دەکات کە ڕووناکیدەری رێگەی جووڵانەوەن. کەسێک کە تەماشاچی تیمێکی سەرکەوتوویە،رەنگە پێی وابێت کە لەوانەیە رەمزی سەرکەوتنی ئەوان بە بوونی هێندێک رێنمایی و کارمەندی شارەزاوە گرێ دراوە. بە بێ ئەوەی کە ئەو شتانەی ئاماژە پێ کرا کەمرەنگ بکرێنەوە، بوونی رێبەر و ڕێنوێنێکی بەهێز کە بتوانێت وزەی پێکەوەبوون و بڕوابەخۆبوون لە ناو ئەواندا گەشە پێ بدات، سەرکەوتنی ئەو تیمەکارە بۆ درێژخایەن مسۆگەر نابێت. ئەوەی کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی رێکخستنێک تەنیا زانین و کارناسی نییە، باوەڕی قووڵ بە ڕێبازە. ئەوە باوەڕە کە کارسازە، باوەرە کە بەرهەمهێنەرە. بڕوای ڕێبەران یەکجار زۆر گرنگە، چونکە ئەوانن کە دەچنە ناو خەڵکەوە.
یەکێک لە وانەکانی قاسملوو بۆ درێژەدەرانی ڕێگاکەی مێتۆدە رێبەرییە راهێنەرانەکەی بوو. رێبەری لەو جۆرە، رێگای پێشکەوتن، سەرنجدان و کۆنسێنترێت (تمرکز) بۆ کارایی هێزەکان، هەموو چالاکییەکان بەرەو ئامانج ئاڕاستە دەکا. بەبێ

نفـووزی هەسـتیاری ڕاهێنـەر، باشـترین و بەهۆشـترین کادرەکانیـش سـەرکەوتنێکی ئەوتـۆ بەدەسـت ناهێنـن. ویسـتی سـەرکەوتن دەبـێ لـە کەسـایەتیی ڕێبـەردا بەهێـز بێـت و وزە بـە دەوروبەرەکـەی ببەخشـێ. ئەگـەر خوازیـاری کەمـاڵ نەبـی، لەوانـی تـر باشـتر نابـێ. دیاریکردنـی ئامانجێکـی ڕوون وداڕشـتنی هێڵـە سـەرەکییەکانی پێگەیشـتن و شرۆڤەکردنـی ڕۆڵـەکان، ئەرکـی هـەر ڕێبەرێکـی بەمشـوور و لـێ هاتـووە.

ڕەنگـە لـە بەرچاوتریـن ڕەخنەیـەک کـە دەکـرێ لـە ڕێبەرانـی ئەمـرۆی حیزبـی دیموکـرات بگیـرێ، ئـەوە بـێ کـە ئـەوان پییـان وایـە، ئامانجەکانـی حیـزب لای هەمـووان نـاسراون و دوای بڕیارەکانـی کۆنگـرە یـا خـود کۆمیتـەی ناوەنـدی و دەفتـەری سیاسـی پێویسـت بـە شـیکردنەوەیان نەبـێ و بڕیـارەکان بـەو شـێوەیەی کـە هەیـە دەشـێ جێبەجـێ بکرێـن. هەڵەیـەک کـە بووتـە هـۆی پێکهاتنـی مەودایەکـی زۆر نێوانـی ئەندامـان و بڕیاربەدەسـتان لـە حدزبـدا. ڕێبـەر دەبـێ ئامانجەکانـی بەجوانـی بـۆ هەمـوو کـەس شـی بکاتـەوە و ئەندامـان لـە بڕیـارەکان ئـاگادار بکاتـەوە. هەمـوو دانیشـتنێک دوای بڕیـاردان و باسـکردن لـە هـۆ و فەلسـەفەی بریـارەکان ئەندامـان ئاگادارتـر دەکات و هەسـتی هاوبـەش بـەرز دۆکاتـەوە و دوای هـەر کۆبوونەوەیەکـی لـەو چەشـنە ئەندامـان ئامادەتـر و بـە ورەتـر دەبـن بـۆ جێبەجێکردنـی ئەرکەکانیـان. دوکتـۆر قاسـملوو لـە مـاوەی ڕێبەریـی خۆیـدا، سـەرەرای هەلومەرجـی ئەسـتەمی ئـەو کات، بـەردەوام هەوڵـی داوە کـە هـەم ئەندامانـی ڕێبـەری و هەمیـش سـەرجەم کادر و پێشـمەرگەکانی حیـزب لـە بڕیـارەکان و پرۆسـەی بریـاردان ئـاگادار بکاتـەوە و ئاسـتەکانی خـوارەوەی ئـۆرگان بەشـداری بـکات لـە ڕەوتـی بڕیاردانـدا.

ئـەوەی کـە لـە دەورانـی ڕێبەریـی قاسـملوودا بـوو بەهـۆی سـەرکەوتن و پێشـڤەچوونی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، هەسـتی زۆر بـۆ پێکهێنانـی سیسـتەمی ڕاهێنـان و ئـەو سیاسـەتانەی بـوو کـە هاوتەریـب بـوون لـە گـەڵ بۆچوونـی زۆرینـە بـۆ ئـەوەی هەمیشـە بـۆ کۆمەڵگـە و چارەسـەری سیاسـی باشـترین ئاڵتەرناتیڤـی پـێ بێـت. ئەگـەر مـرۆڤ بیهـەوێ تەقـە لـە خاڵێـک بـکات، دەبێـت ناوەراسـتی ئەوخاڵـە بکاتـە نیشـانە. گـەر مـرۆڤ سـیلە لـە خاڵـی ناوەراسـت بگرێـت و تیرەکـە بـە هەڵـە بـڕوات، دیسـانیش لـە ئامانجەکـە کەوتـووە. بـەڵام ئەگـەر هەمـوو ئامانجەکـە نیشـانە بگرێـت، لەوانەیـە

تیرەکـەی سـەر بـکات. فەلسـەفەی قاسـملوو لـە دیاریکردنـی ئامانجـی دوارۆژی حیـزب، دروشـمە سـتراتیژییەکەیدا، قـەوارە و دامودەزگاکانـی حیزبـی نیشـانەکردنی ناوەراسـتی خاڵەکـە و فۆکۆزکـردن لەسـەر ئـەو ئامانجانـە بـوون کـە بـۆ حیـزب ناسـنامەخولقێنەر و بەهاکانـی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە بـە بایەخەکانـی خـۆی دەزانـی. ئامانجـی ئـەو بـەرەو دوارۆژ بـوو.

مرۆڤـی بـێ ئاسـۆ و چـاوەڕوان، لـە نـاو دەچێـت. لێگـەر و چالشـێک، کـە ئەمـرۆ ڕێبەرانـی دیموکـرات لـە گەڵـی بـێ ئاسـۆیی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بەهیزە کـە بتوانێت قاسملووئاسـا رەچەلـەک شـکێن و هەرلەوکاتـەدا جێـی سـەرنجی کۆمەڵانـی خەڵکیـش بێـت. لـەو سـەردەمەدا دەبـێ ڕێبـەران بـە ئاسـۆبینین و بۆچوونـی بەهێـز بـن، دەنـا لایەنگرانـی خۆیـان بـەرەو هەڵدێـری نسـکۆ دەبـەن. گـەر جگـە لـە شـانازییەکانی رابـردوو شـتێکیان بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی لایەنگرانیـان لـە کاتـی تەنگانـەدا بەدەسـتەوە نەبێـت، بیروبـاوەڕی لایەنـگران لـە کاتـی وادا ناتوانـن لـە بەرامبـەر لێگەڕ و چالشـەکاندا خـۆ ڕابگـرن. قارەمانانـی سـەرەکیی خەبـات دەزانـن کـە لەرەوتـی خەباتـی درێژخایەنـدا زۆرجـار بەناچـاری تووشـی شکسـت دەبـن، بـەڵام ئـەوان بـە دەیانجـار خـەون و ئاواتەکانـی خۆیـان لـە بەرچـاوی خۆیـان دەژیێننـەوە تاکـو بتوانـن کۆسـپەکانی بەردەمیـان تەخـت بکـەن و بەهێـزو گـوڕەوە بـەرەو سـەرکەوتن بـڕۆن.

ئەمـرۆ زۆر پێویسـتە ڕێبەرانـی ئێمـە بـە بۆچوونەکانـی خۆیانـدا بچنـەوە و ڕێگاکانـی گەیشـتن بـە ئامانـج بخەنـە بـەر بـاس و گفتگـۆ و بەشـێوەیەکی کۆلێکتیـڤ نەخشـە ڕێـگای سـەرکەوتن دابرێژێـن. بـە تێپەڕبوونـی کات، گەیشـتن بـە سـەرکەوتن یـان لـە نیـوە ڕێگـەدا بەجـێ مان،بـەوەوە بەسـتراوەتەوە کـە ڕێبەرانـی حیزبـی دموکـرات چـۆن دەتوانـن بیروبـاوەڕی سیاسـیی خۆیـان بکەنـە هاندەرێکـی بەهێـز و یەکگرتـوو بـۆ ئەندامـان و لایەنگرانیـان. دوا قسـە ئـەوە کـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە و باسـی سـەرکەوتنەکانی قاسـملووکردن بـەس نییـە، دەبـێ بۆخۆمـان پلەکانـی سـەرکەوتن ببڕین و بزانیـن نـە سـەرکەوتن هەتـا هەتاییـە و نـە شکسـت و دانپێنـان بـە سـەرنەکەوتوویی و شکسـتی مەرگهێنـەر.

# ڕێبەری ڕاستەقینە توانای دەوروبەرەکەی بەرز دەکاتەوە
# قاسملوو و پەروەردەی کادر
# وتاری ٦

لە پشت هەر مرۆڤێکی بەتواناوە، کەسانی بەتوانای دیکەی نادیار هەن (پەندی چینی )

جیهان لەسەر بنەمای یاسای ئانترۆپی یان لە ناوچوون دامەزراوە. مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە دەتوانێ لە بەرامبەر ئەو دیاردەیە رابوەستێ و لەناوچوونی خۆی کۆنترۆڵ بکا و ڕێگای ئاوەدانکردنەوە و سەرکەوتن بە سەر ئەو یاسایە بدۆزێتەوە. جیهان بە دەستی ئەو مرۆڤانە ئاوەدان دەکرێتەوە کە ورەیان بەرزە، ئاواتەکانیان لە ئاسۆی دوورەوە دەفڕن و مێشکیان پەروەردە کراوە و دڵیان پڕە لە خۆشەویستیی ژیان و دەستی بەتوانا و هەڵسووڕیان هەیە.

لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لە ژیاندا تووشی کەندوکۆسپی زۆردەبێ، کەسانی ژیر بەتوانا ڕێگای پڕکەندوکۆسپی ژیان بەتەنیا نابڕن و هەوڵ دەدەن هاوڕێی ڕێگا بۆ خۆیان بدۆزنەوە و لە توانای خۆیان بۆ یارمەتیدان و دۆزینەوەی توانای هاوڕێیانیان، کەڵک وەردەگرن. بۆ ئەوەی ئەوانیش بەتوانا و سەرکەوتوانە ڕێگاکە ببڕن. دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرێک بوو لەو چەشنە. ئەو هەوڵی دا، خەباتی کرد بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەدا کەسانێک پەروەردە بن، پێ بگەن و خەڵکانی دیکەش پێ بگەیەنن.

قاسملوو هەروەک لە وتەکانیدا لە سیمیناری "باسێک لە سەر ڕێبەری و

مودیریـەت و کورتـە مێـژووی ڕێبەرایەتیـی حیـزب" لـە بەهـاری ۱۹۸۹دا، چەنـد مانـگ بـەر لـە شـەهیدبوونی دەردەکەوێـت، کەسـێک بـوو کـە ڕەمـزی سـەرکەوتنی لـە بوونـی بەڕێوەبەرانـی بەهـۆش و کـۆ کردنـەوەی تواناکان لـە دەوری خۆیـدا دەزانـی. بـە وتـەی ماکیاوێلـی: " یەکـەم شـێوازی بەراوردکردنـی هۆشـی ڕێبـەر، سـەیرکردنی کەسـانی دەوروبـەری ئـەو ڕێبەرەیـە." بـە بـڕوای قاسـملوو و ڕێبەرانـی گـەورە و بەڕێوەبەرانـی سـەرکەوتوو لـە توانـا و شـارەزایی خەڵکانـی دیکـە ناترسـن. بەڵکـو لـەو بروایـەدان لـە جیهانێکـدا کـە دەبـێ بـە کەمتریـن نـرخ زۆرتریـن دەسـکەوت وەدەسـت بێنـن، دەبـێ تیمێکـی بـە توانـا پێکـەوە بنێـن.

ئەنـدرۆ کارنگـی (Andrew Carnegie) بـازرگان و یەکێـک لـە ڕێبەرانـی ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانـی ئەمەریـکا لـە سـەرەتای سـەدەی رابـردوودا دەڵێـت: " هەنـگاوی گـەورە لـە پێنـاو گەشـەپێکردن و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی کەسـایەتیی خـۆت، زانینـی ئـەو ڕاسـتییەیە کـە تەنیـا بـە کاری بەکۆمـەڵ و وازهێنـان لـە سـەرەڕۆیی، دەتوانـی هـەر ئەرکێـک بـە باشـترین شـێوە بـە ئەنجام بگەیەنـی". ناوبراو ئاواتـی ئـەو بـوو کـە لـە سـەر گۆڕەکـەی بنووسـن: " لـەم گـۆڕەدا کەسـێک ئارامـی گرتـووە کـە ئەوەنـدە بەمشـوور بـوو، پشـتی بـە کەسـانێک دەبەسـت کـە لـە خـۆی شـارەزاتر بـوون". ئەسـڵی "داڕشـتنی پـلان و بڕیـاردان لـە هەمـوو ئۆرگانەکانـی حیزبیـدا بـە کۆمەڵـە و تاکـڕەوی و سـەرەڕۆیی لـە نـاو حیزبـدا جێگـەی نییـە"، کـە لـە پێـڕەوی ناوخـۆی حـدکادا هاتـووە، لـەو بـاوەڕەی قاسـملووە سـەرچاوەی دەگـرت.

بـە چاوخشـاندنێک بـە ڕەوشـی سـەرکەوتووترین ڕێکخراوەکانـی جیهـان و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و تەنانـەت ڕێکخـراوە کوردستانییەکانیشـدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە سـەرکەوتن کاتێـک مسـۆگەرە کـە ڕێکخـراو لەجیاتـی پشـت بەسـتن بـە تاکـە ڕێبەرێـک، خاوەنـی ڕێبەرایەتییەکـی بەهێـز و بەکۆمـەڵ بـێ. سـەرکەوتن هیـچ کاتێـک لەنـەکاو و بـە شـانس و بەخـت نایەتـە دی. سـەرکەوتووترین ڕێکخـراوەکان ئـەو ڕێکخراوانـەن کـە ڕێبەرانیـان لـە توانـا و بەڕێوەبەریـی کەسـانی شـارەزا و بەتوانـا کەڵـک وەردەگـرن. بـە وتـەی فرێـد مانسـک جۆنیـوۆر (Fred A. Manske) "باشـترین ڕێبەرئەوەیـە کـە هاوکارەکانـی وا پـەروەردە بـکا کـە لـە بـواری زانیـاری و توانـاوە لـە خـۆی چاکـتر بـن".

جۆن ماکسوێل (John maxwell) کە یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەر و مامۆستایانی رێبەرییە لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "سەرکەوتنی رێبەر بەپێی ئاستی کەڵکوەرگرتنی لە توانای دەوروبەرەکەی پێناسە دەکرێت".

لە شێوەی پەروەردە و هەڵسوکەوتی قاسملوو لەگەڵ هاورێیانیدا ئەو فەلسەفەیە بەروونی بەرچاو دەکەوت کە " ژمارەی "یەک" کەمتر لەوەیە بە سەر "ژمارە"کانی تردا سەربکەوێ. بۆیە لە هەموو کردەوەیەکدا، چ لە ئاستی رێکخراوەیی وچ ئاستی رێبەری و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا هەوڵی داوە کەسانیکی شارەزا لە دەوروبەری خۆی کۆ بکاتەوە،پێیان بگەیەنێ تاکو بن بە رێبەری دوارۆژ.

ئەمرۆ بەهۆی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر بزاڤی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا و قەیرانی بڕوا و رێبەری لە ناو حیزبەکانی رۆهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دموکراتدا، کاری بەکۆمەڵ و کەڵکوەرگرتن لە توانای شارەزایان و پسپۆران سەرەرای بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی و شارەزایی ئەندامانی کۆمەڵگە، لە ئاستێکی زۆر نزم و لاوازدایە. مێژوو، فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی دژی کاری بەکۆمەڵ نین. گلەیی زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد لە نەبوونی یەکیەتی لە نێوان ریزەکانی کورد و رێبەرانیانە. سەرەرای هەموو ئەوانە لە مێژووی کورد و کوردستاندا کۆمەڵ و رێکخراو بەپێی هەلومەرجی سەردەمی خۆی جێگای تایبەتی هەیە.ئەی ئەوانە کورد نەبوون کە بەکەمترین کەرەستە و ئیمکاناتەوە، بە رێبەرایەتیی سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) بەشێکی هەرە زۆری باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان رزگار کرد و بۆ چەندین ساڵ حکوومەتێکی سەربەخۆیان دامەزراند.ئەوە هەر بەرهەمی کاری گرووپی بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی شەش مانگ دوای دامەزرانیدا بتوانێت کۆماری کوردستان دامەزرێنێت، و بەرهەمی کاری گرووپی بوو کە حیزبی دێموکرات دوای پاشەکشەی نزیک بە سی ساڵ، دیسان توانیی لە سەرانسەری کوردستاندا ببێتەوە هێزی پێشرەو و بە رێبەرایەتیی قاسملوو بوو کە ئەو حیزبە بە هەڵبژاردنی دروشمی پێشکەوتنخوازانە، ناسنامەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بە حیزبی دیموکرات ببەخشرێت.

هەروەک لە پەندێکی چینیدا هاتووە: " پشتی هەر مرۆڤێکی بە توانا، کەسانی بەتوانای دیکەن کە نابینرێن"، لەراستیدا کاری بەکۆمەڵ مەرجی سەرەکیی هەموو سەرکەوتنێکە.

بیست و پێنج ساڵ دوای قاسملوو، ئەندامەتی لە دەستەی رێبەریی حیزب بووەتە بایەخ و بەها، و بەهای رێبەری لە ئاستی گشتیدا دابەزیوە. چالش و لێگەرێک کە ئەمرۆ لە بەرامبەر رێبەریی حیزبی دیموکراتدا هەیە، ئەوەیە کە چی بکرێ تاکو شوێنی ئەو بایەخانە بگۆردرێت و بزانرێت کە "پرسیاری سەرەکی لە بوونی گرووپەکاندا نییە، بەڵکو پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەندامانی تیمی بەرێوەبەری چۆن دەتوانن کاریگەرتر بن و بەشداری بکەن لە سەرکەوتنی گشتیدا." وەبیرهێنانەوەی ئەو راستییەش جێی خۆیەتی کە بە وتەی لیندون جانسۆن، سەر کۆماری کاتیی وڵاتە یەکگرتووەکان "هیچ کێشەیەک نییە کە نەتوانین پێکەوە چارەسەری بکەین، بەڵام زۆر کەمن ئەو کێشانەی کە بەتەنیایی و بە یەک کەس و لایەن چارەسەر دەکرێن.

# گۆڕینی کۆمەڵگە پێویست بە بیرکردنەوەی جیاواز دەکات
# وتاری ٧

نووسەری ئەمەریکایی زیگ زیگلار (Zig Giglar) دەڵێت: " زۆریی بەهرەی تۆ،رەمزی سەرکەوتنی تۆیە". بە بۆچوونی دوکتۆر قاسملوو، سەرکەوتنی ڕێبەر واتا زۆرترین کەڵکوەرگرتنی هاوڕێیانی لە بەهرەکانی ئەو. بۆیە دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستی زانیاریی گشتی لە ناو ئەندامانی ڕێبەریدا بەرز بکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە ئاستی بەشداری لە کاری ڕێبەریدا بەرفراوان بکات، هەوڵی دا بە دوو شێوەی ئاسۆیی و ئەستوونی ئەو کارە ئەنجام بدات: لە لایەک بە جێگرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لە پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دیموکراتدا ئاستی بڕیاردانی سیاسی لە بازنەیەکی چەند کەسییەوە بۆ تیمێکی چەندین کەسی بەرفراوانتر کرد و لەلایەکی دیکەوە هەوڵی دا ئەرکی ڕێبەری بکاتە کارێکی تیمی تا ژمارەیەکی زۆرتر تێدا بەشداری بکەن و لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و ڕێبەریکردنی جووڵانەوەدا خاوەن دەنگ بن. ئەو بە پێکهێنانی دەفتەری سیاسییش، هەوڵی دا کە جێبەجێکردنی بڕیار و ئەرکە سیاسییەکان لە ناو حیزبدا "نەهادینە" بکات. هەروەها بۆ ئەوەی کە بازنەی ڕێبەری، بازنەیەکی داخراو نەبێت، زانیاری و شارەزایی پرۆسەی بڕیاردان بە شێوەی پرۆسەیەکی پەروەردەیی لە ناو حیزبدا جێ بگرێ، و هەروەها لە توانای کەسانی دیکەش کەڵک وەربگیرێت، لە پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا راوێژکار یان موشاویری کۆمیتەی

ناوەندییش دیاری کران، کە هەرچەند ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لە بڕیارداندا نەبوو، بەڵام ئاڵقەیەکی بەهێزی پێوەندی بوون بۆ سووڕانی ئەزموون و شارەزایی ڕێبەری لە ناو کۆمەڵگەیەکی نەرتیدا. لەو پێوەندییەدا ئاندرێ کارێنگی (Andrew Carengie) قسەیەکی سەرنجراکێشی هەیە، دەڵێت: "دەمەوێ لە سەر بەردی گڵکۆکەم بنووسرێت: لێرەدا کەسێک خەوتووە کە لەبەر بەپەرۆشی و خەمخۆریی، بەردەوام پشتی بە کەسانێک دەبەست کە لە خۆی شارەزاتر و زاناتر بوون." ئاواتی بەرزی قاسملوو ئاوا بوو.

سی.جێن والکێس (C. Gene Wilkes) لە پەرتووکی مەسیح (Jessus on Leadership) لە ڕوانگەی ڕێبەرییەوە نیشان دەدات کە هێزی ڕێبەری تەنیا پێوەندی بە جیهانی بازرگانی و سیستەمەکانی سیاسی ئێستاکەوە نییە، بەڵکو خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژە. بە هەڵسەنگاندنێکی خێرای کرداری قاسملوو لە ماوەی نزیک بە بیست ساڵی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی قاسملوویەوە:

- تیم یان ئۆرگان بریتییە لە کەسانێک، کە کۆی گشتیی ئەوان، سەرچاوەکان، بیروڕا و تواناکانیان زیاتر لە تاکەکەسە
- تیم توانایی ڕێبەر زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کەموکورتییەکانی. هێز و لاوازی لە کاری تاکە کەسیدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت.
- تیمەکان دیمەنگەلی جۆراوجۆر لە پێویستییەکان و ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان ڕوونتر نیشان دەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەندامان هەلی هەڵبژاردنی زیاتریان هەبێت.
- لە کاری تیمیدا هەموو لە سەرکەوتن و شکستدا بەشدارن. ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردەی ڕاستینی تاکەکان و ئەندامانی ڕێکخراوەکەش لێک نزیک دەکاتەوە.
- تیمەکان کە لە حیزبی دیموکراتدا بە ئۆرگانەکان ناسراون دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕێبەران بەرپرسی کاروباری خۆیان بن.
- تیمەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر لە تاکەکەس دەتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ

بکـەن

قاسـملوو لـەو بڕوایـەدا بـوو، ئەگـەر مـرۆڤ بیـەوێ بـە توانـا بـێ و ئـەو کارەی کـە وەک "نامومکیـن" دەبینـدرێ، مومکینـی بـکات، دەبـێ لـە ئۆرگانێکـدا ڕێـک بخرێـت. بۆیـە وەک مەرجـی ئەندامەتـی لـە نـاو حیزبـی دیموکراتـدا دەبـێ هەرکەسـێک لـە ئۆرگانێکدا ڕێـک بخـرێ. ئـەم مـژارە لەوانەیـە لای خوێنـەر زۆر ئاسـایی بـێ، بـەڵام ڕاسـتییە. تاکەکـەس لـە کێبەرکێیەکەدایـە، بـەڵام ئـەوە گـرووپ و تیمەکانـن کـە دەیبەنـەوە.

دوای کارەسـاتی تیـرۆری دوکتـۆر قاسـملوو و دوکتـۆر سـەعید، بازنەی کۆمیتـەی ناوەندی و هەڵبژاردنـی راوێـژکاری کۆمیتـەی ناوەنـدی زۆرتـر بەمەبەسـتی مسـۆگەرکردنی درێژەدانـی ئەندامەتیـی ئەندامانـی سـەرەکیی ڕێبـەری بـوو. کولتوورێـک کـە قاسـملوو بـۆ جێبەجێکردنـی دەسـەڵات پێکـی هێنـا، بـووە بـە دیموکراسـییەکی ئۆلیگارشـی بـۆ هەڵبژاردنـەوەی دووبـارەی بازنـەی سـەرەکیی دەسـەڵات. سـەرەرای بوونـی ئـەو تایبەتمەندییانـە لـە ڕێبەریـی قاسـملوودا، بۆچـی کەسـانێک کـە خۆیـان بـە قوتابیـی قاسـملوو دەزانـن، زۆرجـار تـا ئاسـتی سـێکتاریزم تاکـرەوی دەکـەن؟ بـە بڕوای نووسـەری ئـەو دێرانـە لـەو پێوەندیـەدا چەنـد هـۆ هـەن کـە شرۆڤەکردنـی ناوخۆیـی و دەروون ڕێکخراوەیـی یاریـدەرە لـە تێپەڕاندنـی ئـەو کۆسـپانەدا:

١. خۆویستی

کـەم کـەس هـەن قبـووڵ بکـەن کـە ناکـرێ هەمـوو کارێـک وهەمووجـارێ بـە تاقـە کەسـێک بکـرێ. پرسـیار ئـەوە نییـە کـە داخـوا دەتوانـی ئـەو کارە بـە تەنیایـی ئەنجام بدەیـت، بەڵکـو کێشـەکە لەوەدایـە کـە کـەی ئەندامانـی ریبـەری دەتوانـن ئـەو ڕاستییە قەبـووڵ بکـەن کـە ئـەوان تاکـە ڕزگاریـدەری گەلـی کـورد نیـن و تەمەنـی زۆر و ژیانـی درێـژی پێشـمەرگایەتی وزەی داهێنـان و تێگەیشـتن لـە سـەدەی ڕاگەیاندنـی لـەوان بڕیـوە. ئانـدرێ کارێنگـی (Andrew Carengie) لـەو پێوەندیـەدا وشـیارمان دەکاتـەوە و بـەم شـێوەیە ڕێبـەران ڕێنوێنـی دەکات: " هەنـگاوی مـەزن بـۆ گەشـەکردن و پێشـکەوتنتان دەبـێ پشـت بـەو ڕاسـتییە ببەسـتێ کـە لـە جیاتـی تاکـرەوی، دەتوانـن بـە یارمەتیـی کەسـانی دیکـە، ئەرکەکانتـان جوانـتر جێبەجـێ بکـەن."

بـۆ ئەنجامدانـی ئەرکـی گرنگـی نەتەوایەتـی و وەدیهێنانـی یەکیەتیـی نەتەوایەتـی،

پێویستە واز لە خۆویستی و تاکڕەوی و خۆ بە مێحوەر دیتن بهێنرێ. ڕێبەرایەتیی حیزب دەبێ هەوڵی جیدی بدات بۆ ئەوەی بنەماڵەی دیموکرات یەک بگرێتەوە.

٢. ترس و هەستنەکردن بە تەناهی

لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا زۆر لە ڕێبەرانی حیزب بە هۆی ترس لە هەڵە و شکست و نیگەرانی لە مەترسی نەیانتوانیوە حیزبی دیموکرات بەهێز بکەن و بۆیە ئۆرگانەکانی حیزب لە جاران لاوازترن و نەیانتوانیوە کادری زیاتر بۆ ڕێبەری چ لە ئاستی ئۆرگانەکاندا و چ لە ئاستی ڕێبەریی سیاسیدا پەروەردە بکەن. لێرەدا ڕاستیی ئەو قسەیەی ماکیاوێلی، سیاسەتوانی سەدەی شانزدەمی ئیتالیامان بۆ دەردەکەوێ کە وتوویەتی: "یەکەم شێواز بۆ زانینی ئاستی هۆش و ژیریی ڕێبەران، ئەوەیە کە بزانین چ کەسانێک لە دەوروبەریاندا کۆ بوونەتەوە". لە کوردەواریی خۆشماندا پەندێکی پێشینان دەڵێت: "گەر دەتەوێ کەسێک بناسی، سەرەتا دۆستەکانی بناسە. "

ترس و هەستننەکردن بە تەناهی (امنیت) بەرلەوەی کە بەرهەمی لێکدانەوەی لاواز یا خود ئاستی نزمی تێگەیشتنی سیاسی - کۆمەڵایەتی بێت، بەرهەمی کۆبوونەوەی کەسانی لاواز و بەرژەوەندی پارێز لە دەوروبەری ڕێبەریدان. تەنیا ڕێبەرانی خۆڕاگر دەتوانن وزەی و هێزی ئەرێنی بە دەوروبەری خۆیان ببەخشن. بەواتایەکی دیکە ڕێبەرانی دوودڵ بە دوو هۆ سەرناکەون: یان دەیانەوێ لەسەر هەموو شتێک کە بەرپرسایەتییان هەیە، چاوەدێری بکەن یا خود ترسی ئەوەیان هەیە لە لایەن کەسانێکەوە کە لەوان شارەزاترن، جێگایان پێ لێژ بکرێ. هەر چۆنێک بێت، ئەو ڕێبەرانەی کە توانا و لێهاتوویی ڕێکخراو بەکار بێنن،ڕەنجی چالاکانی ناو ڕێکخراوەکە بەفیڕۆ بدەن، ناتوانن حیزب و ڕێکخراوەکەیان بەرەو سەرکەوتن بەرن.

دکتۆر قاسملوو بەپێچەوانەی ئەم جۆرە ڕێبەرانە، لەو بڕوایەدا بوو کە: ئێمە

نەتەنیا دەبێ هەموو هێزی فیکریی خۆمان بەکار بەرین، بەڵکوو دەبێ لە هەموو تواناییەکانی دیکەش کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی بە بەرزترین ئاستی رێکخراوەیی و بەهرە لە هێزی مرۆڤی خۆمان بگەین."

٣. ساویلکەیی
یەکێک لە راوێژکارانی بەناوبانگی کۆشکی سپی جان گیگان (John Ghegan) ئەم نووسراوەیەی لەسەر مێزی کارەکەی دانابوو کە : "ئەگەر بڕیار بێ سەرلەنوێ کارێک بکەم،دیسان پشت بە یارمەتیی کەسانی تردەبەستم". ئەم نووسراوەیە رەوشی گرووپی سێیەم نیشان دەدات کە گرنگی بە سەرکەوتن نادەن و کاری رێکخراوەیی وبەرپرسایەتی بە جیدی ناگرن. ئەوان لە رووی ساویلکەییەوە بڕوایان بە سەرکەوتن نییە، بۆیە بەتەنیا دەست بۆ هەندێک کار دەبەن.

رزگاری لەو جۆرە کەسانە لە ناو رێکخراودا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی سەرانسەریی رێکخراوەکە. ئەوان تێ دەگەن کە ئاواتەکانیان لە تواناکانیان زیاترن. ئەوان دەزانن کە بە تەنیایی بە ئامانج ناگەن، بۆیە هەوڵ دەدەن خۆیان لە گەڵ هەلومەرج بگونجێنن. ئەوان بە پێکهێنانی رێکخراو و تیمی جۆراوجۆر سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن. بەڵام هەندیکی دیکە تووشی مەرگەسات دەبن و قەت بە ئامانجەکانیان ناگەن. کۆنگرەی چوار و هەشتی حیزبی دیموکرات و چارەنووسی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار و هەروەها شێوەی خۆرێکخستن و بەهێزکردنی رێبەریی حیزب و رێکخراوەکانی حیزبی لە دوای کۆنگرەی هەشتی حدکا، نیشانەی هێز و ورە و ئاسۆبینیی دوکتۆر قاسملوو بوو و نموونەیەک بوو لە گرنگیی ئامانج لە بەرامبەر بەرژەوەندیی تاکەکەسی و کورتخایەندا.

٤. تایبەتمەندی
قاسملوو کەسێک بوو کە گرنگییەکی زۆری بە پەروەردە لە هەموو بوارەکانی ژیانی حیزبیدا دەدا. لە بەرامبەردا دوای کارەساتی میکۆنۆس پەروەردە و فێرکردن و

بەشداریی ڕێکخراوەیی لە پێناو گەشەسەندنی کولتووری ڕێکخستن لە ناو حیزبدا، پێگەی خۆی لە دەست دا. لە پووشپەڕی ٢٠٠١ کە بۆ ئەنجامی هەندێک ئەرکی حیزبی سەردانی دەفتەری سیاسیی حدکام کرد، پرسیارم لە یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئەو کاتی حیزب کرد کە بۆچی هیچ فێرگەیەک و پرۆگرامێکی پەروەردەیی بۆ پێشمەرگە دانەنراوە، بۆ ئەوەی هەم لە ژیانی کەمپنشینییان بەسوود بێ و هەمیش حیزب بۆ دوارۆژ کادر و ڕێبەری پێویست پەروەردە بکات. لە وەڵامدا وتی: "پەروەردەی ئەو کەسانە کارێکی بێ واتایە، چونکە دوای یەک دووساڵ کە لێرە شت فێربن، لە ناو حیزبدا نامێنن و نابنە ماڵ بۆ حیزب."

هەندێک کەس بەگوێرەی تایبەتمەندیی کەسیی خۆیان، بڕوایان بە پێکهێنانی گرووپ و پەروەردەکردن نییە. ئەمانە تەنیا لە کاتی تەنگەژەدا ڕوولە ئەندامان دەکەن و ئەندام و ڕێکخراو وەک کەرەستەیەک بۆ پاراستنی پێگەکەیان دەبینن. قاسملوو ڕاست بە پێچەوانە بوو. لە بەرامبەر هەر لێگەڕێک و بۆ هەر ئامانجێک بە دوای کەسانی شارەزا و لێهاتوودا دەگەڕا. ئەو پێی وابوو: بە بوونی هاوڕێ لە کاروانی خەباتی نەتەوایەتیدا ناچار نیت بەتەنیا ئەرکەکەت ڕاپەڕێنی.

ئەو ڕێبەرانەی کە خۆیان لە هاوکاری و هاوفکریی کەسانی دیکە بێ منەت دەزانن و کەسانی بەتوانا و شارەزا لە ڕێکخراو و حیزب دوور دەخەنەوە، لەڕاستیدا دیوارێکی بەرز بەدەوری توانای خۆشیان دەکێشن. دەروونناسی ئەمەریکایی، دوکتۆر ئالان فرۆم (Allan Fromme) لەو پێوەندییەدا دەڵێت: "مرۆڤ بە هاوکاریی کەسانی دیکە، زیاتر سەردەکەوێ، نەک بە پشتگوێخستنیان." ئەمە ڕاستییەکە کە بەداخەوە لە ناو کورد بەگشتی و لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی، بەهای پێ نەدراوە.

ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، پێویستمان بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو تواناکان هەیە. تەنانەت کەسانێک کە خۆپەرستن و تەنیا قازانجی خۆیان لە بەرچاوە، دەتوانن لە بەشداریی گشتی و توانای کۆمەڵگە زیاترسوودمەند بن.

هیـچ بەشـێک لـە حیزبـی دیموکـرات بەتەنیـا ناتوانـێ ڕۆڵـی حیزبێـک کـە قاسـملوو ڕێبەریـی دەکـرد، بگێـڕێ. ئێمـە پێویسـتمان بـە یەکـتر هەیـە. ئێمـە لـە دوورگەیەکـی دابـڕاودا ناژیـن، بەڵکـو ئەندامـی کۆمەڵگەیەکـی لێکدابـڕاو، بـەڵام خەباتگێریـن. بـۆ پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی ئـەوەی کـە ئێمـە پێـی دەڵێیـن حیزبـی دیموکـرات و خەباتـی نەتەوایەتـی دەبـێ فێـر بیـن و پشـتیوانی یەکـتر بیـن، دەبـێ پرسـەکان شرۆڤـە بکەیـن و وەڵامـی هەڵەکانـی خۆمـان بدەینـەوە. دەبـێ دیالـۆگ و دانوسـتاندن بکەیـن. بوێرانـە دان بـە هەڵەکانـی خۆمانـدا بنێیـن، پێشـوازی لـە هەمـوو توانایـەک بکەیـن و سـینگمان کـراوە بێـت بـۆ وەرگرتنـی پێشـنیار و بۆچوونـی کەسـانی دیکـە. دەبـێ بـە کـردەوەی خۆمـان - نـەک بـە دروشـم – هیـوا بـە خەڵکـی کوردسـتان ببەخشـین و هێـزی ئەرێنـی و بـڕوا لـە ناویانـدا گەشـە پـێ بدەیـن.

چونکـە هیچـکام لـە ئەندامانـی ڕێبەریـی حیزبـی دیموکـرات نـە کامـڵ ، تـەواو، نـە سـەربەخۆ، نـە بـێ نیـازن و نـە خاوەنـی لێهاتوویـی و شـارەزایی لـە ڕادەبـەدەر و کاریزمـای دوکتـۆر قاسـملوون، بـا بێـن و هـەروەک دوکتـۆر سـەعید لـە بۆنـەی شـەهیدبوونی دوکتـۆر قاسـملوو داوا دەکات: "هەرکـەس بـە پێـی توانـای خـۆی" کار بـکات. خەبـات بـە بـێ کێشـە ئاڵۆزەکانـی نـاو ڕیزەکانـی دیموکراتیـش، هـەر سـەخت و پـڕ لـە کەندوکۆسـپە. کاتـی کایـە و دۆڕاندنـی هێـز و سـەرمایەی گـەل تـەواو بـووە. وەرن یـەک بگریـن.

# قاسملوو - ڕێبەرێک
# کە بە دوای ڕێبەرانی دوارۆژدا دەگەڕا
# وتاری ٨

ڕێزدار مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حدکا، لە گفتگۆیەکدا باسی هاتنی خۆی بۆ ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات و دەڵێت: کە ئەو بەرلەوەی ببێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات، دوکتۆر قاسملوو دەناسێ و دوکتۆر بانگی دەکات بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزب. هەر لەو کۆنگرەیەدا ناوبراو بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر دەفتەری سیاسیی حدکا هەڵدەبژێردرێت. هیجری دوای کارەساتی میکۆنۆس کە لەودا لە ١٧ی سێپتەمبری ١٩٩٢دا جێنشینی دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی شەهید دەبێت، وەک جێگری سکرتێر ئەرکی ڕێبەری حیزب واتە دووەم جێنشینی دوکتۆر قاسملوو تا کۆنگرەی دەی حدکا بەرێوە دەبات و لە ساڵی ٢٠٠٦وە تا ئەمرۆ سکرتێری گشتیی حدکایە. ڕێبەرانی بەرز دوای ڕێبەرانی خاوەن پۆتێنسیال دەگەڕێن و هەرکە دۆزییانەوە، دەیانکەنە ڕێبەری چاک. دوکتۆر قاسملوو لە ماوەی ڕێبەرایەتیی خۆیدا رەنگە لە سەر سێ کەس زۆرترین سەرمایەگوزاریی کردبێت: دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری. بەداخەوە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی مەودای نەبوو و هەر سێ ساڵ ڕێبەری حیزب بوو، بەڵام لەو سێ ساڵەشدا نیشانی دا کە وەک کەسایەتییەکی باوەڕبەخۆ و بە ڕێبازی ڕێبەرەکەی، دەکرێ، هەستی بێ قاسملوویی لە ناو ریزەکانی حیزبدا کەم بکرێتەوە و ڕۆحی

هیـوا و وزە بـە حیـزب و خەبـات ببەخـشرێ. کارنامـەی دوو سـکرتێرەکەی دیکـەی حیـزب دەهێڵینـەوە بـۆ مێـژوو و ڕووداوەکانـی بیسـت و دووسـاڵی ڕابـردوو.

شـتێک کـە گرنگـتر و کەمـتر لـە توانایـی و لێزانینـە، توانایـی ناسـینی تواناکانـە. یەکێـک لـە بنەڕەتیتریـن بەرپرسـایەتییەکانی ڕێبەرێکـی سـەرکەوتوو ناسـینی کەسـانی خـاوەن پۆتەنسـیەل و ڕێبەرانـی دوارۆژە. ئـەوان کەسـانێکن کـە ڕێبـەر دەیـەوێ لـە سـەریان کار بـکات و بـۆ ڕێبەریـی داهاتـوو پەروەردەیـان بـکات. ناسـینی ئەوانـە کارێکـی زۆر سـەخت و ئەسـتەمە.

دکتـۆر قاسـملوو لـەو بارەیـەوە کەسـێکی بەراسـتی بەتوانـا بـوو، لـە مـاوەی دوای ئاشـکرابوونی خەباتـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٧٩ەوە تـا ١٩٨٩ کـە دەسـاڵی خایانـد، سـەرەرای بوونـی شـەڕی توندی چەکدارانـە و بەڕێوەبردنـی حیـزب لـە ڕووی سیاسـی، ناسـنامەیی، بەرنامـە و ڕێکخسـتن و دیپلۆماسـییەوە، توانیـی لانیکـەم ڕێبەرێکـی زۆر بـەوەج و شـیاو بـۆ دوای خـۆی پـەروەردە بـکات. پـەروەردەی ڕێبـەری چـاک وەک دەرهێنانـی زێـڕ لـە کاندایە، دەبـێ چەندیـن تـۆن خـاک جێبەجـێ بکرێـت تـا مسـقاڵێک زێـڕ بدۆزرێتـەوە. بـەڵام لـە کانـە زێـڕدا مـرۆڤ بـۆ خـاک ناگـەڕێ، زێـڕی دەوێ. ئەمـەش ڕاسـت شـێوازی پـەروەردەی ئەرێنیـی مرۆڤـە سـەرکەوتووەکانە. ڕێبەرانـی ئەمرۆمـان دەبـێ بـەدوای زێـڕدا بگەڕێـن نـەک خـاک. دەبـێ لـە بەرامبـەر خراپـەدا، چاکـە بکرێـت. هەرچـی مـرۆڤ زۆرتـر وەدوای توانـای ئەرێنـی و پۆزیتیڤـدا بگـەڕێ، زیاتـر دەیدۆزێتـەوە.

ڕێبەرایەتیـی بەرپـرس و بەمشـوور،لە گرنگیـی بوونـی کادر و بەڕێوەبەری شـیاو تێ دەگا. حیزبـە پێشـکەوتووەکانی جیهـان لـە ڕێـگای ڕێکخـراوی لاوانـی خۆیانـەوە هەمووسـاڵێ بـە چالاکیـی جۆراوجـۆر هـەوڵ دەدەن باشـترینەکان بـۆ ڕێبەرایەتـی و بەڕێوەبەریـی ڕێکخراوەیـی خۆیـان هەڵبژێـرن، پەروەردەیـان بکـەن و بەرپرسـایەتییان پـێ بـدەن. نموونـەی ئەوجـۆرە ڕێکخراوانـە لاوانـی سۆسـیال دیموکـرات و ئەنترناسیۆنالیسـت سۆسیالیسـتە. زۆربـەی هـەرەزۆری ڕێبەرانـی حیزبـە سۆسیالیسـتەکان بەتایبـەت لـە وڵاتانـی سـکاندیناوی، ڕێـگای ڕێبەرییـان لـە یەکیەتـی لاوانـەوە دەسـت پـێ کـردووە و قۆناغەکانـی پـەروەردەی ریکخراوەییـان لەوێـوە بڕیـوە و بـەرەو لووتکـەی بـەرزی

بەرپرسایەتی و ڕێبەری سەر کەوتوون. هەلکەوتێکی سەرنجراکێش لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆخۆی دامەزرێنەری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە و سەرەرای ئەوەی کە ڕێکخراوەکە دوای داگیرکرانەوەی کوردستان و هەڵوەشانەوەی کۆمار، بە دەستی دەسەڵاتی پەهلەوی لەناو برا، بەڵام کاریگەریی لەسەر قاسملوو بەرادەیەک بوو کە دوای رووخانی کۆماری کوردستانیش هەروا وەفادار بە باوەڕی نیشتمانی و نەتەوەیی مایەوە و کاتێک کە لە چێکوسلواکی و لە وڵاتێکی سۆسیالیستدا بوو، فەلسەفەی "جیاواز بیر بکەوە"کەی بوو بەهۆی ئەوە کە داگیرکردنی پۆلەند (لەهستان) لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە شەرمەزار بکات و ڕازی نەبێت "بە وەزعی مەوجوود" و ریسکی دەرکران لە چێکوسلاڤاکی قبووڵ بکات بەڵام داگیرکاری و سیاسەتی زۆرەملی سۆڤیەت و سۆسیالیزمی ئەوکات "مەوجوود" قبووڵ نەکات و دژی دیکتاتۆری بوەستێتەوە. بۆیە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: "خراپترین دیموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری چاکترە".

هەڵبژاردنی کادر، ڕێبەر و بەڕێوەبەر بە دوو شتەوە گرێ دراوە: ١) توانای ڕێبەر لە ئاسۆبینی و پێشبینیی دوارۆژ و ٢) توانای ڕێبەر لە ناسینی تواناکان و لێهاتوویی هاوکارەکانی.

دکتۆر قاسملوو بە لەبەرچاوگرتنی هەست بە پێویستی بۆ خەباتی سەردەمی خۆی، سەرمایەکانی مەوجوود لە ناو حیزبەکەیدا، توانای خوازیارانی بەشداری لە خەبات و بەڕێوەبەریدا و هەروەها ئاستی دەروەستبوونی ئەوان، زۆرترین سەرمایەگوزاریی بەتایبەت لە سەر دووکەس کرد، کە بەشێوەی نەریتی ئەندامی حیزبی دیموکرات نەبوون و دوایە هەردووکیشیان بوون بە سکرتێری گشتیی حیزب.

قاسملوو دەیزانی کە بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە ڕێبەر دەبێت هەندیک تایبەتمەندیی هەبێ کە جیاواز بێت لە گشت و هەروەها توانای ریسکیشی هەبێ. بۆخۆشی نموونەی ئەو تایبەتمەندییانە بوو. ڕێبەر دەبێ دە تایبەتمەندی هەبن تاکو بتوانێ ڕێبەرایەتیی ڕێکخراوێک بکا:

١. کەسایەتی

یەکەم شت کە هەر ڕێبەرێک یان کەسێکی خوازیاری ڕێبەری دەبێ هەیبێ، کەسایەتییە. هیچ شتێک بە ڕادەی کەسایەتیی مرۆڤ گرنگ نییە. کەسێک کە کێشەی کەسایەتیی هەبێ، چاوپۆشیی لێ ناکرێ. ئەو کێشەیە وا دەکا کە ڕێبەر بڕشتی نەمێنێ. کێشەی کەسایەتی و شێوازی هەڵسوکەوت نابێ لە گەڵ لاوازیدا تێکەل بکرێن. هەموو مرۆڤێک خاڵی لاوازی هەن کە لە ڕێگای پەروەردە و خۆ پەروەردەکردنەوەوە دەکرێ لاوازتر بکرێن یان نەهێڵرێن. گۆڕان درێژخایەن و پێویستی بە سەرمایەگوزاریی زۆر هەیە. بەڵام کەسێک کە لە رووی کەسایەتییەوە لاواز بێت، لەوانەیە ڕێکخراوەکە تووشی خەساری زۆر بکات. ڕێبەری خاوەن کەسایەتی کەسێکی: ڕووراست، ڕاستگۆ، ئەمانەتدار، بەدیسیپلین، خودان پۆتەنسیەلی فێربوون، جێگای متمانە، هەڵسووڕ و ماندوونەناس، ئەرکناس، ڕەوشتبەرز و لە ڕەفتار و کرداردا ڕاستگۆیە.

لە ناو ڕێبەرانی ئێمەدا زۆر کەس هەن کە: دردۆنگن لە بڕیارداندا، بەرپرسایەتیی کارەکانیان وە ئەستۆ ناگرن، پەیمانشکێنن و ئەو بڕیار و پرەنسیبانەی کە بۆخۆیان پەسەندیان کردوون، جێبەجێیان ناکەن و لە کاتی خۆیدا کارەکان ئەنجام نادەن.

مرۆڤەکان بە لەبەرچاوگرتنی جۆری پێوەندییان لە گەڵ دەوروبەر و ئاستی پێوەندیی کۆمەڵایەتی بە بێ لەبەرچاوگرتنی پلەی سیاسی و تەشکیلاتییان دەناسرێنەوە. کەسایەتیی جیاواز بەر لە بەرپرسایەتی و دوای بەرپرسایەتیی، بەتایبەت لە رووی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، ئەگەر پێوەندییەکە ئەستوونی بێت، دەبێتە هۆی ڕووخانی بنەماکانی بڕوای کۆمەڵایەتی و کەمبوونی بایەخی پلەی بەرپرسەکە.

٢. شوێندانەری

شوێندانەری و کارکردی ڕێبەری حاشا هەڵنەگرە. هەر ڕێبەرێک دوو تایبەتمەندیی کەسایەتیی هەیە: یەکەم، دەستپێشخەرە و دووەم، دەتوانێ خەڵکانی دیکە لە دەوری خۆی بکاتەوە. شوێندانەر بوون تەنیا بەس نییە، چۆنیەتیی شوێندانانەکەش

دەرخـەری جـۆر و کەسـایەتیی ڕێبـەرە.

دوای قاسـملوو دینامیزمـی زیندوویەتـی لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا، بەتایبـەت لـە ئاسـتی ڕێبەرایەتیـی حـدکادا، تووشـی لاوازییەکـی دڵهەژێـن هاتـووە. ڕێبەرانـی ئەمـڕۆی حیـزب کەمـتر بـەدوای لێگـەر و چالشـدا دەگەڕێـن و زۆرتـر بـە دوای کەسـانی موریـد و گوێڕایەڵیـان بـەلاوە بەسـەندە تاکـو، "بـە دڵـی ئـەوان قسـە بکـەن" و لـە بەرامبـەر ئەوانـدا خۆیـان بـە بچـووک بزانـن. بۆیـە چۆنیەتـی پێـڕەوان و لایەنگرانیـان، نیشـاندەری چۆنیەتـی و کەسـایەتیی ئەوانیشـە. داخـوا لایەنگرانـی ڕێبەرانـی ئەمـڕۆ کەسـانێکی داهێنـەر و کاریگـەرن، یـان تەنیـا چەپڵەلیـدەرن و بەڵـێ قوربـان دەکـەن؟

٣. بۆچوونی ئەرێنی
بۆچوونـی ئەرێنـی، بەنرختریـن سـەرمایەی هـەر مرۆڤێکـە. بـە بـڕوای نووسـەری بەناوبانگـی بـواری ڕێبـەری و گەشەسـەندنی کەسـایەتی، جـان ماکسـوێل (John C. Maxwell) لـە کتێبـی " ڕوانگـەی پۆزێتیـڤ، ڕەمـزی سـەرکەوتنی تاکەکـەس"، ئـەوەی کـە خەڵـک بـە کێشـەی خۆیانـی دەزانـن، لەڕاسـتیدا کێشـەی ئـەوان نییـە. کێشـەی ئـەوان بەهـۆی جـۆری هەڵسـوکەوتی خۆیانەوەیـە وهـەر ئـەو هەڵسوکەوتەشـە ناهێڵـێ لـە کێشـە و سـەختییەکان دەربـاز بـن. کەسـێک کـە بەهـۆی جـۆری ڕوانینـی بـۆ ژیـان ئەرێنـی بیـر بکاتـەوە، دەتوانـێ هەلومەرجـەکان بکاتـە "هەلـی نـوێ" و بەپێچەوانـەی کەسـانی ئاسـاییەوە، لـە جیـێ قبووڵـی شکسـت، هـەوڵ دەدا توانـا و شـارەزاییەکەی لـە بەرهەمهێنـان و داهێنانـی نوێـدا بخاتـە گـەڕ. ئـەو ڕێبەرانـەی کـە ئەرێنـی بیـر دەکەنـەوە دەتوانـن ڕێکخراوەکـەی خۆیـان بـەرەو ئاسـۆیەک بـەرن کـە بـە کەسـانی دیکـە ناکـرێ. هەرچـۆن قاسـملوو لـە ئاسـتەمترین هەلومەرجـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و کولتووریـی بزاڤـی نەتەوایەتیـی کـورددا، حیزبـی دیموکراتـی کـردە گەورەتریـن و کاریگەرتریـن حیزبـی سیاسـی کـورد لـە سـەردەمی خۆیـدا کـە ئەمـڕۆش جێگرانـی لـە میراتەکـەی دەخـۆن.

٤. خاکی و خەڵکی بوون
ئەگـەر ڕێبەرێـک نەتوانـێ خەڵـک بـەرەو لای خـۆی ڕابکێشـێ، لایەنگریشـی نابـێ. ڕێبەریـک کـە لای خەڵـک خۆشەویسـت بـێ، خاوەنـی ئـەو تایبەتمەندییانەیـە: بایەخـدان بـە خەڵکـی دەوروبـەر، توانایـی تێگەیشـتنی ئـەوان و بڕیـار بـۆ سـازکردنی پێوەندییەکـی ئەرێنـی لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا. جـۆری هەڵسـوکەوتی خەڵکانـی تـر لـە گـەڵ ئێمـە لـە ئەنجامـی جـۆری هەڵسـوکەوتی ئێمەیـە لـە گـەڵ ئـەوان. ڕێبەرێکـی سـەرکەوتوو ئـاگاداری ئـەو خاڵەیـە.
یەکێـک لـە خاڵـە بەهێزەکانـی کەسـایەتیی دوکتـۆر قاسـملوو، خۆگونجاندنـی لـە گـەل دەوروبـەر و توانـای پێوەندیکردنـی بـوو بـە کەسـانی تـرەوە. مـرۆڤ لـە کاتـی پێوەنـدی بـە دوکتـۆر قاسـملووەوە هەسـتی بـە گەورەیـی و ورەبەخشـین دەکـرد و لـە هەمـووی گرنگـتر مـرۆڤ ترسـی نەبـوو لـەوەی کـە لێـی نزیـک ببێتـەوە، داوای لـێ بـکا وێنەیەکـی لـە گـەل بکێشـێت یـان چـەن قسـەیەکی لـە گـەڵ بـکا. چونکـە قاسـملوو دەیزانـی کـە مرۆڤپـەروەری بەشـێکی گرنـگ لـە ئـەرک و تایبەتمەندیـی ڕێبەرییـە.

٥. لێهاتووییە دیارەکان
هـەر مرۆڤێـک هەندێـک تایبەتمەندیـی تایبـەت کەسـیی هەیـە. یەکێـک لـە ئەرکەکانـی ڕێبـەری لـە کاتـی پـەروەردەی ڕێبەرانـی داهاتـوودا سـەرنجدان بـە لێهاتوویـی ئـەوان و ئەگـەری سـەرکەوتنیان لـە کارەکانیانـدا و بەرەوپێـش بردنـی ڕێکخراوەکەیـە، ئـەوەش ئەرکێکـی زۆر گرینگـە. ئەمـرۆ بەداخـەوە بەشـێکی زۆر لـە هەڵبژاردنـەکان بەپێچەوانەی ئـەوە بـە پێـی ئاسـتی نزیکـی وگوێڕایەڵیـی ئـەو کەسـانە لـە بەرپرسـەکانەوەیە . ڕێبەرانـی ئەمـرۆ بـە دوای کەسـانێکدا دەگەڕێـن کـە "بـێ دەردی سـەر بـن".

٦. ڕێگای سەلمێنراوی ڕێبەری
شـاعیری ئەمەریکایـی، ئارچـی مـک لیـش (Archibald MacLeish) دەڵێـت: "تەنیـا شـتێک کـە لـە تاقیکردنـەوە ناخۆشـترە، تاقینەکردنەوەیـە." ئـەو ڕێبەرانـەی کـە ئـەو ڕاسـتییە دەزانـن، لـە درێـژەی ژیانیانـدا ڕێـی سـەرکەوتن دەبـڕن. هەرکەسـێک شـتێکی

ئەزموونکـراو، ئەزمـوون بکاتـەوە،دەدۆڕێ، بـەڵام ڕێبەرانێـک کـە لـە تاقیکردنـەوە بترسـێن، قـەد سـەرناکەون. رابێـرت تاونسـەند (Robert Townsend) شـارەزای بـواری بەڕێوەبـەری دەڵێـت: "ڕێبـەران سـنووری تەمـەن، شـوێن، هەڵکـەوت و هەلومەرجـی تایبـەت ناناسـن، ئـەوان هەمووجـارێ لـە هەمـوو شـوێنێک هـەر ڕێبـەرن. تەنانـەت لەوانەیـە ڕێبـەر لـە ئاسـتی کارمەندێکـی سـادەدا بێـت، بـەڵام ئـەوان بەهـۆی شـوێندانەرییان بـە سـەر خەڵـک و هەروەهـا پێگـەی کۆمەڵایەتییانـەوە دەناسرێنـەوە." ڕێبـواری خـاوەن بـاوەڕی بەهێـز، لـە نـاو خەڵکـدا بەبـێ پلەوپایـەی ڕێکخراوەییـش هـەر دیـارە.

٧. بڕوا بەخۆ

ڕێبەرێـک کـە بـڕوای بەخـۆی نەبێـت، ناتوانێـت بـڕوای خەڵک بـۆ لای خۆی ڕابکێشـێت. مرۆڤـەکان بـە شـێوەی سروشـتی لـە قاسـملوو نزیـک دەبوونـەوە و لایەنگرییـان دەکـرد، چونکـە بڕوابەخۆبـوون بەشـێک لـە تایبەتمەندیـی قاسـملوو و کەسـایەتییەکەی بـوو. لـە جیهانـدا ڕێبەرگەلـی بڕوابەخـۆی زۆرهەبـوون کـە هـەر لـەم سـۆنگەیەوە، کۆمەڵگەیـان گۆڕیـوە و شـوێن پەنجـەی خۆیـان لـێ داوە. لـە سـەروبەندی رووخانـی یەکیەتیـی سـۆڤیەتی پێشـوودا،ئەرتەش کودەتایەکـی دژی گۆرباچـۆڤ، دوایـن سـەرۆکی یەکیەتیـی سـۆڤیەت کـرد.

مالـی سـەرۆکی کۆمـاری رووسـیا، بۆریـس یەڵتسـین (Boris Yeltsin) بـە تانـک گەمـارۆ درابـوو. فەرمانـدە پایەبەرزەکانـی ئەرتـەش فەرمانیـان بـە تانکـەکان دابـوو کـە تەقـە لـە یەڵتسـین و هاوڕێیانـی بکـەن. کاتێـک ئەرتـەش لـە شـوێنی خـۆی جێگیـر بـوو، یەڵتسـین لـە خانووەکـەی دەرکـەوت و بوێرانـە چـوو سـەر تانکەکـە و ڕوو لـە فەرماندەی تانکەکـە کـرد و وتـی: " سـوپاس بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـە دیموکراسـی دەکـەی". دواتـر فەرماندەکـە وتبـووی کـە بڕیـار بـوو ئـەوان پشـتیوانی لـە یەڵتسـین نەکـەن، بـەڵام کاتێـک ئـەو بـە بڕوایەکـی قووڵـەوە قسـەی کـرد و لێیـان نزیـک بـووە، سـەربازەکان بڕیاریـان دا پشـتیوانیی لـێ بکـەن و لـە ئەنجامـدا کودەتاکـەی ئەرتـەش شکسـتی هێنـا و یەکیەتیـی سـۆڤیەتیش بـوو بـە بەشـێک لـە مێـژوو.

بڕوابەخۆبـوون یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی گرنگـی ڕێبـەرە و شـێوازێکی بیرکردنـەوەی ئەرێنییـە. گەورەتریـن ڕێبـەران و کەسـانی سـەرکەوتوو سـەرەرای هەمـوو کەندوکۆسـپەکان بڕوایـان بـە خـۆ هەیـە. بڕوابەخۆبـوون سـەرمایەیەکی گـەورەی ڕێبەرە کـە دەتوانێـت ئـەو بڕوایـە بـە لایەنگرانـی خۆشـی بـدات.

٨. خۆدیسیپلینی

هەمـوو ڕێبەرانـی گـەورەی جیهـان، بـە بـێ جیـاوازی، خاوەنـی تایبەتمەندیـی خۆدیسـیپلینین. بەداخـەوە بەشـێکی زۆر لـە ڕێبەرانـی ئێمـە بەجیاتـی خۆدیسـیپلینی، خەریکـی ژیانێکـی جیـاواز لـەو باوەڕانـەن کـە پڕۆپاگەنـدەی بـۆ دەکـەن و جیـاوازی بـاری ژیـان لـە نێـوان ئەندامانـی ڕێبـەری و بەدەنـەدا، کەلێنـی لـە نێـوان ڕێبـەری و ئەندامانـی حیـزب و بنەماڵـەکان لـە بنکـە و ئۆردووگاکانـدا سـاز کـردووە. هیـچ سـەرکەوتنێک لـە ڕێـی "یەک بـان و دووهـەوا"وە دەسـتەبەر نابێ. بەهـۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییـەوە، سیاسـەتێک کـە بەشـی ئاشـکرای حیـزب لـە باشـووری کوردسـتان تێـی کەوتـووە، لەوانەیـە نەتوانیـن چاوەڕێـی ئـەوە بیـن ڕێبەرانـی ئێمـە خۆدیسـیپلینی بەرێـوە ببـەن و ئامـادە بـن نرخـی خۆدیسـیپلینی بـدەن. کاتێـک بـاس لـە خۆدیسـیپلینی دێتـە پێـش مرۆڤـەکان دوو ڕێـگا زیاتریـان لـە بەردەمـدا نییـە: یـا ئێـش و ئـازاری خۆدیسـیپلینی کـە بریتـی بێـت لـە فیـداکاری، ڕێکوپێکـی و گەشـەکردن قبـووڵ دەکـەن یـا خـود ئێـش و ئـازاری پەشـیمانی بەهـۆی لەدەسـتدانی هەلـەکان و خۆخەریککـردن بـە شـتە لاوەکییەکانـی خەباتـەوە. هەرکەسـێک لـە ژیانـدا هەڵبژاردەیەکـی هەیـە. دوکتـۆر قاسـملوو ڕێـگای خۆدیسـیپلینیی هەڵبـژارد و تەنانـەت شـتێکی بـۆ بنەماڵـەی خۆشـی بەجـێ نەهێشـت و هەمـوو میراتەکـەی پێشکەشـی حیزبـی دیموکـرات کـرد.

٩. توانایی پێوەندیی کاریگەر

پێوەنـدی بەشـێکی گرنـگ لـە ژیانـی ئێمەیـە. لێکۆڵینـەوەکان دەسـەلمێنن کـە نزیـک بـە ٧٠٪ی کاتـی مـرۆڤ دەکەوێتـە خزمەتـی پێوەندییەکانـەوە. ڕێبەرێـک کـە توانـای

پێوەندیگرتنی نەبێ، ناتوانێ، بەشێوەیەکی کاریگەر و شیاو بۆچوونەکانی خۆی بە خەڵک و دەوروبەری رابگەیەنێ. توانای رێبەر لە متمانەدان بە خەڵک یەکسانە لە گەڵ تواناکەی لە پێکهێنانی پێوەندیدا. هەردووک تایبەتمەندیی سەرەوە پێویستیان بە کردەوە لە لایەن رێبەر و دژکردەوە لەلایەن لایەنگرانییەوە هەیە. پێوەندی کردەوەیەکی دوولایەنەی ئەرێنییە. کاتێک پێوەندییەکە یەک لایەنانە بێت، درەنگ یا زوو ئەو پێوەندییە دەمرێت. قاسملوو لە هەموو ئاستەکانی پێوەندیدا چ وەک دیپلۆماتێک و چ وەک رێبەر و کەسێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگەدا دەیتوانی لە گەڵ دەوروبەرەکەی  پێوەندی بگرێ و ئەوەندە شوێندانەر بێت کە بە دوای خۆیدا هەستێکی بەهێز بەجێ بێڵێت. نموونەی تایبەتمەندیی د. قاسملوو لەم بارەیەوە، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو گرنگییەکی تایبەتی دەدا بەو کەسانەی کە قسەی بۆ دەکردن. کاتێک گرنگی بە کەسێک یان کۆمەڵێک دەدرێ کە قسەیان بۆ دەکرێ، ئەوانیش بە دڵ و گیان گوێ دەگرن. توانای سەرنجدان بەو کەسەی کە وەڵام دەداتەوە، ئەو کەسانەی کە لە پێوەندییەکاندا لاوازن، تەنیا لە کاتی قسەکردندا سەرنج دەدەن و کاتی بیستنی وەڵامی لایەنی بەرامبەر سەرنجیان پێ نادەن.ئەوانەی کە توانای پێوەندیگرتنی بەتینیان هەیە، تەنانەت سەرنج دەدنە بزاڤی جەستەی ئەو کەسەی کە گفتگۆی لە گەڵ دەکەن و بەپێی ئەو هەڵسوکەوت دەکەن. توانای پێوەندیکردن بە هەموو خەڵکەوە، قاسملوو لە پێوەندیی خۆیدا دەیتوانی هەستی ئارامی و ئینسانی بە هەموو کەس ببەخشێ. ئەو دەیتوانی لە گەڵ هەرکەسێک و بەهەر سەلیقەیەکەوە، تێکەڵ بێ و گفتگۆی لە گەل بکا. پێوەندی چاوبەچاو لە گەڵ لایەنی گفتگۆ، بە یەک چاوخشاندن بە وێنەکانی قاسملوو لە کاتی قسەکردن یان گوێگرتن لە کەسێک کە قسە دەکات، مرۆڤ دەبینێت کە بەهۆی ئەوەی کە ئەو لە گفتگۆی خۆیدا راستگۆ بوو، لە کاتی قسەکردن و گوێگرتندا چاوی لە چاوی بەرانبەرەکەی بوو. پێکەنینەکەی قاسملوو لەوانەیە "موعجزە" ئاساترین تایبەتمەندیی ئەو  لە کاتی پێوەندیگرتندا بووبێ. ئەو دەیتوانی بە بزەی سەرلێو و پێکەنینەکەی، هەستێکی گەش بە بەرامبەرەکەی ببەخشێ ومرۆڤدۆستی و ژیانویستیی خۆی بە گوێگرەکانی بسەلمێنێ.

١٠. نارازیبوون لە وەزعی مەوجوود
رێبەران ئەوەی کە هەیە دەبینن، بەڵام زێدەباری ئەمەش، هۆیەکانیش دەبینن. رێبەری راستەقینە، قەت بە رەوشی باو "قانع" نابێ. قاسملوو رێبەرێک بوو کە زیاتر لەوانی دیکە، بۆ کردنەوەی دەروازەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتن هەوڵی دەدا. ئەو بەدوای کردنەوەی ئاسۆی تازە و جیهانی نوێوە بوو بۆ کورد. قاسملوو قەت لە رەوشی حیزبەکەی رازی نەبوو و هەمیشە بە دوای ئەوەوە بوو کە بە کەمترین "نرخ" زۆرترین دەستکەوت بەدەست بێنێ. ناوبراو سەرەڕای رەوشی تایبەتی پێوەندیدار بە شەڕی چەکداری و تەنگەژە ئایدیۆلۆژییەکان، رۆژلەدوای رۆژ، بە ڕێبەرایەتییەکی بێ وێنە، حیزبەکەی بەهێزتر دەکرد.

ناڕازیبوون لە وەزعی مەوجوود بە واتای بۆڵەبۆڵ و گلەیی نییە، بەڵکو بە مانای بەهێزیی ویستی گۆڕانکارییە. کەسێک کە ئامادە نەبێ لە پێناوی گۆڕانکاریدا، ریسک بکا، سەر ناکەوێ.بەداخەوە، رێبەرانی پارێزەری "وەزعی مەوجوود" بۆخۆیان بوونەتە "شوێنکەوتووی" وەزعەکە. رایمۆند سمیت (Raymond Smith) سەرۆکی بێل ئاتلانتیک دەڵێت: " بڕینی رێگایەکی بێ کۆسپ و مەترسی و یەکدەست، لەوانەیە سەرقاڵت بکا، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە درێژخایەندا هیچ سوودێکی بۆ رێکخراوەکە نابێ." رێبەرایەتی ئێستاکەی حیزبی دیموکرات راست لەو خاڵەدا ماوەتەوە، واتە لە گۆڕانی وەزعی مەوجوود و ریسکی گۆڕانکاری دەترسێ. چونکە لەناو ئێمەدا نایابن ئەو رێبەرانەی کە "ریسکدێر" بن وهەنگاوی بوێرانە بۆپێکهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەڵبگرن.

بۆ ئەو کەسانەی کە لە گەڵ کێشەی کۆن دەسازێن، ژیان ئاسانتر و ئارامترە لەوەی کە رێگاچارەی نوێ بدۆزنەوە و ریسکی گۆڕان بکەن. جیاوازیی نێوان شیاوی و کاتی پێویست بۆ باسکردن و گفتگۆ لەسەر چارەسەری کێشە کۆنەکان و دۆزینەوەی رێگای تازە بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاری یەکجار کەمە. جیاوازییەکە لە

جۆری بۆچوونەکاندایە. دەشێ ڕێبەرایەتیی حیزب بەجیاتی قەتیسمان لە کێشەی کۆندا بە دوای چارەسەری و گۆڕاندا بگەڕێ.

قاسملوو بەو هیوایە سەرمایەگوزاریی لە سەر ڕێبەرانی ئەمڕۆی حیزب کرد کە وەک خۆی ببنە ڕێبەرانێکی سەرنجراکێش و بەتوانای حیزب و جووڵانەوە. ئەوان بەراستی دەتوانن ئەو خەونەی قاسملوو وەدی بێنن، بەمەرجێک بزانن کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان لانیکەم ۳۰ ساڵ کەمتەمەنتر لەو کاتەیە کە ئەوان دەستیان بە ڕێبەری کرد و پێویستە فەلسەفە و کولتووری ڕێبەریش بەو پێیە بگۆڕدرێ.

# ڕێبەریی دڵان
# وتاری ٩

ئێوارەی رۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٥ (١٣٦٤ی ک.هەتاوی) رادیۆ بی.بی.سی دیمانەیەکی لە گەڵ دوکتۆر قاسملوودا بڵاو دەکردەوە.بە هەڵکەوت میوانێکی بەتەمەنمان هەبوو و نوێژی مەغریبی دابەستبوو و چووبووە سەجدەوە،هەرکە دەنگی قاسملووی بەرگوێ کەوت،خێرا نوێژەکەی بەتاڵ کرد و رادیۆکەی ماچ کرد. بە لای من و باوکمەوە کە کەسێکی زۆر ئایینی بوو، ئەو کارەی وی شتێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو. میوانەکەمان کە هەستی بە سەرسوڕمانەکەی ئێمەی کرد و وتی: "قاسملوو تەنیا کەسێکە کە دەتوانێت بەراستی ئازاد مان بکات". لەو کاتەوە تا رۆژی بوونم بە پێشمەرگە و دواتر لە نزیکەوە بینینی قاسملوو لە بنکەی کەم ئەندامانی حدکادا، زۆر ئەستەم بوو بۆم لە قسەی پیرەپیاوەکە بگەم. چونکە ئەوکات بۆ من و هاوتەمەنەکانم "ڕێبەریی دڵان" شتێکی نەناسراوبوو.
ڕێبەری واتە هونەری نفووز لە دڵ و باوەڕی کەسانی دیکە. ئەو هونەرە لە دڵی ڕێبەرەوە دەست پێ دەکات.وەک دەڵێن، قسەی دڵ لە دڵ دەنیشێ، ڕێبەرێک دەشێ ئەوە بزانێت کە هەر بڕیارێک کە دەیدات کار دەکاتە سەر ژیانی زۆر کەس. "ڕێبەریی دڵان" ئەرکێکی قورسە کە پێویستی بە خۆپێگەیاندنی بەردەوامە. ئەوروپاییەکان وتەیەکیان هەیە کە دەڵێن: "ڕێبەران دەخوێنن و خوێنەران ڕێبەری دەکەن". بۆ "ڕێبەریی دڵان" خوێندنەوە و تێگەیشتن لە پێویستیی کۆمەڵگە و ئەو ڕێکخراوەی کە ڕێبەریی دەکا، پێویستییەکی حەیاتییە. قاسملوو کەسێک بوو کە

خوێندنـەوە و فێربـوون بووبوونـە بەشـێکی گرنـگ لـە تایبەتمەندیـی. مێشـکی مـرۆڤ وەک پەرەشـووت وایـە، تەنیـا بەکراوەیـی کار دەکا. قاسـملووی بیرمەنـد مێشـکی بـۆ فێربـوون کـراوە بـوو و لـە بوارەکانـی پـەروەردە و ڕێبـەری، توانـای پێوەنـدی مرۆڤـی و مێتـۆد و شـێوازەکانی ڕێبـەری شـارەزا بـوو و زانیـاری ئـەو بەرهەمـی چەندیـن سـاڵ حـەوڵ و تەقـەڵا بـۆ فێربـوون بەمەبەسـتی پێشکەشـکردنی باشـترین خزمـەت بـە دۆزی گەلەکـەی بـوو.

قاسـملوو بۆیـە ڕێبـەری دڵـەکان بـوو، چونکـە ئـاگاداری چۆنیەتـی هەڵبژاردنـی بەهـا و بایەخـەکان بـوو بـۆ حیزبەکـەی و لەژێـر ڕووناکیـی ئـەو بەهایانـەدا تابلـۆ ئەخلاقییەکانـی "سـیمای دیموکـرات" و "کادرێکـی حیزبـی دەبـێ..." ئامـادە و بـڵاو کرانـەوە. ئـەو شـێوەی چاککردنـەوە و بەرەوپێشـبردنی حیزبەکـەی دەزانـی، بوێرانـە ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ و لێگـەرەکان دەبـووەوە و توانـای ئـەوەی هەبـوو حیزبەکـەی وێـڕای گـۆڕانـکاری و نوێگەریـی بـەردەوام گەشـەی پـێ بـدات و لـە حیزبێکـی ئەسـتوونییەوە بـەرەو ڕێکخراوێکـی دیموکراتیکـی بـەرێ.

هاندانـی خەڵـک بـۆ کار و گەشەسـەندن بەرهەمـی ئەندێشـەی بەهێـزی ڕێبـەرە. بەداخـەوە لـە مـاوەی بیسـت سـاڵی ڕابـردوودا زۆر لەو کەسـانەی لـە ڕێبەرایەتیـدا بوون کـە تواناییەکانـی خۆیـان بـە ئەنقەسـت یـان خـود لـە سـۆنگەی کـەم شـارەزاییەوە، بـۆ پەراوێزخسـتنی دڵـەکان و لەگەشەخسـتنی ڕێکخراوێکـی دیموکراتیـک هەنگاویـان هەڵگرتـووە. ڕێبـەر بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ژینگەکـەی بناسـێ، پێویسـت دەکات لـەو سـەردەمەدا لانیکـەم هەفتەیـی جارێـک لـە دەورو بـەری خـۆی بڕوانـێ و مرۆڤـەکان و هاوکارانـی بەسـەر بکاتـەوە و ئـەوان بناسـێتەوە.

هاندانـی ئەندامـان بـۆ ئەنجامـی کاری چـاک و گەشەسـەندن، مـرۆڤ هـان دەدات، کاری چـاک بـکات. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گەشەسـەندنی تەواویەتـی حیزبـی. پێوەنـدی نێـوان ڕێبـەری و ئەنـدام دەشـێ پێوەندیەکـی دوولایانـە بێـت، پێوەنـدی دوولایانـە یارمەتیـدەری مرۆڤـە بـۆ گەشـەکردنی تاکەکەسـی و ڕێکخراوەیـی.

قاسـملوو لەبـەر نیازپاکیـی خـۆی، ئاکامـی باشیشـی لـە کار و دیالـۆگ لـە گـەڵ دەوروبەرەکەیـدا وەردەگـرت، خـۆ وەنەبـێ قاسـملووش بـێ کێشـە و لێگـەر و چالـش

بووبێ، بەڵکو وەک ڕێبەرێکی بەوەج، دەیزانی کە وزەی پۆزیتیف و ئەرێنی بە ناو دەوروبەری خۆیدا بڵاو بکاتەوە.

ڕێبەرێکی کارامە لە دوو ڕێگاوە یارمەتیی دەوروبەرەکەی دەدا بۆ گەیشتن بە ئاکامی باش:

١. ئامانجەکان بە دروستی بەوان دەناسێنێ و بۆیان شی دەکاتەوە.

٢. لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، هێندەی لە توانایدایە،ئەندامان هان دەدا و ڕێنوێنییان دەکا.

ڕۆڵی ڕێبەر زۆر لەوە گرنگترە کە لە ناو ئێمەدا باسی لێوە دەکرێ. ئەوە ڕێبەرە دیاری دەکا کە دەوروبەرەکەی لە چالاکییەکانیاندا سەرکەوتوون یان نا.

ئەرکی ڕێبەرێک کە بیهەوێ لە دڵی خەڵکدا بژی، یارمەتیدان و هاندانی ئەندامانی ڕێکخراوەکەیەتی بۆ سەرکەوتن و پێشڤەچوون. زۆرێک لە ڕێبەرانی ئەمرۆ چاوەڕوانی ئەوەن کە کەسانی دەوروبەریان کارەکان بە بێ کەموکورتی ئەنجام بدەن، ئەمجار بە بێ ئەوەی کە ڕێنوێنیی پێویست کرابن. یا خود بڕیارێک دەدەن و دەستبەجێ بەبێ ئامادەکردنی زەمینەی جێبەجێبوونی، ئەندامان و ئۆرگانەکان ناچار بە جێبەجێکردنی دەکەن.ئەمەش وەک ئەوە وایە بە منداڵێک کە هێشتا ناتوانێ لە سەرپێ خۆی ڕابوەستێ، بڵێن: "ڕێ بکە" و کاتێکیش کە دەکەوێ، لێی بدرێ و بوترێ: "پێم وتی ڕێ بکە! " هەڵبەت دایبابی دڵسۆز وا ناکەن.سەرەتا دارەدارە بە منداڵەکە دەکەن، تا بەرەبەرە خۆی بە پێوە دەگرێ، تا دەتوانێت نەختێک لە سەرپێ ڕابوەستێ. ئەوکات دایباب لەخۆشییان هاوار دەکەن: "منداڵەکەمان پێڕەوکە بوو" و ئینجا کۆڵێک ماچ و هەستی خۆشەویستیی خۆیانی بە سەردا دەبارێنن. ڕۆژی دواتر، بە نەختێکی دیکە ڕۆیشتن دیسان دایک و باوکەکان لە خۆشییان نازانن چ بکەن. بەرەبەرە بڕوای منداڵەکە بە خۆی گەشە دەکا و فێری ڕێگا ڕۆیشتن دەبێ. مرۆڤە گەورەساڵەکانیش وان، دەشێ لە ئەنجامی کارەکانیان هان بدرێن و هەڵەکانیان بە نیشانەی فێربوونی هەنگاوی داهاتوو ببیندرێن، نەک ببنە هۆی دەستبەجێ سەرکۆنەکردن و پەراوێزخستنیان.

لە ناو حیزبی کوردیدا و بە ئەزموونی خۆم، بەتایبەت لە ناو حدکادا فەرهەنگێکی

نـاڕەوا جێـی گرتـووە، کـە مرۆڤـەکان لـە نـاو حیزبـدا بـەرز دەکرێنـەوە وەهـەرکات بەرپرسـان و ڕێبـەران ویسـتیان لـە بەرزتریـن ئاسـتەوە بـە خێرایـی فڕێیـان دەدەنـە خـوارێ. بەپێـی ئـەو بۆچوونـە مرۆڤـەکان لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا ئەوەنـدە پێـش دەکـەون تـا دەگەنـە سـنووری ناشایسـتەیی. بـە واتایەکـی دیکـە بەپێـی نیـازی جینـاح یـان کەسـانێک هەندێـک کـەس ئەوەنـدە بـەرز دەکرێنـەوە تـا ئـەوەی کـە لـە ڕوانگـەی بەرزکەرەوەکانیـان بـە مەترسـی دەبیندرێـن یـان هەڵەیـەک دەکـەن. ئـەوکات ئـەوی بـە شـێوەیەک لـە عـەرز دەدەن کـە ئیـتر نەتوانـێ دووبـارە هەسـتێتەوە.

قاسـملوو لـەو ڕێبـەرە لێهاتووانـە بـوو کـە دەروەسـت بـوو بـە یارمەتـی بـە گەشـەکردن و سـەرکەوتنی کەسـانی ژێـر ڕێبەریـی خۆیـەوە. چونکـە هیچـکام لەوانـی بۆخـۆی بـە هەڕەشـە نەدەزانـی و سـەرکەوتنی ئـەوان بـە سـەرکەوتنی خـۆی دەزانـی. ڕێبـەری بەرپـرس کەسـێکە کاتێـک کەسـێکی ژێردەسـتی سـەرکەوتوو نابـێ، شکسـتەکەی بـە هـی خـۆی بزانـێ و خـۆی لـە بەرپرسـایەتی نەدزێتەوە.پێویسـتە کاتێـک کەسـێک دەردەکـرێ، پەراوێـز دەخـرێ یـا خـود ناچـار دەکـرێ ڕیزەکانـی حیـزب بەجـێ بێڵـێ، ڕێبـەر و بەرپـرس چاوێـک لـە ئاوێنـە بـکات و خۆیشـی لـە ئاوێنـەی ئەخلاقـدا ببینـێ و بزانێـت داخـوا هـۆی سـەرەکیی پێکهاتنـی ئـەو ڕەوشـە چـی بـووە.

گەورەتریـن ئەرکـی ڕێبـەر هاوکاریکرنـی کەسـانی دیکەیـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکان. کاتێـک کەسـانی ژێردەسـتی سـەر کەوتـن و بـە ئامانجـە دیـاری کـراوەکان گەیشـتن، سـەرکەوتنەکە بـۆ هەمووانـە.

دیاریکردنـی ئامانـج، یارمەتیـدەری سێگۆشـەی قـەوارەی ڕێکخراوەکـە، واتـە ئەندامـان، بەرپرسـان و ڕێبەرانـە. ئەندامـان بـۆ دۆزینـەوەی ئامانـج سـەیری بەرزتریـن ئاسـتی ڕێکخراوەکـە دەکـەن، بـەڵام دوای ڕوونبوونـەوەی ئامانجەکـە سـێ گۆشـە دەبـێ سـەراوبن بکرێـت: لـەو کاتـەدا خەڵـک دەبێتـە بەشـی سـەرەوەی سـێ گۆشـە، ئەندامـان و کادرەکانـی حیزبـی دەبنـە بەشـی ناوەڕاسـتی سـێ گۆشـە و ڕێبـەران و کادری ڕێبـەری دەبنـە بەشـی خـوارەوەی سـێ گۆشـەکە.

کاتێـک ئـەو فەلسـەفەیە جێبەجـێ بکرێـت، ڕێبـەر لـە "بەرپـرس"ەوە دەبێتـە "وەڵامـدەر". ئەندامـان لـە گـەڵ ڕێبـەری و بەرپـرس کار دەکـەن نـەک بـۆ ڕێبەرایەتـی.

وەڵامدەریـی رێبـەر، واتـا دانـی بەرپرسـایەتی بـە ئەندامـان بـۆ ئـەوەی کـە بۆخۆشـیان وەڵامـدەر بـن.

قاسـملوو رێبەرێکـی وەڵامـدەر بـوو. بۆیـە لـە پێـڕەوی ناوخـۆی حیزبـدا وەڵامدەربوونـی دەفتـەری سیاسـیی لـە بەرامبـەر کۆمیتـەی ناوەنـدی و کۆمیتـەی ناوەندیـی لـە بەرامبەر کۆنگـرەدا راسـت بەپێـێ ئـەو فەلسـەفەیە دارێژرابوو. ئەسـڵێک کـە ئەمـرۆ بەکـردەوە پێچەوانـە بووەتـەوە و رێبـەران و بەرپرسـان نەتەنیـا لـە بەرامبـەری هەڵـە رێکخراوەیـی و پرەنسـیپیەکانی خۆیانـدا بەرپـرس نیـن، بەڵکـو لـە هەوڵـی سـزادانی کەسـانی تـرن و کردەوەکانیـان دەخەنـە ژێـر زەرەبینـی رەخنـەوە.

ئەندامـان دەبـێ ببنـە بەرپرسـی ئەنجامـی بـە کوالیتـەی کارەکانیـان و رێبـەری دەشـێ وێـرای پشـتیوانی لـە ئەندامـان، وەڵامـدەری پێویسـتییەکانی ئەوانیـش بێت. بەو شـێوەیە بەرپرسـایەتییەکان لـە شـوێنی گونجـاوی خۆیـان دەبـن و ئـەو کەسـانەی ئەرکـی خۆیـان ئەنجـام دەدەن، هەسـت بـە گرنگیـی خۆیـان بکـەن و بزانـن ئەنـدام گەورەتریـن سـەرمایەی هـەر حیـزب و رێکخراوێکـە.

# ڕێزداری یان خۆشەویستیی گشتی؟
# وتاری ١٠

باشتر وایە ڕێبەر ڕێزدار بێ، نەک خۆشەویستی هەموان. یەکێک لە هۆیەکانی هێنانی لیستی فیکس لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە، ئەوە بوو کە ئەو لەو هەلومەرجەدا هەستی بەوە کردبوو کە پێویستە ڕێبەرایەتیی حیزب کارامە بێت و بتوانێت خێراتر بەرەو ئامانجەکان بڕوات. لە هەلومەرجی خەباتی چەکداری و لەو هەلومەرجەی کە خەبات پێویستی بە هەموو هێزێکی ناو کۆمەڵگەدا هەیە، دەبێ هۆیەکی زۆر بەهێزی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەبێ تاکو قاسملوو نموونەی هەڵبژاردنی حیزبە سۆسیالیستەکانی باکوری ئورووپا لە کوردستاندا جێبەجێ بکات. حیزبێک کە بە وتەی مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە لە دیمانە لە گەڵ گۆڤاری "لڤین" دا (٢٠٠٦) "جارێ فرچکی بە دیموکراسیەوە نەکراوەتەوە".

ڕێبەر، مامۆستا، دایباب یان بەرپرسێک دەبێ کاری باش لە مرۆڤ فێر بێ و چاوەڕوانی کاری چاک لێ بکات. لەوانەیە ڕێبەرێکی وا "تاڵی" و "شیرینی" لێک بداتەوە.چاوەدێریی مرۆڤ بکا، بەڵام پێشی پێشڤەچوونی ناگرێ.

ڕێبەرێک کە داوای کاری بەنرخ لە کەسانی ژێردەستی خۆی دەکات، دەشێ لەگەڵیان ڕاستگۆ بێت و هەمووجارێ ستانداردەکانی کار و چالاکی، بەرز بکاتەوە. بە بێ ئەوەی بمهەوێ بگەڕێمەوە بۆ هۆیەکانی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی هەشت، بە بڕوای من ئەو کە ئەوکات تازە بووبوومە پێشمەرگە، پرسی بەرزکردنەوەی ئاستی

چالاکی و کارامەیی ڕێبەری و قەوارەی حیزب پێویستی بەوە بوو کە گۆڕانکاری لە "تەرکیبی" ڕێبەرایەتیی ئەوکاتدا پێک بێت. لە کاتێک کە پێویست بە ئاڵوگۆڕ دەکات لەوانەیە ڕێبەر خۆشەویستی خۆی فیدای ئامانجێکی گەورەتر بکا و ریسکی لەدەستدانی خۆشەویستیی خۆی هەڵبژێرێ.

ڕێبەرێک کە خوازیاری پێشکەوتنی حیزبەکەی بێت و بیهەوێ ڕەوتی پێشکەوتنی خێراتر لە "حاڵەتی" نۆرمال بێت، دەشێ فیداکاری بکا و ئامادە بێ کە دۆستەکانی خۆشی لە دەست بدا. بەڵام ئەمە بۆخۆی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێزو حورمەتی ڕێبەر لە لای نەوەکانی دواتر.

قاسملوو وێڕای بەهێزی لە ئاڵوگۆڕەکاندا و جێگەوپێگەی تایبەتی، کەسێکی خاکی بوو. خاکی بوون بە واتای خۆ کەم بینین نییە. خاکی بوون بەو واتایەیە کە مرۆڤ کەمتر بیر لە خۆی دەکاتەوە. لە خۆبایی بوون، پێشی فێربوون دەگرێ و کاتێک مرۆڤ فێر نەبێ پێشیش ناکەوێ. یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی بەشێک لە ڕێبەرایەتیی ئێمە لە خۆبایی بوون و قەناعەتکردن بە زانیاری و شارەزایی ئێستاکەیە. ئەمەش واتە کۆسپنانەوە لە بەردەم هەرجۆرە گۆڕانکارییەکدا.

ئەو ڕێبەرانەی کە دەکەونە داوی ئەو نەخۆشییەوە، وەک ئەستوونی خێوەت لە هەمبەر هەر بایەکی نەختێ توندا خۆ ناگرن و سەرکەوتنی کەسانی دیکە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان. بۆیە خۆیان لە پەروەردە و هاندانی کەسانی دیکە دەپارێزن و نایانهەوێ لە هزر و شارەزایی کەسانی دیکە کەڵک وەربگرن.

یەکێک لە جیاوازییەکانی قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی ئەمرۆ لەوەدا بوو کە وای لە کادر ، پێشمەرگە و دەوروبەرەکەی دەکرد کە هەست بە نەخش و شیاویی خۆیان بکەن. ڕێبەر یان بەرپرس ناشێ وا نیشان بدات کە کامڵترین مرۆڤە. ڕێبەران دەشێ لە پشتی پەردەی بەهێزی، بێ ڕکابەری و توانای کۆنترۆلی خەڵکی دیکەوە دەربکەون و دیمەنی جوانی "خاکی بوون" لە قاسملوو فێر بن و ئەو ڕەوشتە لەخۆیاندا پەروەردە بکەن. مرۆڤ حەزی لەوەیە کەسانێک لە دەوری کۆ ببنەوە کە قبووڵ بکەن کە ئەویش وەک مرۆڤێکی دیکە زیانی بەر بکەوێ وپێویستی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەندێشە و پێشنیار بێ. کەسێک کە ڕێگا بە بەشداریی خەڵکانی

دیکـە دەدات، تەمەنـی ڕێبەرایەتیـی خـۆی درێژتـر دەکاتـەوە و هەرچـی کات بەسـەر نەمانـی فیزیکییـدا دەربـاز بـێ، جێگـەی لـە نـاو ڕێبوارانیـدا بەرزتـر و ئاڵاکەشـی شـەکاوەتر دەبـێ
.

# ڕێبەری چاک، گوێگرێکی هاودڵە
# وتاری ١١

کاتێک لە بارەی باشترین ڕێبەرەوە پرسیار لە خەڵک بکەی و لێیان بپرسی باشترین تایبەتمەندیی ڕێبەرێک کە قەت لەبیری ناکەن چییە؟ وەڵامەکەی ئەوە دەبێ کە ڕێبەر دەبێ گوێگری چاک بێت. قاسملوو لەو ڕێبەرانە بوو، کە بەپێی وتەی هاوڕێیانی چ لە پلینۆمەکان، کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی حیزبیدا گوێگرێکی چاک بوو. گوێگری چاک وا دەکا کە ڕێبەر خۆی بە هاوڕێی ئەو کەسانە بزانێت کە لە دەوروبەریدان، و گوێ لە قسەکانی دەگرن. کاتێک ڕێبەر بەدڵ گوێ لە کەسێک دەگرێ کە رووی قسە لەوە، هەست بە کەسایەتی دەکات و خۆی بە "مێحوەر" دەزانێت. ئەمەش بە واتای ڕێزگرتن لە کەڕامەتی ئەو مرۆڤەیە کە رووی لە ڕێبەرە و هەروەها ڕێزگرتنیشە لە کەڕامەتی هەموو ئەوانەی کە لە دەوری ڕێبەر کۆ بوونەوتەوە.

مرۆڤ بەگشتی دوو گوێ هەیە و یەک زمان. بۆیە لە پێوەندییەکاندا گوێگرتن لە قسەکردنیش گرنگترە. ڕێبەرێک کە توانای گوێگرتنی نەبێت، توانای ئەوەشی نابێ کە پەیامی خۆی بە گوێ خەڵک بگەیەنێ و تەنانەت قسەکەرێکی چاکیش بێت، پەیامەکەی زۆر لە بیری خەڵکدا نامێنێتەوە.

چوارجۆر گوێگرتن لە پیوەندییەکاندا بریتین لە: گوێگرتنی چالاکانە، گوێگرتنی هاودڵانە، گوێگرتنی ڕەخنەگرانە و گوێگرتنی چێژگرانە.

گوێگرتنـی چالاکانـە شـێوازێکی پێوەندییەکانـە کـە لـە راوێـژکاری، فێرکاری و چارەسـەری کێشـەکاندا بـەکار دەبـردرێ و گوێگـر وێـرای دووپاتکردنـەوەی ئـەو شـتانەی لایەنـی دیکـە دەلێـت، دڵنیایـی دەدات بـۆ ئـەوەی تێگەیشـتنی هاوبەشـیان هەبـێ لـە بابەتـی گفتگـۆ لـە پێنـاو چارەسـەری کێشـەکان و وێکگەیشـتن لـە پرسـەکاندا.

لـە گوێگرتنـی هاودڵانـە (Empathic listening) کـە شـێوازێکی گوێگرتـن و وەڵامدانەوە بـە کەسـێکی دیکەیـە کـە دەبێتـە هـۆی قووڵبوونـەوەی تێگەیشـتنی هاوبـەش و بـڕوا بەیەکـتر. ئـەم تایبەتمەندییانـە بـۆ ڕێبـەر و کەسـانێک کـە لـە ئاسـتی بەرپرسـایەتیدان زۆر گرنگـە بـۆ ئـەوەی هـەم توانایـی گوێگرتنیـان هەبێـت و هـەم بتوانـن بـە جوانـی ئـەوەی گـوێ دەگـرن شـی بکەنـەوە و وەڵامـی شـیاو بدەنـەوە. وەڵامدانـەوە بەشـێکی جیانەکـراوە لـە پێڤـاژۆی گوێگرتنـە کـە گفتگۆیـەک سـەردەخا یـان هەڵـی دەوەشـێنێتەوە. سـوودەکانی گوێگرتنـی هاودڵانـە برێتیـن لـە:

- گەشەکردنی ڕێز و حورمەت
- لایەنەکانی گفتگۆ دەتوانن هەستی خۆیان بە شێوەیەکی جوان دەرببڕن
- کەمکردنەوەی کێشەکان
- هاندەری مرۆڤە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری
- دەبێتە هۆی پێکهێنانی کەشێکی هێمن بۆ باسکردن لە پرسە هاوبەشەکان.

لـە گوێگرتنـی ڕەخنەگرانـەدا، سـەرنجی گوێگـر وردبوونـەوە بـۆ تێگەیشـتن و لێکدانەوەی لایەنـی بەرامبـەر بـۆ ئـەوەی بتوانـێ لـە روانگەیەکـی ڕەخنەگرانـەوە وەڵامـی قسـەکەر بداتـەوە و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە گوێگـر لەبـارەی ناوەرۆکـی قسـەکانی قسـەکەرەوە هەڵوێسـت بگـرێ. لـە شـێوازی گوێگرتنـی چێژگرانـەوە کە لـە کولتووری ئێمـەی کورددا بـاوە، بۆنموونـە گوێگرتـن لـە مۆسـیقا، قسـەی خـۆش و شـیعر و گۆرانـی نـاو بـبردرێ.

ڕێبەرێـک دەشـێ لـە تەکنیکـی گوێگرتـن شـارەزا بـێ، تـا بتوانـێ بەپێـی هەلومـەرج، هـەرکام لـەو تەکنیکانـە بـەکار ببـا. قاسـملوو لـە گفتگـۆ و پێوەندییەکانیـدا ئـەو جـۆرە گوێگرتنانـەی دەناسـی و و زۆرجـار لـەو کەسـانەی کـە لـە نزیکـەوە هەڵسـوکەوتیان لـە گـەڵ قاسـملوو کـردووە، دەبیسرێـت کـە ئـەو گوێگرێکـی سـەیر بـوو. بـۆ "سـەیر" بـوو، چونکـە مرۆڤـەکان بۆخۆیـان دەبوونـە "میحـوەری" گفتگـۆکان. گرنگیـی گوێگرتـن گـەر

زیاتر لە قسەکردن نەبێت، کەمتر نییە، چونکە بەگوێگرتن بەوانە رێبەر دەتوانێت سەرنج بداتە خەڵک و ببێتە رێبەری خەڵکی.

# قاسملوو رێبەری گۆڕانخواز و خزمەتگوزار
# وتاری ١٢

هونەری رێبەری وەک جوانی وایە. مرۆڤ ناتوانێ شرۆڤەی بکات، بەڵام کاتێک سەری رێبەرێک دەکەی، دەزانی کە ئەو کەسە خاوەنی ئەو هونەر و تایبەتمەندییانەیە یان نا. لەو روانگەیەوە دەکرێ رێبەران بە سەر سێ شێوازی جیادا دابەش بکرێن: "رێبەرانی پاوانخواز" ئەوانەی کە دەیانهەوێ هەموو دەسەڵاتێک لە دەست خۆیاندا بێ و هەمووشتێک کۆنترۆڵ بکەن و لە پێوەندی لە گەڵ هەمووشتێک و بەجیاتی هەموو کەسێک بڕیار بدەن. ئەوان هەمیشە پێویستیان بەوەیە کە رێبەر بمێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن کارێک بکەن. "رێبەرانی خزمەتگوزار" ئەو رێبەرانەن کە تەنیا کاتێک رێبەری قبووڵ دەکەن کە بتوانن لەو رێگایەوە خزمەتێک بە خەڵکەیان بکەن. "رێبەرانی گۆڕانخواز" ئەو کەسانەن کە بڕوایان بە بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی ، تێگەیشتن و پێگەیشتنی هاوڕێیانیان هەیە و جۆری هەڵسوکەوتیان بە شێوەیەکە کە لایەنگرانی ئەو کەسە وەک نموونەی خوورەوشتی باش دەبینن و پێڕەوی لێ دەکەن.

رابرت گرین لیف (Robert Greenleaf) یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٧دا تیۆری "رێبەری خزمەتگوزار"ی داهێنا. بەپێی پێناسەی گرین لیف، رێبەر دەشێ پێویستی خەڵکی دیکە بەر لە پێویستییەکانی خۆی ببینێ.. رێبەری خزمەتگوزار رێز لە یەکسانیی مرۆڤ دەگرێ و لە رێکخراودا هەوڵ دەدات ئەندامانی رێکخراوەکە گەشە بکەن. لە شێوازی رێبەری خزمەتگوزاردا، رێبەر دەشێ خاوەنی هەندێک بیروبۆچوون

بێ کە بریتی بێت لە سەرنجدان و رێزگرتن لە کەسانی دیکە. سەرنجی رێبەر لەو شێوازە لە رێبەریدا لە سەر هاوکاران و کەسانێکە کە پێڕەوی لەو دەکەن و لەو کاتەدا رێبەر ویستەکانی خۆی لەبیر دەکات. بە وتەی گرین لیف، رێبەری خزمەتگوزار دەشێ خۆشی و تەناهیی خۆی لە پێناو هاورێیانیدا لە بیر بکات و خزمەت بۆ خۆ نابێ هاندەری رێبەر بێت و لە داڕشتنی پلانی کارکردنیدا بەرژەوەندیی خۆی لەبەرچاو بگرێت، بەڵکو دەبێ مەبەستە سەرەکییەکەی دابینکردنی بەرژەوەندیی گشتی، واتە بەرژەوەندیی هاوکاران و شوێنکەوتوانی بێ. دوکتۆر قاسملوو وەک رێبەرێک، لە تەواوی قسەکانیدا رووی لە بەرژەوەندیی گشتی، بەرەوپێش چوونی حیزبی دیموکرات، پەروەردەی کادر و سەرکەوتنی ئەواندایە. بۆیە تەنانەت لە وەسیەتنامەکەشیدا هەموو سامانەکەی بە جیاتی بنەماڵەکەی، پێشکەشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دەکات.

بەپێچەوانەشەوە،ئەگەر هەموو خەمی ڕێبەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بێ، رێبەری لە ستانداردێکی بەرزی رێبەرایەتیدا نامێنێتەوە و رێبەری لە حاڵەتی "بایەخ و بەهای" رێبەرییەوە بدادەبەزێ بۆ "پۆستی رێبەری". ئەدەبیاتێک کە ئەمرۆ لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا جێی گرتووە، بەدەستهێنانی پۆستە نەک پلە و ئەرکی رێبەری.دەبێ خزمەتکردن ببێتە ناوەند و کاکڵەی فەلسەفەی رێبەری. سروشتییە کە دەسەڵات پێوەندیی بە رێبەرییەوە هەیە و کاتێک کەسێک بوو بە رێبەر، دەسەڵاتیشی دەبێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تەنیا کاتێک رەوایە کە خزمەتگوزار بێت.

دە تایبەتمەندی کە دوکتۆر قاسملوو دەکەن بە رێبەرێکی خزمەتگوزار بریتین لە: گوێگرتنی هاودڵانە، هاودڵی، چاکسازی، زانیاری، هێزی تێگەیاندن، واتاسازی، دووربینی و داهاتووبینی، چاوەدێری، دەروەستبوون بە پێشکەوتن و گەشەسەندن، شکلدان بە رێکخراو. جیا لەوە دوکتۆر قاسملوو کەسێکی راستگۆ، دروستکار و بڕوای بەخۆی و هێزی گەلەکەی بوو. کەسێک بوو کە لە رووی رەوشتەوە ئولگووی پێکەوە ژیان، ئامانجی خەبات و ژیانی رۆژانەی بوو، پێشەنگ بوو و رێزی لە خەڵکانی دیکە دەگرت و هاندەری گەشەسەندنی توانای کەسانی دیکە

بـوو. لـە زانسـتی ڕێبەریـدا، ئـەو تایبەتمەندییانـە وەک تایبەتمەندیـی کردەکیـی ڕێبـەری خزمەتگـوزار دەبیندرێـن. ئـەو تایبەتمەندییانـە دەبنـە هـۆی ئـەوەی ڕێبـەرکار بکاتـە سـەر دەوروبـەر و ژینگەکـەی . جیـا لـەو تایبەتمەندییانـەی کـە بـاس کـران، دوکتـۆر قاسـملوو خاوەنـی تایبەتمەندیـی "ڕێبـەری گۆڕانکاری"خوازیـش بـوو.

ڕێبـەری گۆڕانکاریخـواز، کاتێـک خـۆی دەنوێنێـت کـە ڕێبـەر لـە هەوڵـی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی تێگەیشـتن و پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنی هاورێیـان و ڕێکخراوەکـەی بێـت و زانیـاری و هەسـتی قبوولـی بەرپرسـایەتی لـە نـاو هاورێیانـی خۆیـدا بـەرز بکاتـەوە. بـۆ ڕێبـەری گۆڕانکاریخـواز پێڤـاژۆی نفـووزی زانیارییانـە لـە نـاو کەسـان و گرووپەکانـدا بـۆ پێکهێنانـی ئاڵوگـۆڕ و گۆڕانـکاری ڕەوشـی "مەوجـوود" بـەرەو ڕەوشـی دڵخوازانـەی ڕێکخـراو تەواوکـەری بازنـەی ڕێبـەری و خەباتـە.

چاوخشـاندنێک بـە سـەر هـەوڵ و تەقەلاکانـی دوکتـۆر قاسـملوو لـە نێـوان کۆنگرەکانـی پێنجـەم و شەشـەمی حـدکادا بـۆ پەسـەندکردنی سۆسـیالیزمی دیموکراتیـک وەک ئامانجـی دوارۆژی حیـزب و هەروەهـا تیۆریگەلـی پێوەندیـدار بـەو هەڵبژاردنـەوە، گۆڕانکاریخوازیـی قاسـملوو دەردەخـەن. وتـار و کـرداری قاسـملوو هەمـوو حیزبـی دیموکـرات و ڕەوتـی خەباتـی نەتەوایەتیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی لـە گـەڵ ئاڵوگـۆڕ بـەرەوروو کـرد و ئێسـتاکەش لـە کوردسـتاندا،زۆر کـەس لایەنگـری لـە بۆچوونەکانـی دەکـەن. ئـەم جـۆرە ڕێبەرییـە، کاتێـک جێبەجـێ دەبێـت کـە ڕێبـەران هانـدەر، یارمەتیـدەر و پشـتیوانی هاورێیانیـان لـە گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان بـن و هاوخەباتانـی خۆیـان هـان بـدەن تاکـو زیاتـر لـە سـەروو بەرژەوەندیـی تاکەکەسـییەوە بیـر بکەنـەوە و بۆخۆشـیان لـەم بـارەوە نموونـە بـن.

تایبەتمەندییەکانـی ڕێبـەری گۆڕانکاریخـواز بریتیـن لە:بەبڕشـتی، وزەدەری، هاندەری،بەرزکـەرەوەی توانـای هـزری ،مایـەی سـەربەرزی، سەرنجراکێشـی، بەحورمەتـی، جێـی بـاوەڕی و پێکهێنـەری هەسـتی وەفادارییـە لـە نـاو هاوڕێیانیـدا. نفـووزی دڵخـواز دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ڕێبـەر بتوانـێ وەک سـەمبۆلێک لـە وتـە و کـرداری هاوگونـج کار بـکات و ببێتـە نموونـەی ڕەفتـار و کـردار بـۆ لایەنگرانـی. ڕێبـەری خزمەتگـوزار و گۆڕانکاریخـواز خاوەنـی تایبەتمەندیگەلـی زۆر وێکچـوون. بـە

خوێندنەوەیەکی خێرای ئەو دوو تایبەتمەندییانە دەردەکەوێ کە ڕێبەرێک کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێ، خاوەنی کەسایەتییەکی کاریزماتیکە. کاریزمای قاسملوو بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە خاوەنی دەسەڵاتی زۆر بوو، بەڵکو دەسەڵاتەکەی بەهۆی بوونی کەسایەتییە کاریزماتیکەکەیەوە بوو کە هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕێبەری لە پێناو خزمەتکردن و بەرەوپێش بردنی تەواویەتی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد و حیزبەکەیدا خستە گەڕ.

قاسملوو لە ماوەی ڕێبەرایەتیی خۆیدا هەستی یەکسانیی لە نێوان خۆی و هاوڕێکانیدا گەشە پێ دەدا، چونکە باوەڕی بە یەکسانی، هانی دەدا کە یەکسانییش لە سیستەمی حیزبی و ڕێکخراوەییدا پێک بێنێ. ئەمەش یەکێک لەو هۆیانەبوو کە حیزبی دیموکرات وەک ڕێکخراوێکی "خۆفێرکار" ڕەوتی فێرکردن و خۆفێرکردنی کردە بەشێک لە پرۆسەی گەشەکردنی مرۆڤی ڕێکخراوەیی و بەپێچەوانەی حیزبە چەپەکان، پەروەردەی ئایدیۆلۆژیی لە ناو حیزبدا نەگونجاند و ئەندامانی حیزبی تاک ڕەهەند بار نەهێنا.

بەداخەوە کولتووری داخراو و سیستەمی حاکم بەسەر حیزب، لە ساڵانی دوای قاسملوودا، وای کرد کە حیزبی دیموکرات نەتوانێ بە یارمەتیی ئەو شێوازە لە ڕێبەری، کولتووری ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا گەشە پێ بدات و حیزبی دیموکرات لە حیزبێکی گەشەکردووەوە بەرەو حیزبێکی نەریتی و خۆپارێز پاشەکشەی کرد و بەشی هەرەزۆری قەیرانەکانی ڕێکخراوەیی و سیاسی ناو حیزبیش لەو کولتوور و مێتۆدی ڕێبەرانی دوای قاسملووە سەرچاوە دەگرێ.

# گۆڕینی ڕێکخراوێکی نەریتی بەرەو ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر
# وتاری ١٣

یەکێـک لـە سەرنجراکێشـترین دروشـمەکانی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، "ڕێکخـراو چەکـی هـەرە گرنگـی ئێمەیـە" یـە کـە دوکتـۆر قاسـملوو داهێنەریەتـی. بـەو دروشـمە، خۆڕێکخسـتن، فێربـوون و فێرکـردن و هەروەهـا بەرەوپێـش بردنـی ڕێکخـراو لـە ناوکۆمەڵگـە بـوو بـە ئەرکێکـی حیزبـی و حیزبـی دیموکـرات دەسـتی کـرد بـە دامەزراندنـی کۆمیسـیۆنە جیاوازەکانـی وەک کۆمیسـیۆنی سیاسـی - نیزامـی و کۆمیسـیۆنی کۆمەڵایەتـی، کۆمیسـیۆنی ماڵـی و هتـد.

دروشـمی ڕێکخـراو "چەکـی هـەرە گرنگـی ئێمەیـە"، بـوو بـە بناغـەی گەشـەکردنی ڕێکخراوێکـی خۆفێـرکار و زانسـت خوڵقێنـەر دامـەزرا. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار ئـەو ڕێکخراوانـەن کـە ئەندامانـی ئـەو بـە شـێوەی بـەردەوام تواناییەکانـی خۆیـان بـەرز بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی بـە ئاکامـی دڵخـواز بکـەن. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش هـزری کاری بەکۆمـەڵ لـە نـاو ڕێکخـراودا گەشـەی پـێ دەدرێـت و ئەندامانـی ڕێکخـراو لـە جیاتـی ئـەوەی کـە "چـی فێربـن" فێـری چۆنیەتیـی فێربـوون دەکـەن. جیاوازییـەک کـە لـە نێـوان پـەروەردە لـە حیزبـی دیموکـرات و حیـزب و ڕێکخراوەکانـی چەپـدا هەبـوو، ئەوەیـە کـە: ڕێکخـراوە چەپـەکان ئەندامـان و کادیرانـی خۆیـان فێـری ئەوەیـان دەکـرد کـە "چـی فێربـن" و حیزبـی دیموکراتـی ڕێکخـراوە و ئەندامانـی فێـری "چۆنیەتـی" فێربـوون دەکـرد و چـی فێربـوون گرێـدراو بـە ویسـت، توانایـی و پێویسـتی کاری

ئەنـدام و کادری حیزبییـەوە بـوو.
ڕێکخـراوی خۆفێـرکار بـە واتایەکـی دیکـە ڕێکخراوێکـی زانسـت خوڵقێنـە، ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە لەوانـدا زانسـت و زانیـاری نـوێ و داهێنانـی کارێکـی تایبـەت بـە پسـپۆران و شـارەزایان نییـە، بەڵکـو جۆرێـک لـە کـردەوەی هەمـە لایەنەیـە و شـێوازێکە کـە ئەندامانـی ڕێکخـراو بەکـردەوە جێبەجێـی دەکـەن. بـە واتایەکـی دیکـە ڕێکخـراوی زانسـت خوڵقێـن، ڕێکخراوێکـە کـە لـەودا هـەر کەسـێک مرۆڤێکـی داهێنـەر و زانسـت خوڵقێنـە. لەوەهـا ڕێکخراوێکـدا هـزر، بـاس و گفتگـۆی بەکۆمـەڵ و داهێنانـی بیـرو هـزری نـوێ پشـتگیری لـێ دەکـرێ و ئەندامـان هـان دەدرێـن بـۆ فێربـوون و داهێنانـی نـوی.
ئـەو جـۆرە ڕێکخراوانـە ڕێکخراوگەلێکـن کـە تایبەتمەندیـی ئایدیاڵیـان هەیـە و ڕێکخــراوی ئایدیۆلۆژیــک نیــن. بەڵکــو ئــەوەی هانــدەری ئەندامــان و لایەنگرانــی ڕێکخراوەکەیـە، ئارمـان و ویسـتی ڕێکخراوەیـە کـە لـە سـەرووی ئایدیۆلۆجیگەلـی تەسـک و سێکتاریسـتین. دوکتـۆر قاسـملوو بـە هەسـتکردن بـەو راسـتییە، هەوڵێکـی زۆری دا، ڕێکخـراو و ئۆرگانەکانـی حیزبـی ببنـە ڕێکخـراوی خۆفێـرکار و زانسـت خوڵقێـن، بۆیـە لـە دارشـتنی سیسـتەمی پـەروەردەی حیزبـی و پێکهێنانـی فەرهەنگـی ڕێکخراوەییـدا، کەشــی ئــازد و دیموکراتیکــی فێــرکاری بــە باشــترین شــێوەی فێربوونــی زانیــوە و بەرلــەوەی کــە ناوەڕۆکــی بابەتــە فێرکارییــەکان بکاتــە ســەردێری وانــەی فێرکاریــی حیزبـی، چۆنیەتیـی فێربـوون و فێرکاریـی هێنایـە نـاو ڕێکخراوەکانـی حیـزب.
ئــەو کەســانەی کــە لــە ســەردەمی ســکرتێریی قاســملوودا بەشــداریی فێرگــەی سیاسـی- نیزامـی بـوون، لەوانەیـە چـاک لەبیریـان بێـت، کـە یەکێـک لـە سـەرەتاییترین بابەتەکانـی پێوەندیـدار بـە فێربـوون بەتایبـەت لـە بـواری کاروبـاری کۆمەڵایەتیـدا، پەروەردەکردنـی پێشـمەرگە بـوو بەگوێـرەی بنەماکانـی دیموکراسـی و خۆبەڕێوەبـەری، کـە سـەرەتا پێشـمەرگەکان بـە شـێوەی هەڵبژاردنـی شـورایی بـۆ کاروبـاری پێوەندیـدار بـە جێبەجێکردنـی پێداویسـتییەکانی خۆیـان، وەک کاروبـاری تەداروکاتـی، دابەشـکردنی نـۆرەی نیگابانـی، بەرنامەکانـی دیکەی پێشـمەرگەکانی بەشـدار لـە دەورەدا. ئـەو نموونە بچووکـە وێنەیەکـە لـەو داهێنانـەی کـە دوکتـۆر قاسـملوو بەپێـی ئەزموونـی وڵاتانـی

پێشـــکەوتوو لـــە رووی خۆبەرێوەبـــەری و خۆفێرکارییـــەوە، هێنابوویـــە   نـــاو حیزبـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـران.

ئـەوەی لـە رێکخـراوی خۆفێـرکاردا گرنگـە، گۆڕێنـی جـۆری کـرداره وەک سـەرەکیترین بەشـی فێربـوون. فێربـوون رەوتێکـە کـە لـەودا کـردار و ئەندێشـەی کەسـان دەگۆڕێـن و تـا بەشـێوەیەکی دیکـە بیـر بکەنـەوە و کرداریـان بـەو شـێوەیە بگـۆڕدرێ. بـەو شـێوەیە لـە رێکخـراوی خۆفێـرکاردا، فێربـوون کاتێـک سـەر دەگـرێ، کـە گۆرانـکاری لـە کـرداری ئەندامانـی ریکخراوەکـەدا ببینـدرێ. ئـەم کردەوانـە زۆرجـار بـە شـێوەی راسـتەوخۆ دەبیدنرێـن و گەلێـک جاریـش بـە شـێوەی ناراسـتەوخۆ هەسـت پـێ دەکرێـت.

زۆرجـار رەخنـە لـە حـدکا دەگـرێ، لـە مـەڕ هەڵسـوکەوتی وەک سـەردەمی شـەڕی چەکـداری و ئەوکاتـەی کـە گەورەتریـن هێـزی کوردسـتانی بـوو. ئەم قسـەیە تا ئاسـتێکی زۆر راسـتە و بەداخـەوە لـەوەڕا سـەرچاوەدەگرێ کـە رێکخـراوی حیزبـی دوای دوکتـۆر قاسـملوو و شـەرەفکەندی، بەپێـی سـەردەم ئاڵوگۆڕێکـی ئەوتـۆی بـە سـەردا نەهاتـووە. رێکخـراوی خۆفێـرکار بـە پێـی سـەردەم  فێـر دەبـێ و هەڵسـوکەوتی خـۆی دەگـۆڕێ. رێکخـــراوی خۆفێـــرکار رێکخراوێکـــە کـــە کـــرداری لـــە رێـــگای زانیـــاری و تێگەیشـــتنی زیاتـرەوە، بەرزتـر دەبێتـەوە و ئاڵوگـۆڕ و ریفـۆرم لـە خۆیـدا پێـک دێنـێ و لـە رێـگای پێوەندییەکانییـەوە، لـە نـاو کۆمەڵگـەدا زیاتـر پەلوپـۆ دەهـاوێ ولـە هەڵسـوکەوتیدا سـەرکەوتووترە. رێکخـراوەکان کاتێـک دەتوانـن خۆیـان بـە رێکخـراوی خۆفێـرکار و زانسـت خولّقێـن بزانـن کـە بەچاکـی  مێـژووی خۆیـان بخوێننـەوە و خوێندنەوەکـەش بکەنـە  چـرای خەباتیـان.

فێربوونـی رێکخـراو پێڤـاژۆی دۆزینـەوەی کەموکورتـی و هەڵـەکان و راسـتکردنەوەی ئەوانـە. فێربوونـی رێکخـراو لـە سـەر بنەمـای بۆچوونی هاوبـەش، هاوفکـری و ئاڵوگۆری بیـر و زانسـت و ئەزموونەکانـی پێشـوو و رووداوەکانـی داهاتـوو دامـەزراوە. حیزبـی دیموکـرات لـە سـەردەمی قاسـملوودا لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٧٩ بـۆ ١٩٨٩دا، بـەو پێیـە هەوڵـی داوە چەندیـن گۆڕانکاری لـە فەرهەنگـی ریکخراوەیی، هەڵسـوکەوت، پەروەردە و جـۆری بیرکردنـەوەی سیاسـییدا پێـک بێنـێ و ببێتـە خـاوەن ناسـنامەی رێکخراوێکـی چـالاک و زینـدوو لـە رووی رێکخراوەیـی و گەشـەکردنەوە. ئەمـرۆ بیسـت و پێنـج سـاڵ

دوای دوکتۆر قاسملوو، کەمترین ئالوگۆڕی بنەڕەتی لە فەرهەنگی ڕێکخراوەیی حیزبیدا، پێک هاتووە و کەمترین کار کراوە لە پێناو ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی حیزبی ببنە ڕێکخراوی بەڕاستی خۆفێرکار و زانست خوڵقێن. بۆیە ئەوەی کە پێی دەڵێن "داهێنانی فیکری" لە ناو ریزەکانی حدکادا کەمتر لە ئاستی پێویستە و کۆچی نوخبەگان و شارەزایان لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات بووتە رەوتێکی مەترسیدار لەم ساڵانەدا.

# سەربەخۆیی کلیلی سەرکەوتن و پێشڤەچوونە
# وتاری ١٤

بـۆ ئـەوەی بزانیـن مەبەسـتی قاسـملوو لـە رێکخـراوی خۆفێـرکار و زانسـت خوڵقێـن چییـە، شـیکردنەوەی رێکخـراوی خۆفێـرکار و تایبەتمەندییەکانـی زیاتـر یارمەتیـدەر دەبـێ:

دوای شـەڕی ئێـران -عێـراق، کۆبوونەوەیـەک لـە بنکـەی دەفتـەری سیاسـیی حـدکا لـە ناوچـەی قەندیـل بـۆ دوکتۆر قاسـملوو پێک هێـنرا. لـەو کۆبوونەوەیەدا دوکتۆر قاسـملوو لـە سـەر رەوشـی پێکهاتـوو دوای قبووڵـی بڕیارنامـەی ٥٩٨ی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە لایـەن ئێرانـەوە دوا و لـەو پێوەندییـەدا، هەندێـک سـیناریۆی دوای شـەڕەکە کـە لەوانەیـە شۆڕشـی کوردسـتان لـە گەڵیـان بەرەورووبـێ، هێنانـە بـەر بـاس. یەکێـک لـە خاڵـە هـەرە سەرنجڕاکێشـەکانی قسـەکانی دوکتـۆر قاسـملوو بریتـی بـوو لـەوە کـە "حیزبـی دیموکـرات بـۆ ئـەوەی بتوانێـت سـەربەخۆیی خـۆی بپارێـزێ و هـەروا وەک پێشـڕەوی خەباتـی نەتەوایەتیـی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران بمێنێتـەوە، دەبـێ سـەربەخۆیی سیاسـی خـۆی بپارێزێـت و نەڕواتـە خـوارەوەی جـادە ئاسـفاڵتەکەوە." مەبەسـت لـە جادەکـەش، ئـەو جادەیـە بـوو کـە قـەڵادزێ و دیانانـی بەیەکـەوە گرێ دەدا و گواسـتنەوەی بنکەکانـی حـدکا بـۆ خـوارەوەی جادەیـەی بـە مانـای کەوتنـە ژێرکۆنترۆڵـی هێزەکانـی دەوڵەتـی عێـراق و دۆڕاندنـی سـەربەخۆیی سیاسـیی حیزبـی بـوو . سـەربەخۆیی سیاسـی و رێکخراوەیـی کلیلـی سـەرکەوتنی رێکخراوێکـی خۆفێرکـەر و زانسـت خوڵقێنـە.

ڕێکخـراوی خۆفێـرکار ڕێکخراوێکـە کـە وەک تەواویەتێـک و بەشـێوەی هاوئاهەنـگ فێـر دەبێـت و بـەرەو پێـش دەڕوات. ڕێکخـراوی وا بۆخـۆی ڕێگاکـەی دەدۆزێتـەوە و بەرەوپێـش دەڕوات. ئەزموونـی کەسـانی شـارەزا و خـاوەن بیـر وەردەگـرێ و چاکسـازی لـە خۆیـدا دەکا. ڕێکخـراوی وا بـە کـەس کۆنـترۆڵ ناکـرێ، سـەربەخۆیە و ملکەچـی دەسـەڵاتە دەرەکییـەکان نابـێ و بـۆ خـۆی ئامانـج و ڕێبازەکـەی دیـاری دەکا.

ڕێبەرانێـک کـە هەسـتی فێربـوون لـە نـاو ڕێکخراوەکەیانـدا لاواز بکـەن و بـە بیانـووی جۆراجـۆری وەک "ئەوانـە بـۆ حیـزب نابنـە مـاڵ" و "دوای دوو سـاڵ لـە نـاو حیـزب دەڕۆنـەدەر" ڕەوتـی ڕێکخـراوی خۆفێـرکار بـەرەو ڕێکخراوێکـی داخـراو و چەقیـو دەبـا و پێشـکەوتنی ریکخراوەیـی کـپ دەکاتـەوە.

ڕێکخـراوی خۆفێـرکار هەسـتیارە بەرامبـەر فێربوونـی ئەندامەکانـی. ڕێکخـراوی خۆفێرکار،هەسـت بـە پێویسـتیی فێربـوون دەکات و بـەردەوام پەیجـۆری فێربوونـە. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار وەک مرۆڤێـک پێویسـتی بـە گەشـەکردنی خولیای فێربـوون هەیە. ڕێکخراوێـک گـەر هەسـت بـکات بـۆ درێـژەدان بـە ژیـان لـە ژینگەیـەک کـە ڕکەبـەری سیاسـی و ڕێکخراوەیـی ڕۆژ لـە گـەڵ ڕۆژ لـە زیادبوونـدان دەبـێ، سـەرکەوتوو و جێـی متمانـەی زۆربـەی خەڵـک بـێ، بێگومـان بـەدوای فێربووندا دەگـەڕێ و گـەر ئـەو نیـازە هەسـت نـەکات، هیـچ بیانوویەکـی نییـە بـۆ فێربـوون. ڕێکخراوێـک کـە داهـات و شـێوەی ژیانـی گرێـدراو بـە بوودجەیەکـی دیاریکـراو لـە لایـەن دەوڵـەت یـا خـود ڕێکخـراوە ناونەتەوەییەکانـەوە بـێ و هەسـت بـە ڕکەبـەری نـەکات، ڕێکخراوێـک کـە ڕێبەرایەتییەکـەی لـە بەرامبـەر خەڵـک و ئەندامانیـدا وەڵامـدەر نەبـێ، لـە زەروورەتـی فێربـوون نـاگا و هەوڵـی فێربـوون و پێشـکەوتن نـادا. بۆیـە بـۆ ئـەوەی ڕێکخـراوەکان وەڵامـدەر بـن، دەبـێ لـە ژینگەیەکـی پـڕ ڕکەبـەری ڕاسـتەقینەدا بژیـن تاکـو بنکـە و بنیاتەکانـی خۆیـان ئـاوەدان بکەنـەوە. ڕێکخـراو دەبـێ بـەردەوام ڕەوش و کـرداری خـۆی هەڵسـەنگێنێ و لەبەرامبـەر بەرپرسـایەتییەکەیدا بکەوێتـە ژێـر پرسـیار و هیـچ ڕێکخراوێـک بـە بـێ هـۆ، پشـتیوانیی لێـی نەکرێـت. لـە کەشـێکی وادایـە کـە ڕێکخـراو وەدوای فێربـوون دەکەوێـت و ناچـار دەبێـت بـۆ مانـەوەی، خـۆی پـەروەردە بـکا و ئەنگیـزەی فێربـوون لـە ناوخۆیـدا گەشـە پـێ بـدات.

ڕێکخـراوی خۆفێـرکار لـە گـەڵ کێشـەکان ڕانایـەت و هەسـتیار و وریایە. هەرکە هەسـتی بـە کێشـەیەک کـرد، دەسـتبەجێ لـە هەوڵـی چارەسـەریدا دەبـێ. هـەوڵ دەدات ڕێـگا چارەسـەری نـوێ بدۆزێتـەوە و کێشـەکان ناشـارێتەوە. حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە سـاڵی ۱۹۹۳بـە دواوە، لـە گـەڵ کێشـەکان ڕاهاتـووە، کـە بەرەبـەرە کێشـەی جیناحـی، ناوچەگەرایـی و هتـد.... بـە سروشـتی ناوبـرد و لـە بەرامبـەر کێشـەکاندا دەسـتەوئەژنۆ مایـەوە و ڕۆڵـی قوربانیـی گێـڕا. ڕێکخراوێـک ئەمـە حاڵـی بـێ، هیچـکات ناتوانـێ ببێتـە ڕێکخراوێکـی خۆفێـرکار و خـۆی بـە میراتگـری ڕێبـازی قاسـملوو بزانـێ. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار دەبـێ کەرەسـەی وشـیاری و خەسارناسـی لـە ناوخۆیدا زیـاد بکات و هـەرکات هەسـتی کـرد کـە کێشـەیەک لـە ڕێکخراووەکـەدا سـەری هەڵـداوە، هـەوڵ دەدا کێشـەکە بناسـێ و لەبەرامبەریـدا خەبـات بـکات. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار دەشـێ کێشـەکان بناسـێ و بـە دۆزینـەوەی مکانیزمـی چارەسـەری کێشـەکان ڕێکخراوەکـە لـە هەڵدێـری نەمـان ڕزگار بکـەن. زۆرجـار وا پێویسـتە ڕێبـەران خۆیـان لـە جـێ ئەندامانـی سـادە، خەڵکـی ئاسـایی دابنێـن تاکـو خاڵـە لاوازەکان بەچـاوی خۆیـان ببینـن.

# ڕێکخراوی خۆفێرکار پێویستی بە کادری داهێنەر هەیە
# وتاری ١٥

قاسملوو لە ماوەی ڕێبەریەکەیدا هەوڵێکی زۆری دا کە ئەندامان و ڕێبەرایەتیی حیزب، فێری پێڤاژۆ و فەرهەنگێکی نوێ بن کە ئەویش جێگیرکردنی فەرهەنگی نوێ بوو لە حیزبدا. فێربوون لە سەرەتاییەوە بگرە تا ئاستی کادری بەرز، بەشێک بوو لە بنەماکانی ڕێبەریی حیزب و کۆنگرەکانی حیزب لە سەردەمی ڕێبەری قاسملوودا، نموونەی فێربوونی کۆلێکتیڤ و بەکۆمەڵ بوون کە دوای تیرۆری ئەو، لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا جێیان خاڵییە. چاوخشاندنێک بە ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەم تا هەشتەمی حیزب، ئەو ڕاستییە جوانتر ڕوون دەکەنەوە، کە ڕاپۆرتەکان جیا لە گوزارشتی سیاسی، سیاسەتێکی پەروەردەیشی لە خۆیدا گونجاندووە، چونکە باوەڕی وا بوو کە ڕێکخراو و کاری ڕێکخراوەیی وەک وەرزش وایە، وەرزشڤان ناتوانێت بە کاوەخۆ و بە بێ فێربوون و ڕاهێنانی بەردەوام و بێ ڕاوەستان، بگاتە لووتکەی سەرکەوتن و بڵێ من وەرزشڤانم.

پیتر سێنج (Peter Senge) لە کتێبی "ئەسڵی پێنجەم"ی خۆیدا نموونەیەک دێنێتەوە کە لە پێوەندی لە گەڵ پەروەردە و سیاسەتی ڕێکخراوی خۆفێرکاردا زۆر سەرنجراکێشە. ناوبراو دەڵێ، گەر بۆقێک بخەینە ناو ئاوی کوڵیوەوە خێرا دەدەپەڕێ. بەڵام گەر بۆقەکە لە قاپێکی ئاو دابندرێت کە بەرەبەرە گەرماکەی زیاد بکرێ، بۆقەکە هەست بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای ئاوەکە ناکا و دژکردەوەیەکیش لەبەرامبەر بەرزیی گەرماکەدا نیشان نادات، تا ئەوکاتەی کە

ئاوەکـە دەکوڵـی، بۆقەکـە هەسـت بـە گەرمـی دەکات، بـەڵام ئیـتر زۆر درەنگـە، چونکـە دەمارەکانـی بۆقەکـە ئەوەنـدە شـل بـوون کـە نەتوانـێ لـە قاپەکـە دەپـەڕێ و لـە نـاو ئاوەکـەدا دەکوڵـێ. ڕێکخراوەکانیـش گـەر وریـا نەبـن، کێشـەکان بـە ڕەنگێکـی وا لـە جەسـتەیاندا هێلانـە دەکـەن و کەڵەکـە دەبـن کـە ئیـدی توانـای چارەسـەرکردنیانیان نامێنـێ و دەبـێ لـە مەیدانـی چالاکـی بڕۆنـە دەرێ.

ئەنـدام گرینگتریـن سـەرمایەی هـەر ڕێکخراوەیەکـی سیاسـی، مەدەنـی و تەنانـەت بازرگانییـە. ڕێکخـراو لـە ڕێـگای ئەندامـان و کادرەکانییـەوە پرۆسـەی فێربـوون سـەر دەخـا. هەرچەنـد تەنیـا فێربوونـی کەسـان بـۆ فێربوونـی ریکخـراو بـەس نییـە، بـەڵام مەرجـی پێویسـتی ڕێکخـراوی خۆفێـرکار فێربوونـی ئەندامـان و کادرەکانییەتـی. لـە ڕێکخـراوی خۆفێـرکاردا دەشـێ ئەندامـان بتوانـن تواناییەکانـی خۆیـان بدۆزنـەوە و گەشـەیان پـێ بـدەن و ژیانـی خۆیـان و ڕێکخراویـان دەوڵەمەنـتر بکـەن. هەمـوو مرۆڤێـک خاوەنـی توانایەکـی داهێنەرانـەی شـاراوەیە، کـە گـەر توانایەکـەی بناسرێ و گەشـەی پـێ بدرێـت ڕێکخـراو لـەو هێزانـە بەهرەیەکـی زۆر دەبـات. هـەرکات مرۆڤێـک تواناییەکانـی خـۆی ناسـی و دەسـتی کـرد بـە گەشـەپێدانیان، بـەردەوام پێـش دەکـەوێ و دەبێتـە داهێنـەر و نوێگـەرا. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار لـەو جـۆرە مرۆڤانـە پێـک دێ. مرۆڤـی گەشـەکردوو و داهێنـەر بەرزتـر لـە مرۆڤێکـە کـە جارێـک فێربـووە و لـە ئاسـتێکی دیاریکـراودا چەقیـوە. مرۆڤـی وا دژکـردەوە لـە خـۆی نیشـان نـادا، بەڵکـو چالاک و خوڵقێنـەرە. ئـەو تەنیـا لـە بەرامبـەر ژینگـەدا دژکـردەوە لەخـۆی نیشـان نـادا، بەڵکـو ژینگەکـەی لـە پێنـاو ئامانجەکانـی خۆیـدا دەگـۆڕێ. ئـەو لەجیاتـی سـازان لـە گـەڵ قەزاوقـەدەری ژینگەیـی، ژینگەکـەی لـە گـەڵ خـۆی دەگونجێنـێ.

قاسـملوو ڕاسـت بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوتی کـرد. ئـەو چـاوەڕێ نەبـوو پێشـتر ژینگـە بـە شـێوەیەک بگـۆردرێ کـە بتوانێـت ڕەخنـە لـە سۆسـیالیزمی مەوجـوود بگرێـت، چاوەڕێـی گۆرباچـۆڤ نەبـوو کـە سۆسـیالیزمی دیموکراتیـک بکاتـە ئامانجـی دوارۆژی حیزبەکـەی وەهەروەهـا چـاوەڕێ ئـەوەش نەبـوو کـە دیموکراسـی بێتـە ناوچـەی ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت و یـا خـود دوای نزیـک بـە چـل سـاڵ لـە نووسـینی تێزەکـەی تـازە باسـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی گـەورە بکرێـت. ئـەو چـاوەڕێ نەبـوو

کـە سۆسیالیسـت ئەنترناسـیۆنال لـە سـاڵی ٢٠٠٠ ئامانجـی خـۆی بکاتـە سۆسـیالیزمی دیموکراتیـک تـا حیزبەکـەی شـوێنی ئـەم ڕێکخـراوە بکـەوێ . ئـەو چەمکانـەی کـە بـۆ گۆڕانـی کۆمەڵـگە پێویسـتن ئـەو کردنـی بـە کلیلـی ڕەمـزی ئاواتەکانـی حیزبەکـەی و ویـڕای خەباتـی ڕۆژانـە و ڕۆتینـی حیزبـی لـە پێنـاو فێربـوون و بەرەوپێـش بردنـی حیـزب و کۆمەڵگەکەیـدا تـێ دەکۆشـا. کاتێـک ڕێکخراوێـک بـوو بـە خاوەنـی ڕێبـەری وا، فۆرمـی ڕێکخراوەکەیـش وەک سروشـتی مرۆڤـە خۆفێرکارەکانـی دەگـۆڕدرێ. مرۆڤگەلـی داهێنـەر و خۆفێـرکار، ڕۆحـی ڕێکخـراوی خۆفێرکـەرن. مرۆڤـە داهێنـەرەکان ژینگـەی بگـۆڕ دەناسـن و گۆڕانکارییەکانـی بەردەوامـی ژینگـە لـە پێنـاو ئامانجەکانـی ڕێکخراوەکەیانـدا دەخەنـە گـەڕ. فێربـوون تەنیـا گێڕانـەوە و کۆکردنـەوەی زانیـاری نییـە، بەڵکـو بریتییـە لـە گەشـەکردنی تواناییـەکان و شـارەزابوون لـە چۆنیەتیـی داهێنـان و بنەماکانـی ڕێکخراوێکـی چـالاک و بـە بەرهـەم.

"زانیـاری بـۆ ڕزگاری"، دروشـمێک بـوو کـە لـە سـەردەمی ڕێبەریـی دوکتـۆر قاسـملوودا لـە سـەر کتێبـە پەروەردەییـەکان دەبینـدرا و بەوپێیـەش لەنـاو حیزبـی دیموکراتـدا سـەرمایەگوزارییەکی زۆر دەکـرا لـە سـەر فێربـوون و خۆفێرکردنـی ئەندامانـی حیـزب، فێربوونێـک کـە جیاوازییەکـەی لـە گـەڵ حیزبەکانـی دیکـە لە چۆنیەتیـی فێربووندا بوو نـەک چـی فێربوونـدا. مرۆڤـی داهێنـەر و خۆفێـرکار لـە کەشـێکی بەردەوامـی فێربووندا دەژیـت. ئـەو فێـر دەکات، تاقـی دەکاتـەوە و لـە ڕێـگای فێربـوون و زانینـەوە خـۆی دەخولقێنێتـەوە . فێربـوون و داهێنـان ئەرکێکـی پیـرۆزە و ئەمـەش هاندەریەتـی لە کارو چالاکییەکانیـدا. مرۆڤـە داهێنـەرەکان فێـر دەبـن چـۆن پێشـوازی لـە گۆڕانکارییـەکان بکـەن و کەڵکیـان لـێ وەربگرن.پەرچەکـردار لـە بەرامبـەر گۆڕانکاریـدا، لـە مرۆڤـی خۆفێـرکار و داهێنـەر ناوەشـێتەوە. هـەر دیاردەیەکـی نـوێ مرۆڤـی خولیـای فێربـوون ناچـار بـە بیرکردنـەوە دەکا و لـە هـەر ڕووداوێـک شـتێکی تـازە فێـر دەبـێ.

پرسـگرێکێک کـە ئەمـڕۆ لـە بەرامبـەر ڕێبـەری حیزبـی دیموکراتـدا هەیـە، ئەوەیـە کـە چـۆن بتوانـێ لـە پێنـاو پـەروەردە و دروسـتکردنی ئەندامگەلێکـی چـالاک و داهێنـەردا هەنـگاو بنـێ و ئایدیـا و سیاسـەتی جیـاواز و سـەرنجراکێش دابڕێـژێ. گەشـەکردنی ئەندامانـی ڕێکخـراو و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی داهێنانیـان، دەبێتـە هـۆی پێشـکەوتن و

گەشـەکردنی حیـزب. بـەو شـێوەیە حیزبـی دیموکـرات، لـە حیزبێکـی نەریتییـەوە بـەرەو حیزبێکـی نوێخـواز، داهێنـەر و پێشـڕەو هەنـگاو دەنـێ کـە تێیـدا شایستەسـالاری کۆدی هاوبەشـی بەرەوپێـش بردنـی ڕێکخراوەکانـی حیزبـی بـێ.

# فێربوون لە ئەزموون بە واتای مانەوە لە مێژوودا نییە
# وتاری ١٦

ئەزموونـی تـاڵ، بەشـێکی جیانەکـراوە لـە مێـژووی بزاڤـی نەتەوایەتیـی کـورد و نەمـازە حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران کـە بەهـۆی پێگـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە، هـەرگاڤ لـە هێڵـی پێشـەوەی هێرشـی نەیارانـی گەلـی کورددا بـووە. لـە دەسـتدانی یـەک لـە دوای یەکـی ڕێبەرانـی بلیمەتـی وەک دوکتـۆر قاسـملوو و دوکتـۆر سـادق شـەرەفکەندی، بـووە هـۆی تراومـا و خەسـارێکی قووڵـی گشـتی کـە کاری کـردە سـەر ئاسـتی متمانـە و هەسـتی خەباتگێڕانـەی ئەندامانـی حیـزب، تەنانـەت لـە دەرەوەی وڵاتیـش تـا ڕاگەیاندنـی ئاکامـی دادگای میکۆنـۆس لـە ١٠,٤,١٩٩٧ دا تووشـی لێگـەر و چالـش کردبـوو و لەوماوەیـەدا و تەنانـەت لـە سـەردەمی دوای ڕاگەیاندنـی حوکمـی دادگای میکۆنۆسـیش زۆربـەی هـەرەزۆری چالاکییـەکان پەرچەکـردار و ڕیئەکتیـڤ بـوون.

ڕێکخـراوی خۆفێـرکار دەشـێ لـە ئەزموونەکانـی ڕابـردووی دەرس وەربگرێـت. بـەڵام ناشـێ تەنیـا خـۆی بـە ئەزموونەکانـەوە ببەسـتێتەوە. هێنانەبەرباسـی لەرادەبـەدەری ئەزمـوون و دەسـتکەوتەکانی ڕابـردوو، بـە واتـای کاڵفامـی و نەبوونـی پلانـە بـۆ داهاتوو. ڕێکخـراوی چـالاک ڕێکخراوێکـە، کـە زانسـت و تێگەیشـتوویی لـە سـەروو ئەزموونـەوە دادەنـێ و بـە لێکدانـی زانسـت و ئەزمـوون، هەوڵ دەدا زۆرترین دەسـکەوت وەدەسـت بێنـێ. سـەرچاوە و ئیمکاناتـی حیـزب زۆر بەنـرخ و سـنووردارن. لـە قازانجـی حیـزب نییـە کـە تەنیـا بـە ئەزموونـە تاڵـەکان و هەڵەکـردن دەرسـی سـەرنەکەوتن وەربگـرێ.

ئەمجۆرە دەرسوەرگرتنانە لە سەر ڕێکخراو زۆر گران دەکەون و داهاتووی حیزب بەرەو هەڵدێر و لێکهەڵوەشان دەبەن. حیزب دەشێ بە کەڵکوەرگرتن لە زانیاری، شارەزایی و پسپۆریی ئەندامان، لایەنگران و کادرەکانی خۆی بژاری سەرکەوتوو بۆ داهاتوو دیاری بکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووی، بڕیاری گونجاو و ژیرانە بدا. کەڵکوەرگرتن لە زانیاری و شارەزایی خەڵکانی دیکە، ڕەوتی پێشکەوتنی حیزب وردبینانەتر و خێراتر دەکات و نرخی خەباتی میللی کەمتر دەکاتەوە. کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی کەسانی شارەزا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بڕیارەکان ڕیئالیستانەتر و هاوساز لە گەڵ ئەو ژینگەیە بن کە حیزب تێیدا چالاکە. زانست دەرگاکانی داهاتوومان بۆ دەکاتەوە و ڕابردوو ئەزموونەکان وەبیر دێننەوە. کەڵکوەرگرتن لەم دووانە، دەبێتە هۆی دەرکردنی بڕیاری گونجاو و شیاو لە حیزبدا.

لە "کورتەباسیک لە سەر سۆسیالیزمی دیموکراتیک" دوکتۆر قاسملوو بەکەڵکوەرگرتن لە ڕابردووی خەباتی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان و هەروەها خەباتی حیزبی توودەی ئێران دەگاتە ئەو ئەنجامە کە خەبات لە پێناو کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و سەرکەوتوودا، دەبێ هەم خەباتی نەتەوایەتی بێت و هەم خەباتی کۆمەڵایەتی و ئەو دووانە پێکەوە گرێ دەدات. ئەزموونی ڕابردوو و زانستی قاسلموو ئاسۆبینییەکی نوێ بەو دەبەخشن تاکو بتوانێ نەخشەڕێگای خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، جیاواز لە هەموو حیزبەکانی دەوروبەر دابڕێژێ و نرخ و بەها سیاسی و ئەخلاقییەکانی حیزب بکاتە نرخ و بەهای داهاتوو و بناغەی فەلسەفیی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ڕێکخراوی خۆفێرکار لە ناوخۆیدا بە دوای سەرچاوەی کێشەکاندا دەگەڕێ. زۆرجار کاتێک ڕەخنەیەک لە سیاسەت یان بڕیارێکی حیزبی دەگیرێ یا خود لە پێوەندی لە گەڵ کێشە و پرسەکانی ناوخۆیی حیزبدا گفتوگۆیەک دەکرێ، ڕەخنەگرەکە بە ساویلکە یا فریوخواردوو لە کەسانی دەزانرێ. سروشتی مرۆڤ وایە کە بە زۆری پێی

خۆشـە هـۆی کێشـە و شکسـتەکانی خـۆی بـە فاکتەرگەلـی کۆنترۆڵنەکـراوی دەرەکییـەوە ببەسـتێتەوە و سـەرکەوتنەکانیش بـە ئەنجامـی چالاکـی و سیاسـەتی حەکیمانـەی خـۆی بزانـێ. ئـەم جـۆرە بۆچوونـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە مـرۆڤ لـە دەرەوەی خـۆی دوای هـۆی کەموکورتییـەکان بگـەڕێ و خـۆی دوور بزانـێ لـە کەموکورتی. کەسـی وا هیچ کات بەدروسـتی توانایـی و خاڵـە لاوازەکانـی خـۆی پـێ لێـک نادرێنـەوە و لـە ئەنجامـدا نابێتە کەسـێکی سـەرکەوتوو. حیزبـی دیموکراتیـش زۆرجـار بـە دەسـت ئـەو نەخۆشـییەوە دەناڵێنـێ و زۆر جـار کێشـەکان بـە فاکتەرگەلـی دەرەوەی دەسـەڵاتی خـۆی و حیزبـەوە دەبەسـتنەوە و بەرپرسـان لـە بەرامبـەر کەموکورتییەکانـدا خۆیـان بـە بەرپرسـیار نازانـن. ئەمـەش وا دەکا کـە هیچـکات لـە نـاو خـودی حیزبدا،بـە دوای سـەرچاوەی کێشـە و شکسـتەکان نەکـەون و پـرس و لاوازییەکانـی حیـزب بـە دروسـتی لێـک نەدەنـەوە. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار دەشـێ، بـۆ دۆزینـەوەی سـەرچاوەی کێشـەکان بەرلـە هەمـوو شـتێ، بـە بـێ دەمارگـرژی، لـە هۆکارگەلـی ناوخۆیـی بکۆڵێتـەوە. لـە ڕەوشـێکی وادایـە کـە حیـزب خاڵـە لاوازەکانـی خـۆی دەبینێتـەوە و لـە هەوڵـی چارەسـەرکردنیاندا دەبـێ. گـەر ڕێکخـراو کەموکورتـی و خاڵـە لاوازەکانـی خـۆی نەبینـێ، هیچـکات لـە ئەزموونـی ڕابـردوو فێـر نابـێ. هەروەکـو لـە ئەزموونـی کۆنگرەکانـی هەشـت، دە و سـێزدەی حیزبـی دیموکراتـدا دەردەکەوێ،ڕێبەرایەتیـی ئێسـتای حیزبـی دیموکـرات لـە شکسـتەکانی ڕابـردوو، کەمتریـن ئەزموونـی وەرگرتـووە. ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیـزب بـۆ کۆنگـرەی چواردەهـەم لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ کێشـە ناوخۆییەکانـدا ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێ کـە ڕێبەرایەتیـی حیـزب، ئەوەنـدە بوێـر نییـە کـە لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ کێشـە ناوخۆییەکانـدا سـەیری خـۆی بـکات.  کاتێـک ڕێکخـراو کێشـەکان بـە هۆگەلـی دەرەکـی یـان لاوەکییـەوە دەبەسـتێتەوە، مانـای وایـە کـە کێشـەیەک نابینـێ تـا لـە هەوڵـی چارەسـەرکردنیدا بـێ و هانـدەر و هۆیەکیـش بـۆ  فێربـوون بـەدی نـاکا. حیزبێـک کـە گـۆڕانکارییەکانـی نـاو کۆمەڵگـە، نـەوەکان، پرسـە کۆمەڵایەتـی نەبینـێ و هـەروا بـە زمانـی ڕابـردوو قسـە بـکات و نەتوانـێ لـە هـۆی شکسـتەکانی پێوەندیـدار بـە مانـۆڕی سیاسـی لـە کاتـی هەڵبژاردنـەکان و تەنانـەت یادکردنـەوەی کارەسـاتی ڕێبەرانـی شـەهید ئەزموونـی پێویسـت وەربگـرێ،  هیچـکات فێـر نابـێ. چونکـە

هیچکات کەموکورتییەک لە سیاسەتەکانی خۆیدا نابینێ دراستی بکاتەوە. دیارە کاتێک کە باس لە حیزب دەکەین، مەبەستمان کاروباری بەڕێوەبەری و شێوازی هەڵسوکەوتی ڕێبەرایەتییە لە گەڵ پرس و کێشەکاندا.

# گەشەکردنی کاری تیمی دەبێتە هۆی فێربوونی گشتی
# وتاری ١٧

مادەی حەوتەمی پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،دەڵێ: "داڕشتنی پلان و بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان بەکۆمەڵە، تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە ناو حیزبدا جێگایان نیە". ئەم بەندەی پێڕەوی ناوخۆی حدکا، لەراستیدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە ئەرکدار دەکات بە پەروەردەکردنی کاری تیمی و گرووپی و پێکهێنانی فەرهەنگی گرووپی. ڕێکخراوی خۆفێرکار، فێربوونی گرووپی و تیمی ئاسان دەکات و ئەندامان بۆ ئەو شێوە فێربوونە هان دەدات. ڕێکخراوی خۆفێرکار بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی دیالۆگ و گفتگۆ فێربوونی گرووپی لە ناو ڕێکخراودا گەشە پێ دەدات. لە وەها ڕێکخراوێکدا ئەندامان دەبێ فێر بکرێن کە چالاکیی ئەوان وەک گرووپ یان تیمێک،لە چالاکیی یەک یەکی ئەوان کاریگەرترە. گرووپە هاوکار و هاوئاهەنگەکان پێکەوە فێری کاری بەکۆمەڵ دەبن و فێربوونی ئەوان هێزێکی زۆر بە گەشەکردن و پێشڤەچوونی ڕێکخراوەکە دەبەخشێ. باس وگفتگۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامان لە بیروبۆچوونی یەکتر ئاگادار بن. دیالۆگ زمانی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی حیزبدا پێک دێنێ و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی جیاوازیی نێوانیان. هەروەها باس وگفتگۆوا دەکا کە ئەزموون، شارەزایی و زانیاریی ئەندامان لە نێوانیاندا ئاڵووێر بکرێ و پێوەندیی نێوانیان قووڵتر و بەهێزتر بێ. بۆ ئەوەی دیالۆگ بەئاکام بگات، دەشێ، ئەندامان بڕیاری پێش وەختە نەدەن و بە بیرێکی کراوەوە بەشداریی دیالۆگەکان بن.

ئەمەش بە واتای دەستهەڵگرتن نییە لە رای خۆیان، بەڵکو دەشێ ئاگاداری بیروڕای خۆیان بن وبتوانن کە دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆیاندا پەلە نەکەن. لەو کاتەدا ئەندامان ناشێ دەرهەق بە بیروبۆچوونی خۆیان حەساسیەتیان نیشان بدەن وپێی لە سەر بگرن. بەڵکو لە کەشێکی ئارامدایە کە بیروڕاکان ئاڵوگۆریان بەسەر دادێ. قازانجێکی دیکەی ئەوجۆرە گفتگۆیانە جۆری بۆچوونی ئەندامان بەرامبەر یەکترە. لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەرپرس و ئەندامان تێدا بەشدارن، ئیدی لە کاتی دەربڕینی راوبۆچوونەکاندا، بەرپرس و سەرجەم بەشدارانی گفتوگۆکان وەک یەک و هاوڕێ و هاوکاری یەکترن . مرۆڤ لەگەڵ هاوکار و هاوڕێی خۆی زۆر راحەتتر و ئاسانتر دەکەوێتە دیالۆگەوە تاکو لە گەڵ بەرپرس یان کەسانی ژێردەستی خۆی. ئەو پرسانە لەوانەیە زۆر سادە و ساکار بێنە بەرچاو، بەڵام بەکردەوە زۆر سەخت و پێویستی بە راهێنانی زۆر دەکات، چونکە مرۆڤەکان خۆیان لە ئاستی جیاواز هەست دەبینن و ئەو نایەکسانییە لە رووی پلەی تەشکیلاتی و بەرپرسایەتییەوە، تەنگەژە لە پێوەندییەکاندا پێک دێنێ. حورمەتی لە رادەبەدەر و لەوانەیە ترس لە بەرپرس ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامی سادە نەتوانێ ،بە شێوەیەکی ئازاد و بێ ترس بیروڕای خۆی دەربڕێ. بەڵام بۆ ئەوەی کە گفتوگۆکان بە ئاکام بگەن و کۆبوونەوەکە هەروا لە بازنەیەکدا نەسووڕێتەوە، کەسێک دەبێ سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە بکات. مرۆڤ پێی خۆشە لە سەر ئەو شتەی کە دەزانێ بدوێ و ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە، بەڵام گەر ئەو شتەی کە دەیانهەوێ باسی بکەن لە دەرەوەی ئامانجی کۆبوونەوە بێت، کۆبوونەوەکە لە رێگای خۆی لای دەدات و ئەرکی بەرێوەبەری کۆبوونەوەیە کە بەشداران بەرەو بابەتی سەرەکیی کۆبوونەوە رێنوێنی بکات. دەشێ رێش نەدرێ باسەکان بوەستن و هەوڵ بدرێ کە کۆبوونەوە بەدەسکەوت بێ.

بەشی دیکەی فێربوون هونەری پێکەوە باسکردنە (دیبات). دەمەتەقێ بەشی پێویست و تەواوکەرەوەی دیالۆگی رێکخراوەییە. لە باسکردندا بیروبۆچوونی جیاواز پێشکەش دەکرێ و هەرکەسێک داکۆکی لە بیروبۆچوونی خۆی دەکات.

رێکخراوی خۆفێرکار دەشێ لە گفتگۆ و باسکردنی نێوان ئەندامانی کەڵک

وەربگرێـت و لـەو ڕێگایـەدا فێربوونـی کاری گرووپـی لەنـاو ڕێکخـراودا گەشـە پـێ بـدات. ئـەوکارە دەشـێ بـە ڕێکوپێکـی و بـە شـێوەی بـەردەوام لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا بکـرێ، بـۆ ئـەوەی کـە تێگەیشـتنی قووڵـتر لـە نـاو ڕێکخـراودا پێـک بێـت و گرووپـەکان ئـاگادار، ڕەخنەگـر و وریـا پـەروەردە بکرێـن. ئـەو گرووپانـەی کـە پێکـەوە ڕێکخـراوی خۆفێـرکار سـاز دەکـەن.

یەکێـک لـە شـانازییەکانی مێتـۆدی ڕێبەرایەتیـی دوکتـۆر قاسـملوو، هێنانـە کایـەی ئەوجـۆرە باسـانە و وەدیهێنانـی بنەماکانـی ڕێکخـراوی خۆفێـرکار بـوو. لـە نـاو حیزبـدا لـە کۆبوونـەوە و باسـەکاندا، هیـچ باسـێک مـادام لـە چوارچێـوەی سـنووری پاراسـتنی حورمەتـی مرۆڤـدا بایـێ، ئـازاد بـوو لەومـا حیزبـی دیموکـرات لـە جیاتـی ئـەوەی لـە کۆبوونەوەکانـی خۆیـدا بـاس لـە ئایدیۆلۆژییەکـی تایبـەت بـکات، بـاس لـە ئایدیالەکانـی پێوەندیـدار بـە خەبـات، جڤـاک و دوارۆژی دەکـرد. ئـەم باسـانە بەتایبـەت لـە کۆبوونەوەکانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی و کۆنگرەکانـی حیزبـدا دەبینـدرێ و نەریتێکـی ئەرێنیشـە.

# خوڵقاندنی ئاسۆی هاوبەش
# هێز دەداتە چالاکیی گشتی ڕێکخراوە
# وتاری ١٨

یەکێک لەو کارانەی کە دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتدا دای هێنا، دیاریکردنی پلەی کادرێتی بوو. پلەی کادر بە پێی ئاستی ئەزموون، زانیاری و بەرپرسایەتییەکەی لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دیاری دەکرێ. ئەمەش بەرهەمی کولتووری ڕێکخراوی خۆفێرکارە کە هاندەری ئەندامانی خۆیەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئامانجی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی. بەپێی مادەی چوارەمی پێڕەوی ناوخۆی حدکا، یەکێک لە ئەرکەکانی ئەندام "بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی"یە.

لە بەشەکانی پێشوودا کە باس لە ڕێکخراوی خۆفێرکار کرا، باس لە پێویستیی ئەندامی داهێنەر، شارەزا و گرووپە خۆفێرکارەکان وەک پێویستی گرنگی ڕێکخراو کرا. داخوا ئەو مرۆڤە داهێنەر و گرووپە شارەزاکان چۆن دەتوانن لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی خۆفێرکاردا کار بکەن؟ داخوا ناشێ ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ و ڕێکخراو ببن بە یەک و لە قاڵبی ڕێکخراوی فێرکاریدا کۆ ببنەوە. پێڕەوی ناوخۆیی حدکا لە ئەرکی ئەندام بە "پاراستن و گەشەپێدانی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب" دەزانێ. ڕێکخراوی خۆفێرکار ناتوانێت پێک بێت، گەر بێت و ئامانجی مرۆڤە داهێنەر و زانیاری خوڵقێنەکان لە گەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە وێک نەکەون. لەو وێککەوتنە و هاوئامانجییەدا گەشەکردن و فێربوون پێک دێ.

ڕێکخـراوی خۆفێـرکار بـە هەوڵەکانـی ڕێبەرایەتییەکـەی گەشـە دەکات. بـەڵام بەبـێ هـاوکاری و هاوڕێتیـی ئەندامانـی لێهاتـوو هیـچ ڕێبەرێـک توانـای ئـەوەی نابـێ، بەتەنیا ڕێکخراوەکـە گەشـە پـێ بـدات و بەرەوپێشـی بـەرێ. بـە واتایەکـی دیکـە ڕێکخـراوی خۆفێـرکار دەبـێ، ئاسـۆی هاوبـەش و تێگەیشـتنی هاوبـەش لـە نـاو ئەندامانـی خۆیـدا گەشـە پـێ بـدات بـۆ ئـەوەی ببـێ بـە ڕێکخراوێکـی خۆفێـرکار. هاوئاسـۆیی و تێگەیشـتنی هاوبـەش هێـز بـە ڕێکخـراو دەبەخشـێ و ئامانجەکانـی ئەنـدام، ئـۆرگان و تەواوەتـی حیـزب یەکگرتـوو دەکات و ئەنـدام کاتێـک دەتوانـێ لـە پێنـاو یەکیەتیـی سیاسـی و تەشـکیلاتیی حیزبەکەیـدا چـالاک بـێ.

هاودڵـی و ئاسـۆی هاوبـەش لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا بـە بـێ لەبەرچاوگرتنـی مافـی یەکسـانی هەمـوو ئەندامـان و ڕەچاوکردنـی "یـەک دیسـیپلین" کـە لـە پێـڕەوی ناوخـۆدا هاتـووە، کارێکـی ئەسـتەمە. بەندێـک کـە بەدرێژایـی مێـژووی کێشـەکانی ناوخـۆی حیـزب بـە ئەسـتەم جێبەجـێ کـراوە و تەنیـا دژی کەمایەتییـەکان و جیابیرانـی ناوحیزبـدا بـووە. لـە کاتـی ڕەچاوکردنـی یەکسـانیی هەڵسوکەوت لـە نێـوان ئەندامانـی حیزبیـدا، ئـەو هاودڵییـە دیسـیپلینی حیزبـی و چالاکـی هاوبـەش و یەکگرتـوو لـە پێنـاو ئامانجەکانیـدا بەهێـز دەکا. لـە کاتێکـی وادایـە کـە ئەندامـان دەتوانـن هەموویـان تەنیا بیـر لـە یـەک ئامانـج بکەنـەوە و دیمەنێکـی هاوبەشـیان هەبـێ لـە حیـزب و ئـەو ئەرکانـەی کـە حیـزب پێیـان دەسـپێرێ.

هاودڵـی یـان ئـەوەی لـە ئەدەبیاتـی حیزبـی دیموکراتـدا بـە یەکریـزی نـاو دەبـردرێ، پێویسـتی کاری ریکخـراوەی خۆفێـرکارە. چونکـە ئـەو یەکریزییـە دەبێتـە هانـدەر و پێشـخەری ڕەوتـی فێربـوون و وەدیهاتنـی ئامانجەکانـی حیزبیـش. لـە مـاوەی بیسـت سـاڵی رابـردوودا - ڕەنگـە بەهـۆی ژینگەیـەک کـە بەسـەر ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دیموکـرات سـەپێنراوە - چاندێکـی نەریتـی شـوێنی چانـدی ڕێکخـراوی خۆفێـرکار لـە نـاو حیزبـدا گرتـووە. لەوەهـا ژینگەیەکـی نەریتیـی ڕێکخراوەکـەدا، فێربـوون لەسـەر بنەمـای دژکردەوەیـە. ئەندامـان پێویسـتییەک نابینـن بـۆ هاودڵـی لـە فێربووونـدا. ئەندامـان ئـەوەی کـە جینـاح و لایەنـەکان پێیـان دەڵێـن، فێردەبـن. بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی یەکریزیـی فێربوونـی گشـتی لـە ڕێکخراوەکـەدا مسـۆگەر نابـێ و سـەرەرای

بوونـی بـڕوا و توانایـی و شـارەزایی زۆری ئەندامـان هەنگاوەکانیـان کـە بەشـێوەی لێکدابـڕاو و دوور لـە یەکـە ناتوانـێ، پێویسـتییەکانی فێربوونـی گشـتی و پەرەپێدانـی کارو چالاکییەکانیـان لـە پێنـاو وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی حیـزب بـەراورد بـکات.

هاودڵـی، یەکریـزی و هاوئاسـۆیی تەنیـا بۆچوونێکـی تایبـەت بـە یـەک کـەس و گرووپێکـی تایبـەت نییـە، بەڵکـو دەبـێ ببێتـە بۆچوونێکـی گشـتی و هەمـوو ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب لـەدەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە. ئەرکێکـی بەکۆمـەڵ و گشـتییە کـە هەمـوو ئەندامـان بڕوایـان پێیـە و بۆچـوون و سیاسـەتە گشـتییەکانی حیـزب وەک بۆچـوون و ئامانجـی خۆیـان دەبینـن. یەکریـزی و یـەک ئاسـۆیی لەوانەیـە ڕووبـە ناوخـۆ یـان ڕوو بـە دەرەوە بـێ. یەکریـزی ڕووبـەدەرەوە، وەک یەکیەتـی و هاوخەباتـی بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر دوژمـن و نەیـار و ڕکەبـەری هاوبـەش و بەرەورووبوونـەوە لـە گـەڵ مەترسـییەکی جیـدی بەرامبـەر بـە حیـزب، دەکـرێ ناودێـر بکـرێ و هاودڵـی ناوخۆییـش بریتییـە لـە وێکگەیشـتن و یەکریزیـی ڕێکخراوەیـی بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی کاری هاوبـەش و بەکۆمـەڵ بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە ناوخۆییەکانـی حیـزب.

ڕێبـەری کاریگـەر لـە حیزبـدا هـۆی سـەرەکییە لـە وەدیهاتنـی یەکڕیـزی و هاودڵیـی لـە نـاو ئەندامانـدا. ڕێبەرانـی سـەرکەوتوو کەسـانێکن کـە بتوانـن کەسـانی جۆراوجـۆر لـە ژێـر یـەک ئـاڵای هاوبەشـی ئەندێشـەیی و بیروباوەڕێکـی هاوبەشـدا کـۆ بکەنـەوە و ئـەو تێگەیشـتنە پێـک بێنـن کـە بوونـی بیـرورا جیـاواز لـە نـاو حیزبـدا کێشـەیەکی بچووکـە و ئـەوەی کـە بایەخـی هەیـە بوونـی هەسـت و ئامانجـی هاوبەشـە. ڕێکخـراوی خۆفێـرکار ناتوانـێ، سـەرکەوتوو بـێ گـەر لـە کەسـانی شـارەزا، داهێنـەر و خۆفێـرکار و گـرووپ و تیمەکانـی چـالاک لـە پێنـاو یەکریـزی و هاوخەباتـی کەڵـک وەرنەگـرێ. ئولگـوو و ڕەوشـتی ئەخلاقـی و کـردەوەی ڕێبـەران لە چوارچێـوەی بایەخەکانـدا ڕێبەران ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕن لـە پێکهێنانـی یەکریـزی و کەشـی تەندروسـتیی ڕێکخراوکـەدا. یەکریـزی و هاوئاسـۆیی ئەندامـان لـە چوارچیـوەی بەهـا هاوبەشـەکاندا پێـک دێ و بۆچوونـەکان و هەڵسـوکەوتی دەسـەڵاتدارانی حیـزب شـوێندانەرە لـە گەشـەکردن و پێشـڤەچوونی ئـەو بەهایانـەدا.

خاڵێکـی گرنـگ لـەو پێوەندییـەدا بوونـی ئەمنیـەت و تەناهیـی هەڵبژاردنـی ئاسـۆی

هاوبەشە. گەر ئەندامان هەست بکەن کە سیاسەتە گشتییەکانی حیزب یان ئەوەی لە ئەدەبیاتی حیزبدا پێی دەوترێ یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب، کارێکی "ئیجباری" و بەزۆر بێ و ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزب مەجالیان نەبێ بۆ بەشداری لە پێکهێنانی ئاسۆ و تێگەیشتنی هاوبەش، هاودڵی و یەکریزی حیزبی پێک نایەت و ئەمەش دەبێتە هۆی خێرابوونی هێزی دوورکەوتنەوە لە حیزب و حیزب لە گەشەسەندن و پێشکەوتن دەوەستێتەوە.

یەکریزی و هاوئاسۆیی لە ناو ڕێکخراودا بە واتای ئەوە نییە کە ئەندامەکان دەست لە بیروبۆچوونی خۆیان هەڵبگرن، بەڵکو، دەتوانن بۆچوونی خۆیان رابگرن و لە ڕێگای بۆچوونەکانیانەوە، بیر لە ئامانجی گشتی بکەنەوە و باوەڕیان پێ بێ. چونکە کاتێک ئامانج و خەونەکان هاوبەش بن، ئامانجگەلی کورتخایەن و جیاوازیی بیرورا ناتوانن، ڕێ لە هاوکاری و یەکریزیی حیزب بگرن.

لە حیزبێکدا کە خۆی میراتگری پرنسیپەکانی قاسملوو دەزانێ، دەشێ هەوڵ بدرێ، تایبەتمەندیی هۆلۆگرام (Hologram) لە پێوەندی لە گەڵ هاوئاسۆیی پێک بهێندرێ. واتە، بیروبۆچوونی ئەندامان لە روانگەی گشتیی حیزبدا جێ بکاتەوە و سیاسەتە گشتییەکانی حیزب ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی ئەندامانیش بن. هۆلۆگرام پەڕەیەکە کە زانیارییەکان بە شێوەی شەپۆلی نوور تۆمار دەکات، بەشێوەیەک کە تەواوەت لە هەموو بەشەکانی پەڕەکەدا دەبیندرێ. بەو واتایە کە گەر بێت و پەڕە (زینگ)ی هۆلۆگرامەکە بشکێت و پارچەپارچە بێت هەر پارچەیەک وەک ئەوەیە کە هەموو زانیارییەکانی تێدا تۆمار کرابێت و دەکرێت هەموو زانیاریگەلی تۆمارکراو لە ڕێ یەک پارچەوە،دیسان تۆمار بکرێنەوە.

لە ڕێکخراوی خۆفێرکاریشدا هەر ئەندامێک خۆی لە ناو بیروبۆچوونی گشتیدا دەبینێتەوە و بەو شێوەیە گرێدراوی بە هێڵ و سیاسەتە گشتییەکانی حیزبەوە زیاتر دەبێ. هاوتەریببوونی ئامانج و خەونەکانی ئەندامان لە گەڵ ئامانجەکانی حیزب و دەبێتە هۆی بڕوای هاوبەش و خاوەن بایەخ و بەهاکانی هاوبەش لە حیزبدا کە ئەمەش لە ستوونگەلی سەرەکیی ئەندێشە و فیکری ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنە. بەبێ ئەو ئەسڵە یەکریزی زۆر ناخایەنێ وحیزب

ناتوانێ نە لە ڕابردوو دەرس وەربگرێ و نە هەنگاویش بەرەو داهاتوو هەڵبگرێ. لە کۆمەڵگەیەکدا کە لە سەدەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ بە سەر بەشی جیاواز دابەش دەبێ و پلۆرالیزم ڕەهەندی نوێ دەدۆزێتەوە. حیزب کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە ئەندامان، لایەنگران، کادر و ڕێبەرانی حیزب لە چوارچێوەی بەها و ئامانجگەلی هاوبەشدا وەک ئەندامی یەک جەستە بن و پێکەوە بەرەو ئاسۆی هاوبەش خەبات بکەن.

# قاسملوو و کولتووری ڕێکخراوەیی
# لەناو حیزبی دێموکراتدا
# وتاری١٩

کاریگـەری یەکێـک لـە گرینگتریـن بابەتەکانـی تێگەیشـتن لـە هەڵسـوکەوتی ڕێکخراوەییـە. شـارەزایانی ڕێبـەری لـەو بڕوایـەدان کـە کاریگـەری باسـی هەرەگرنـگ لـە لێکدانـەوەی ڕێکخراوەییـە و ئاسـۆی ڕێکخراوەیـی بـە بـێ دیاریکردنـی ئاسـتی کاریگـەری، زەحمەتـە. ڕێبـەری لـە حیزبێکـی نەتەوایەتیـی وەک حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا، پێگەیەکـە بـۆ پێکهێنانـی ئاڵوگـۆڕ و ڕێبەرانـی گـۆڕانکاریخـواز، گرنگتریـن سـەرچاوەی حیزبێکـی لـە چەشـنی حیزبـی دیموکراتـن. شکسـت و لاوازی هـەر ڕێکخراوێـک دەکـرێ تـا ڕادەیەکـی زۆر بـە لاوازی و لێنەهاتوویـی ڕێبەرایەتیـی ڕێکخراوەکـە دابـنرێ. تەنیـا تایبەتمەندیـی ڕێبـەران هـۆکاری کاریگەریـی ئـەوان نییـە، بەڵکـو هۆکارگەلـی ژینگەیـی و هەڵسـوکەوتی لایەنگرانیـان ڕێبـەر و هەروەهـا پێویسـتییەکانی تایبەتـی سـەردەمی ڕێکخراوەکـەش لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کاریگەریـی ئەوانـدا یارمەتیـدەرن.

ئـەوەی کـە لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ دوکتـۆر قاسـملوودا دەکـرێ بـە کورتـی بـاس بکـرێ ئەوەیـە کـە دوکتـۆر قاسـملوو ڕێبەرێکـی شـوێندانەر بـوو لـە بـواری گەشـەکردنی فەرهەنـگ و کولتـووری ڕێکخراوەییـدا، هانـدەری و هەسـت بـە شـانازیکردنی ئەندامـان، دەروەسـتی ڕێکخراوەیـی و پێوەندییەکانـی ڕێکخراوەیـدا. بەهـۆی ئـەوەی کـە ئەندامـان و کادرەکانـی حیـزب لـە سـەردەمی خەباتـی نیوەنهێنیـدا کـە چالاکیـی

چەکداری ڕاوەستاوە، چالاکی دەنوێنن، وەک ڕێبەرانی خۆجێی ناو کۆمەڵگەکان و دەبێ بە پێی کولتووری ڕێکخراوەیی و هەروەک لە پێڕەوی ناوخۆیی حیزبیشدا هاتووە دەبێ پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە. ئەمەش پێویستی بە پەروەردەی کولتووری ڕێکخراوەیی لە هەموو ئاستەکانی حیزبدا نیشان دەدا.

کوردستان لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، ئاڵوگۆری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کۆمەڵگەی کوردی ئەمرۆ لە گەڵ کۆمەڵگەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر جیاوازییەکی زۆری لە ڕووی کولتووری، ئاستی خوێندن و نووسین، جۆری پیشە، ئابووری، پێوەندی، هەڵسوکەوت، پێویستی، بایەخ و بەهاوە هەیە. بەپێی ئەوەش دەشێ فەرهەنگی ڕێکخراوەیی ئەمرۆی حیزبی دیموکرات جیاواز بێ لە هی بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر. بە بڕوای کامرۆن کوین (Cameron K. S Quinn) فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بەش و کۆمپۆنێنتەکانی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بریتین لە: نموونەی بەرێوەبەری، بەرنامە ستراتێژییەکان، کەشی ناوخۆیی ڕێکخراوەکە، سیستەمی خەڵاتکردن، ڕێبەری و بایەخە بناغەییەکانی ڕێکخراو. بۆ ئەوەی ڕێکخراوێک بگۆردرێ، دەشێ ئەو بەشانە بەوردی لێک بدرێنەوە و لە چوارچێوەی ئایدیال و ئاسۆی دوارۆژی ڕێکخراوەکە هەڵبسەنگێنرێن.

کولتووری ڕێکخراوەیی، گرینگترین هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی ڕەزامەندیی ئەندامانە لە ڕێکخراو و ڕێبەرییەکەی. پێداگری لە سەر ڕۆڵی ڕێبەری لە بەر وەرەبەخشین و هاندانی ئەندامان و ڕێنوێنیی ئەوان بەرەو بەها و بایەخە نوێیەکاندایە. بۆیە ڕۆڵی ڕێبەری گۆڕانخواز بۆ گەشەکردنی ڕێکخراو و بەرەوپێشچوونی زۆر گرنگ و بەرچاوە. ڕێبەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ڕێگا بە مرۆڤ دەدات بە ئاگادارییەوە ئاکامەکان بە هۆیەکانەوە گرێ بدات و هەلومەرجی دژوار و تێکهەڵپێچراو بە شێوەیەک کە هەمووکەس تێی بگات شی بکاتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەری لە حیزبێکی سیاسیدا، پرسی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتییە. بەپێی ئەو بۆچوونە ڕادەی کاریگەریی ڕێبەر، بە ڕادەی ئەو چاوەڕوانییانەوە بەستراوەتەوە کە لایەنگران لە ڕێبەرێکی بەتوانا هەیانە یا خود ئەو ئاستە ئاڵوگۆڕەی کە ڕێبەرێکی گۆڕانخواز وەدیی دێنێ. نموونەی ڕێبەری

گۆڕانخـوازی لـە چەشـنی قاسـملوو تـا ئەمرۆشـی لـە گـەڵ بـێ، سـەرکەوتووترین نموونـەی ڕێبـەری لەنـاو حیزبـی دیموکـرات بـووە. ڕێبەرانـی گۆڕانخـواز لـە پێکهێنـان و گەشەسـەندنی فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی یارمەتیـی ڕێکخراوەکـە دەدەن. بـۆ ئـەوەی ئاسـتی کێبەرکـێ و هەڤرکـی بـە شـێوەیەکی تەندروسـت بـەرز بێتـەوە، گۆڕانکاریـی کولتـووری ڕێکخراوەیـی پێویسـتە.

ڕێبـەری گۆڕانخـواز لـە شـێوازی دیموکراتیکـی ڕێبـەری کەڵـک وەردەگـرێ کـە بـە شـێوەیەکی گونجـاو فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی لـە ڕێـگای گۆڕانکاریـی هەنـگاو بـە هەنـگاوی ڕێکخراوەکـەوە، بەهێـز دەکات و هێـزی بڕوابەخۆبـوون لـە نـاو ئەندامانـدا گەشـە پـێ دەدات. ئـەم شـێوازە چاوەڕوانییەکـی زۆر لـە کادر و بەرپرسـان پێـک دێنـێ. چونکـە ئـەوە ئەوانـن کـە گۆڕانکارییـەکان وەدی دێنـن.

بـۆ گەیشـتن بـە ئاسـتی ڕێبەرییەکـی شـیاوی شـوێندانەر، دەبـێ ڕێبەرایەتیـی حیـزب سـەرنج بداتـە پێڤـاژۆی فەرهەنگـی ریکخراوەیـی و ڕەزامەندیـی گشـتیی ئەندامـان و چالاکانـی حیزبـی کـە لـە ڕێـگای پرۆگرامـە پەروەردەییەکانـەوە، شـارەزایی و زانیاریـی پێویسـت بـە ئەندامـان دەدرێ. لێکۆلینەوەکانـی بـواری ڕێبـەری دەسـەلمێنن کـە ڕێبـەری کولتـووری ڕێکخـراوە و ڕەزامەندیـی گشـتیی ئەندامـان، ئەنگیـزە و ویسـتی کارکـردن و چالاکیـی ئـەوان بـەرز دەکاتـەوە. چونکـە کولتـووری ڕێکخراوەیـی بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕێـگای ڕەزامەندیـی ئەندامانـەوە ئاسـتی کاریگەریـی ڕێبـەر بەرزتـر دەکاتـەوە. بۆیـە بەرەوپێـش بـردن و گەشـەکردنی زانیـاری و تێگەیشـتنی ئەندامانـی ریبـەری و کادرەکانـی حیـزب ڕاسـتەوخۆ کار دەکاتـە سـەر ئاسـتی ڕەزامەنـدی و ئەنگیـزەی ئەندامـان و ڕێکخراوەکانـی حیزبـی.

# پێوەندی نێوان شێوازی ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی
# وتاری ٢٠

لە گەلاوێـژی ساڵی ١٩٨٨دا دوای ئـەوەی بڕیارنامـەی ٥٩٨ی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـەوە پەسـەند کـرا و ئاگربـەس لەنێـوان ئێـران و عێراقـدا ڕاگەیانـدرا. کۆبوونەوەیـەک لـە بنکـەی دەفتـەری سیاسـیی حیـزب بـۆ دوکتـۆر قاسـملوو گیـرا. دوای کۆبوونەوەکـە، دوکتـۆر قاسـملوو کـە وتـە و کـردەوەی نموونەیـی بـوو، لـە کاتـی دەرکەوتـن لـە سـاڵۆنی کۆبوونەوەکـەدا، لـە دەرەوەی سـاڵۆنەکە، پارچـە زبڵێکـی کەوتـە بەرچـاو، هەڵـی گرتـەوە. زۆربـەی بەشـدارانی کۆبوونەوەکـە چاویـان لـەم کارە سـەمبۆلیکەی وی کـرد و دەوروبـەری سـاڵۆنی غەزاخـۆری و کۆبوونەوەکانـی دەفتـەری سیاسـی خاوێـن کرانـەوە. بێگومـان قاسـملوو دەیتوانـی لـە جیاتـی ئـەوەی بـۆ خـۆی زبڵەکـە کـۆ بکاتـەوە، کارەکـە بـە پێشـمەرگەکان یـان کەسـانی دەوروبـەری بـکا. بـەڵام ئـەو بەکـردەوە و لـە نـاو ریـزی پێشـمەرگەکاندا نیشـانی دا کـە ڕێبەرێـک دەتوانـێ وەک هەمـوو مرۆڤێکـی ئاسـایی لـە خەمـی ژینگـەی هاوبـەش و گەشـە سـەندنی فەرهەنگـی پاراسـتنی پـاک و خاوێنـی بێـت. نموونەیـەک کـە ئەمـرۆ لـە نـاو ڕێبەرایەتیـی حیزبـدا "غایـب"ە.

فەرهەنگـی ریکخراوەیـی لـە هۆیـە گرنگەکانـی کارکـردی ڕێکخراوەییـە و ڕێبـەری کلیلـی سـەرکەوتنی حیـزب لـەو بوارەدایـە. بۆیـە ناسـینی پێوەندیـی نێـوان ڕێبـەری و فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـە. بـە هـۆی ئـەوەی کـە تـا ئێسـتا

لـە نـاو حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا و بەداخـەوە دەتوانـم بڵێـم، لـە نـاو حیزبەکانـی دیکـەی کوردستانیشـدا جگـە لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان، پرسـی فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی بـە شـێوەیەکی پتـەو و ریکوپێـک بـاس و لێکۆڵینـەوە و پـەروەردەی پێوەندیـداری بـۆ نەکـراوە، پێوەندیـی نێـوان ڕێبـەری، فەرهەنـگ و چانـدی ڕێکخراوەیـی کەمـتر کەوتووەتـە بـەر پـلان و بەرنامـەی کار و چالاکیـی ڕێکخـراوە کوردییـەکان. لێـرەدا بەکورتـی، پێوەندیـی نێـوان شـێوازی ڕێبـەری و فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی دەخرێتـە بـەر بـاس. دەمانـەوێ وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەینـەوە کـە کامەیـان کار دەکەنـە سـەر ئـەوی دیکـە: چانـدی کۆمەڵگـە یـان شـێوازی ڕێبـەری، دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی؟ بـە واتایەکـی دیکـە داخـوا ڕێبـەر دەتوانـێ فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی بخوڵقێنـێ یـا خـود ئـەوە کولتـوورە کـە شـێوازی ڕێبـەری لـە نـاو ڕێکخراوێکـدا دیـاری دەکات؟ ژمارەیەکـی زۆر لـە لێکۆڵـەران و زانایـان بـەو بڕوایـەن کـە ئـەوە توانـای ڕێبـەرە کـە فەرهەنگـی ڕێکخراوەکـە دەگـۆڕێ و تەنانـەت چاندێکـی نـوێ لـە ڕێکخراوەکـەدا وەدی دێنـێ. ئێـدگار چێـن (Edgar H. Schein)، داهێنـەری دەروونناسـی ڕێکخراوەیـی لـەو بڕوایەدایـە کـە ڕێبـەری بەهێـز توانـای خوڵقاندنـی کولتوورێکـی تایبـەت بـە ڕێکخراوەکـەی هەیـە.

کولتـووری ڕێکخـراوە دەتوانـێ وەک بگۆڕێـک (متغییر) بـێ کـە لـە لایەکـەوە فاکتـۆری کاریگـەری گۆڕانـکاری یـا خـود گۆڕانـکاری دەسـتدرێژیکار بێـت. کولتـوور لـە ڕوانگـەی بگـۆڕەوە بـەو واتایـە کـە دەگـۆڕدرێ و ئاڵوگـۆڕ بەسـەر کولتـوور و چانـدی ڕێکخـراوە و کۆمەڵگـەدا بـێ. ئەمـەش گـرێ بـە توانـای ڕێبەرییـەوە گـرێ دراوە. بـە واتایەکـی دیکـە ئـەوە ڕێبـەرە کـە کار دەکاتـە سـەر فەرهەنگـی ڕێکخراوەکـە. خوێندنـەوەی دیکـە لـەو پێوەندییـەدا ئەوەیـە کـە فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە سـەرتاپای ڕێکخراوەکـە، کـە بیرکردنـەوە و هەسـتی ڕێبـەر لەژێـر کاریگەریـی ئـەم فەرهەنگـەدا بیچـم دەگـرێ. بەشـێکی زۆری ئەندامانـی ڕێبەرایەتیـی حیـزب پێـڕەوی لـەم جـۆرە بۆچوونـە دەکـەن و بۆیـە مێتـۆدی ڕێبەرایەتیـی سـاڵانی ڕابـردوو لـە نـاو حیزبـدا کاردانەوەیەکـە لـە هەمبـەر ئاڵوگـۆڕەکانـی دەوروبـەردا و پـێ بەپێـی ئەمـەش سروشـتی جیاوازیـی چینایەتـی و هەڵسـوکەوتی لەسـەرەوە بـۆ خـوارێ، بووتـە سـیمای

زاڵـی فەرهەنگـی هەڵسـوکەوتی حیزبـی.

فەرهەنگـی رێکخراوەیـی بەشـێکە لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی هـەر رێکخراوەیـەک کـە کار دەکاتـە سـەر بەرێوەبەریـی سـەرچاوە مرۆڤییەکانـی نـاو رێکخراوەکـە. کولتـووری رێکخراوەیـی رەنگدانـەوەی ئولگـوو و ئایدیالگەلـی رەوشـتی و ئەخلاقیـی نهێنیـی رێبەرانـە لـە نـاو رێکخراوەکـەدا. زۆربـەی نووسـەران پێیـان وایە کـە کولتوور و سـتراتێژی لـە نـاو رێکخراوەیەکـدا هاوتەریـن. هەندێکـی دیکـەش فەرهەنگـی رێکخراوەیـی بـە بەرهەمـی سـتراتێژی رێکخراوەکـە دەبینـن. هەرچۆنێـک بـێ، فەرهەنگـی رێکخـراوە بریتییـە لـە هۆکار،هانـدەر، بەهـا، بـاوەڕ، ناسـنامە و شرۆڤـەی رووداوە گرنگـەکان کـە بەپێـی ئەزموونـی رێکخراوەکـە شـکڵ دەگـرێ و ئەندامانـی رێکخراوەکـە خۆیانـی لـە گـەڵ دەگونجێنـن.

کاریگەریـی کولتـوورە جیاوازەکانـی نـاو رێکخراوەکـە لـە سـەر شـێوازی رێبـەری و بەرێوەبەریـی رێکخراوەیـی جیـاوازە. دەکـرێ ئامـاژە بـە سـێ جـۆر لـە فەرهەنگـی رێکخراوەیـی بکـرێ کـە کاردانەوەیـان لـە سـەر رێکخـراو هەیـە: کولتـووری گرووپیـی (هاندەرانـە)، کولتـووری پێشـڤەچوون و داهێنەرانـە و کولتـووری لەبەرچاوگرتنـی پلـە رێکخراوەییـەکان (برۆکراتیـک). فەرهەنگـی گرووپـی لـە سـەر بنەمـای مرۆڤگەرایانـە دامـەزراوە و هـەوڵ دەدات ژینگەیەکـی دۆسـتانە بـۆ ئەندامانـی رێکخـراوە پێـک بێنـێ. لـەو رێکخراوانـەدا کـە خاوەنـی فەرهەنگـی هاندەرانـەن، ژینگـەی کاری رێکخراوەیـی دۆسـتانە، دادپەروەرانـە و ئەندامـەکان پشـتیوانی یەکـترن و یەکـتر هـان دەدەن بـۆ بـڕوا بەخۆبـوون و بەشـداری لـە کاروبـار و پێشـڤەچوونی کارەکان. لـە کولتـووری داهێنەرانـەدا ئەندامـان هـان دەدرێـن بـۆ داهێنـان، ریسـک کـردن و گەشـەپێدان هانـدەری ئەندامانـە بـۆ کارکـردن. لـەو کولتـوورەدا کـە ئەندامەکانـان زۆرتـر بایـەخ بـە سـتراتێژی و ئامانجەکانـی رێکخراوەکـە دەدەن، هـان دەدرێـن بـۆ ریسـک کردنـی گەورەتـر و داهێنانـی نوێـتر. لـە بەرامبـەردا کولتوورێـک کـە ئەمـڕۆ لـە نـاو حیزبـی دێموکراتـدا بـاوە، کولتوورێکـە لەسـەر بنەمـای ریزبەندیـی قـەوارەکان و لەبەرچاوگرتنـی پلـەی رێکخراوەیـی و جێبەجێکردنـی بڕیـارەکان لـە سـەرەوە بـۆ خوارێیـە و بەکـردەوە ئەندامـەکان لـە خـوارەوە بـۆ سـەرێ دەبـێ تەنیـا راپۆرتـی خۆیـان بـۆ ئۆرگانەکانـی

سەرەوە بەرز بکەنەوە. لە کولتوورێکی وادا کە پێ لە سەر برۆکراسی و کۆکردنەوەی دەسەڵاتی تەواو لە دەست ناوەندی سەرەکیی بڕیاردان، واتە دەفتەری سیاسی – نەک کۆمیتەی ناوەندی-دادەگرێ، گۆڕانکاری و نەرمینواندن"انعگاف پژیری" کارێکی ئەستەم و وزەبەرە. لەو کولتوورەدا، ئەندام نابێتە گرینگترین سەرمایەی ڕێکخراوەیی و بۆیە لە پێوەندییەکاندا ئەندام لە لایەن سەرووترەوە، پشتگوێ دەخرێ و زۆر بەدەگمەن وەڵامی ڕەخنە، پێشنیار یان پێداچوونەوە بە پرسێکدا، بەدی دەکرێ.

تێگەیشتن لە پێوەندیی نێوان ڕێبەرایەتی و کولتووری ڕێکخراوەدا، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی کاریگەریی ڕێبەرایەتی. ناسینی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەری و گونجاندنی ئەو شێوازانە لە گەڵ کولتووری ڕێکخراوەیی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێویست دەبێتە هۆی چالاکی و کاریگەریی زیاتری حیزب. تا ئێستا لە ناو حیزبی دیموکراتدا بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکوپێک لە پێوەندی لە گەڵ بگۆڕگەلی کولتووری و پێوەندیی نێوان ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە. ئەگەر جاروبارلە کۆبوونەوەکان ئاماژەیەک بەو پرسە کرابێت، ئاماژەکان یەک ڕەهەندی و تاکەکەسی بوون. گرنگیدان بە پرسی ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی، شوێن لە سەر ئاستی یەکیەتیی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی حیزب دادەنێ وبنەماڵە لێکبڵاوەکەی دیموکرات لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە.

کولتوور و مۆدیلەکانی ڕێبەری بە شێوازی جۆراوجۆر لە سەر ڕێکخراو ڕەنگ دەدەنەوە. بەگشتی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی لە ڕێگای شکڵدان بە بایەخ و بڕواکانی ئەندامانی ناو ڕێکخراوەکە، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی هەستی هاوبەش و پرۆسەی بەشداریی ئەندامان لە بڕیاراتی حیزبی و جێبەجێ کردنیاندا دەگێڕێ. هەروەک لە سەردەمی قاسملوودا دەردەکەوێ، کولتووری داهێنەرانە، کاردانەوەی ئەرێنی بووە لە سەر وزە و گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبی و گۆڕانی مۆدیلی ڕێبەری لە ڕێبەرییەکی کۆنزەرڤاتیڤ و پارێزەری "هەلومەرجی مەوجوود" بۆ ڕێبەرییەکی گۆڕانخواز و نوێگەرا ژینگەیەکی تازە لە ناو حیزبی دێموکراتدا دەخوڵقێنێ. گۆڕانکاری و گەشەپیدان، بیرکردنەوەی نوێ و ئامادەیی ریسک کردنی

پێویستە. کولتووری نەریتگەرا و بروکراتیکی ریشەدار، کە مەودای نێوان رێبەری و ئەندامانی زیاد بەرین کردووە، تەنیا کاری نەرێنی دەکاتە سەر حیزب و وزەبەکەی بەفیڕۆ دەدا و هێزی ڕاکردن لە سەنتەر و لە دەستدانی تواناکان زیاد دەکا.

# ڕێبەری ئەخلاقی
# وتاری ٢١

بــە لەبەرچاوگرتنــی ڕۆڵــی ســەرەکیی ڕێبەرایەتــی لــە پێشخســتن و گەیاندنــی هــەر ڕێکخراوێــک بــە ئامانجەکانــی، پێویســتە هەمــوو بەشــەکانی ڕێکخراوەکــە لــە گــەڵ ڕێبەرایەتیــدا هاوئاهەنــگ بــن. بۆیــە دەبــێ ڕێبــەر هــەوڵ بــدات لــە ڕێــگای جۆراوجــۆرەوە بــە لەبەرچاوگرتنــی پێویســتیی کۆمەڵگــە و ئاســتی کولتووریــی جڤــاک و تێگەیشــتوویی سیاســیی ئەندامانــی ڕێکخراوەکــە، زەمینــەی پێشــکەوتنی تاکەکەســی و گرووپیــی ئەندامانــی پێــک بێنــێ. هەوڵــی قاســملوو لــە پێنــاو بەرزکردنــەوەی بایــەخ و بەهــا هاوبەشــەکان، داهێنانــی ڕێــگای پێشــکەوتن و گەشــەکردنی حیزبــی دیموکراتــی کوردســـتان و هەروەهــا ڕوانگــە ئەخلاقییەکانــی لــە پێوەنــدی لــە گــەڵ جــۆری خەباتــی سیاســی، دژایەتیــی لــە گــەڵ بارمتەگرتــن، تیــرۆر، بــاوەڕی بــە پلۆرالیــزم، دژایەتیــی لــە گــەڵ چەوســانەوەی مــرۆڤ بــە دەســتی مــرۆڤ ودژایەتیــی لــە گــەڵ هەرجــۆرە ڕەگەزپەرستی و مەزنایخوازییــەک، قاســملووی کردووەتــە "ڕێبــەری ئەخلاقی".

ڕێبەرایەتیــی ئەخلاقــی لــە جــۆری تێگەیشــتن و جیهانبینیــی ڕێبەرانــەوە دەســت پــێ دەکات. ڕێبەرایەتیــی ئەخلاقــی بنەماکانــی ئەخلاقی حیــزب و بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی و ژینگەیــی ئەندامانــی حیــزب دیــاری دەکات. ئــەو دوو بەشــە لێــک جیــا ناکرێنــەوە و دەبــێ بــەردەوام هەوڵــی پەرەپێدانیــان بــدرێ.

ئــەوەی کــە ڕێبــەران تــا چ ئاســتێک پێوەندییــان بــە جیهانــی دەوروبەریانــەوە هەیــە و تــا چەنــدە لێــی تــێ دەگــەن، پۆتانســیەلی ئــەوان لــە پێوەنــدی لــە گــەڵ لێکۆڵینــەوە،

تێگەیشتن و پراتیکدا روون دەکاتەوە. ئەو پۆتانسیەلەش بریتییە لە لێهاتوویی ، زانست و روانگایانەی کە مرۆڤ دەتوانێ گەشەیان پێ بدات. رۆڵی رێبەران بریتییە لە رێنوێنی و پێشڤەبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەکردنی ئەندامان لە پێناوی گەشەسەندن و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حیزبدا.

رێبەری ئەخلاقی دەبێ کاریگەر و زۆر کارامە بێ. ئەگەر وا نەبێ، ئەوا بەهرە و توانای ئەندامان بە فیڕۆ دەڕوا. رێبەرانی حیزبی دیموکرات، دوای دوکتۆر قاسملووش میراتە ئەخلاقییەکانی وییان بەرز راگرتووە و گەشەیان پێ داون. بەڵام تەنیا ئەخلاق و رەوشت بەس نین. رێبەر دەبێ لێزان، کاراش بێ، مێتۆدی گونجاو لە گەڵ هەلومەرج هەڵبژێرێ. رێبەرایەتیی ئەخلاقی بریتییە لە پێنج شێواز کە لە کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوودا دەبیندران.

بۆ ئەوەی رێبەرێک کارا و بەرز بێ، دەبێ چوار لە بەشی سەرەکیی رێبەرایەتیی ئەخلاقی تێ بگا و گەشەیان پێ بدا. ئەم بەشانە بریتین لە: ئامانج، زانست، دەسەڵات و بڕوا. پێوەندیی ئەو چوار بەشە وەک پێوەندیی نێوان جەستە و خوێن وایە. بەتەنیا بایەخدان بە هەریەک لەوانە، دەبێتە هۆی کەموکورتی و سەرلێشێواوی لە کاروباردا.

هیچ رێکخراوێک خاوەنی یەک میتۆد و تایبەتمەندیی تایبەت بە رێبەری نییە. بۆیە هیچ رێکخراوێک میتۆدی رێبەرایەتیی تایبەتی نییە. رێبەری ئەخلاقی بەگوێرەی میتۆدگەلی گونجاوەوە، ئاستی ئەخلاقی و چالاکی لەناو رێکخراوەکەدا بەرز دەکاتەوە. ئەو بەشانە بەردەوام لە حاڵی گەشەسەندنی سیستەماتیک و رەوانن.

میتۆدی گونجاوی رێبەری بە تێگەیشتنی ئەخلاقی باو لە ناو رێکخراوەکەوە گرێ دراوە. چاند و فەرهەنگی رێکخراوەکە لە هەموو قۆناغێکی تەمەنیدا نیشان دەدا. کولتووری رێکخراوەیی یەکێک لە بەرپرسایەتیگەلی گرنگی کۆمەڵایەتیی رێکخراوەیە و چالاکبوون و گەشەسەندنی دەبێتە هۆی گەشەسەندن و بەرینتربوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی.

# ڕێبەری ئەخلاقی و کاردانەوەی لە سەر ژینگەی ئەخلاقیی ڕێکخراو
# وتاری ٢٢

کەشی ناوهەر ڕێکخراوەیەک زۆر کار دەکاتە سەر ئاستی هەڵسوکەوتی ئەندامان و پێوەندییەکانی. ژینگەی ئەخلاقیی حیزب بریتییە لە کرداری هەڵبژێردراوی ئەندامان و هەروەها ئەو کردارانەی کە لە ڕێگای پێڕەوی ناوخۆ و ئایین‌نامەکانەوە پێوەندیی نێوان ئەندامان و ڕێبەرایەتی دیاری دەکەن. ئەم ژینگانە بەپێی هەلومەرجی جیاواز کرداره ئەخلاقییەکانی ئەندامان و ڕێکخراوە شی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە شوێنی کار و چالاکییەکانیان لە ڕووی پێوەندی و هەڵسوکەوتی ئەخلاقییەوە، شتێک بە شاراوەیی نەمێنێ. کەوابوو ڕێبەرایەتیی حیزب لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانیی کرداری ئەخلاقیی لە ئەندامەکان هەبێ، بەرپرس و وەڵامدەرەوەی کەشی ئەخلاقیی ڕێکخراوەکەیە.

مەبەست لە "ژینگەی ئەخلاقیی حیزب" ئەوەیە کە چۆن کەشی ناوخۆیی ڕێکخراوەکە کار دەکاتە سەر کردەوەی ئەخلاقی و نا ئەخلاقیی ئەندامان. ژینگەی ئەخلاقی لە حیزبدا شوێنی ئەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزب دادەنێ و ڕاستەخۆ کار دەکاتە سەر ئەنگیزە و هۆی کار و چالاکیی ئەندامان. لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە: " سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بنەمایەک داڕێژراوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێ". هەروەها مادەکانی پێنجەم

و شەشـەمی پێـڕەوی ناوخۆیـی حیزبیـش، وێـڕای شـیکردنەوەی مافەکانـی ئەندامـان و دیسـیپلینی حیزبـی، شـیکەرەوەی ژینگـەی فەرمیـی ئەخلاقیـی حیزبـی دیموکراتیشـە. بـەو پێیـە ژینگـەی ئەخلاقـی بریتییـە لـە "تێگەیشـتنی هاوبـەش لـەوە کـە چ کردارێـک لـە روانگـەی ئەخلاقییـەوە دروسـتە و چـۆن دەشـێ لـە گـەڵ پرسـە ئەخلاقییـەکان هەڵسـوکەوت بکـرێ." بـە لەبەرچاوگرتنـی جیاوازیـی نێـوان ئـەرک و پلـەی ئەندامـان و کادیرانـی حیـزب، لەوانەیـە تێگەیشـتنیان لـە سـەر ژینگـەی ئەخلاقیـی حیـزب جیـاواز بـێ. ئـەوە رێبەرانـن کـە هەڵسـوکەوتەکەیان باشـترین وێنـەی تێگەیشـتن لـە ژینگـەی ئەخلاقیـی حیزبـە و ژیانـی رۆژانـە، هەڵسـوکەوتیان لـە گـەڵ خەڵـک و ژێردەسـتانیان، دەربـڕی سیاسـەت و کـردەوە ئەخلاقییەکانیانـە.

قاسـملوو رێبەریـک بـوو کـە هانـدەری پێکهێنانـی ژینگەیەکـی خەڵکپـەروەر و پرەنسـیبی و ئەرکناسـی ئەخلاقـی لـە نـاو حیزبـدا بـوو. چوارچێوەکانـی ژینگـەی ئەخلاقـی بـە سـێ رەهەنـد دابـەش دەکرێـن: خۆخوازانـە، خێرخوازانـە (Benevolence)، پرەنسـیب (ئەرکناسـی). خۆخـواز یـان ئێگۆیسـت زۆرتریـن سـەرنجی لـە سـەر قازانـج و بەرژەوەندیـی تاکەکەسـییە و هـەوڵ دەدا لـە هەمـوو کارو کردەوەکانـی خۆیـدا لـە پلـەی یەکـەم بەرژەوەندیـی تاکەکەسـیی خـۆی یـان لایەنگرانـی لەبەرچـاو بگـرێ. خێرخـوازی یـان خەڵکپـەروەری بـە واتـای ئـەوە دێـت کـە کەسـان بەرەچاوکردنـی ئەنجامـی ئەرێنـی و نەرێنیـی بڕیارەکانیـان لەسـەر خەڵکانـی دیکـە، دەجووڵێنـەوە. ئەرکنـاس هـەوڵ دەدات رەفتـاری ئەخلاقیـی خـۆی لـە چوارچێـوەی یاسـا و بڕیارەکانـدا رێـک بخـا.

جـۆری ژینگـەی ئەخلاقیـی رێکخـراو، پێوەنـدی بـە هەڵسـوکەوتی رێبـەران و بەرپرسـانی رێکخراوەکـەوە هەیـە. تیـۆری فێربوونـی کۆمەڵایەتـی (Social Learning Theory) روونـی دەکاتـەوە کـە خەڵـک بە دیتنـی رەفتـاری بڕیـاردەران دەکەنـە ئولگـووی خۆیان. بـۆ ئـەوەی کەسـێک ببێتـە ئولگـووی خەڵکانـی دیکـە، دەبـێ خاوەنـی تایبەتمەندییەکـی جێـی بـڕوا و سـەرنجڕاکێش بـێ. ئـەوان دەبـێ هـەروەک لـە پێـڕەوی ناوخۆیـی حیزبـی دیموکراتیشـدا ئامـاژەی پـێ کـراوە، هـەوڵ بـدەن پێگـە ومتمانـەی کۆمەڵایەتیـی خۆیـان بـەرز بکەنـەوە. رێبـەران لـە نـاو رێکخراودا،کاریگـەرن، بۆیـە بەشـێوەیەکی سروشـتی

لەبەر پلەی تەشکیلاتی یان سیاسییانەوە، خاوەنی متمانەیەکی ڕێکخراوەیین و ئەمەش بەرپرسایەتی و ڕۆڵیان قورستر دەکات. بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەشکیلاتییانەوە، هەڵسوکەوتیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ژینگەی ئەخلاقیی ڕێکخراوەکە و جۆری باوەڕی کۆمەڵایەتیی ئەوان.
تیۆری گرێدراوی (Dependency theory) دەیسەلمێنێ کە ڕۆڵی تاکەکان لە ڕێگای پێوەندیی نێوان بەرپرس و ئەندامانی دەسەڵاتداری ڕێکخراوەکەوە، شوێن لەسەر ژینگەی ئەخلاقیی ڕێکخراوەکە دادەنێ. تاکەکان لە ڕێگای پێوەندی بنەماڵەیی، خزمایەتی، ناوچەیی و هەروەها بەرژەوەندیی هاوبەشەوە،بۆ دابینکردنی پێویستییە کەسی و گرووپییەکان لێک گرێ دەدرێن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی کێشە ناوخۆیی و جیابوونەوە و لێکترازانەکانی ڕابردوو و کێشە و قەیرانەکانی ئەمڕۆی، گیرۆدەی دەستی نەخۆشیی پێوەندیی گرێدراوی بووە و تا ئەمرۆشی لە گەڵ بێ، هێندە بوێرنەبووە، خۆی لە دەستی ئەو نەخۆشییە ڕزگار بکا. ئەمەش وای کردووە کە پێوەندییەکان لە ناو حیزبی دیموکراتدا لە جیاتی پێوەندیی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانیک زۆرتر ببنە پێوەندیی تاکەکەسی و گرووپی و ناسیاوی.
گرێدراویی پێوەندییەکان، تەنیا لایەنی نەرێنیی نییە، پێوەندیگەلی ئۆرگانیکیی نێوان ئەندامان و بەڕێوەبەران پێوەندیی گرێدراوین و ڕێبەران و بەرپرسان پێوەندییەکی گرێدراوییان هەیە لە گەڵ ئەندامان و ئۆرگانەکانی ژێردەستیان. بۆیە جێ بڕوابوون و سەرنجدان بە پێوانە ئەخلاقییەکانی ڕێکخراوەیی شوێن لە سەر ئاستی چالاکی و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی ئەندامان بەرامبەر بە ئۆرگان و تەواویەتی حیزب شوێن دادەنێ. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بەشێکە لە تایبەتمەندیی ڕێبەری گۆڕانخواز.
لە ڕوانگەی گەورەیی ئەخلاقیی ڕێبەرەوە، ڕێبەری ئەخلاقی بۆ ڕێنوێنی ئەخلاقیی ئەندامان و کەسانی ژێردەستی، چاو لە کەسانی دەرەوەی خۆی دەکا. واتا ئەوان کەسانێک وەک نموونەی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی هەڵدەبژێرن کە بۆ کۆمەڵگە نموونە بن و لە ئاستی جیهانیشدا جێی سەرنج بن. کەوابوو هەڵسوکەوتی ئەخلاقیی ڕێبەر

شوێندانەرە لە سەر ژینگەی ئەخلاقیی حیزب و تێگەیشتن و هەلسوکەوتی ئەندامان لە پێوەندی لە گەڵ ئەخلاقی حیزبی.

ئەو ڕێبەرانەی کە بە پێی بنەماکانی ڕێبەریی ئەخلاقی هەلسوکەوت دەکەن دەبنە هاندەری ئەندامانی ڕێکخراو بۆ بەرەوپێش بردنی ژینگەی ئەخلاقیی حیزب. کرداری ڕێبەران، ئاستی هەستی هێمنایەتی و هەلومەرجی ئەخلاقیی ئەندامان و ئۆرگانەکانی حیزبی دیاری دەکا و دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ڕاستگۆیی و متمانەی کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆ بنەماڵەی دیموکرات پێویستی بە ئۆرگانێکی تایبەت هەیە بۆ بەڕێوەبەریی بنەماکانی ئەخلاق لە ژینگەی حیزبیدا. قازانجەکانی ئۆرگان یان ناوەندێکی وا زۆرن، لەوانە:

١. سەرنجدان بە ئەخلاق و ژینگەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی چاکسازی لە کۆمەڵگەی حیزبیدا.

٢. پلان و بەرنامەی ئەخلاقی، لەو هەلومەرجەی کە حیزب تێدایە یاریدەدەر دەبێ، بنەماڵەی دیموکرات لە دەوری بنەماکانی ئەخلاقی خۆی کۆ ببێتەوە.

٣. بەرنامەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاری گرووپ و تیمەکانی حیزبی شکڵی نوێ بەخۆیەوە بگرن و پێوەندییەکانیان بتەوتر بن.

٤. بەرنامەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی گەشەسەندن و پێشڤەچوونی ئەندامانی حیزب.

٥. بەرنامەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێبازە پەسەندکراوەکانی حیزب ببنە بنەمای کاروکردەوەکان و بڕوا بە ڕێبازی حیزبی قووڵتر ببێتەوە.

٦. بەرنامەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی پێشگیری لە گەندەڵیی ڕێکخراوەیی، تەشکیلاتی و ئیداری لە ناو حیزبدا

٧. بەرنامەی ئەخلاقی یارمەتیدەری گەشەسەندنی نرخ و بەهاکانی حیزبە و بەرنامە و ستراتێژییەکانی بەهێزتر و جێ بڕواتر دەکا

٨. بەرنامەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی پێکهێنانی تێگەیشتنێکی ئەرێنی لە حیزب لەلایەن خەڵکەوە.

حیزبی دیموکرات بە پێکهێنانی بەرنامەی بەڕێوەبەری ئەخلاق، دەتوانێ ژینگەکی

ئەخلاقـی لـە ناو ڕێکخـراوە حیزبییەکاندا گەشـە پێ بـدات. ئامانجی سـەرەکیی بەرنامەی ئەخلاقـی، پێکهێنانـی هاوسـەنگی لـە نێـوان بنەماگەلـی ئەخلاقـی و بایەخگەلـی حیزبـی و هەڵسـوکەوتی ئەندامـان لـە هەمـوو ئاسـتەکانی ژیانـی ڕێکخراوەییاندایـە. بەرنامـەی ئەخلاقـی لـە بەهـا، هێـڵ و ئـەو چالاکییانـە پێـک دێ کـە شـوێندانەر بێـت لـە سـەر چاکـتر بوونـی هەڵسـوکەوتی ڕێکخراوەیـی. بەرنامـەی ئەخلاقـی دەتوانـێ دەورەی جۆراوجـۆر و گفتگـۆ و لێکدانـەوەی جۆراوجـۆر لـە خـۆ بگـرێ.

لـەو پێوەندییـەدا پێویسـت بـە دارشـتنەوەی بنەماگەلـی ئەخلاقـی دەکات. بنەماگەلـی ئەخلاقـی بریتیـن لـە کۆدگەلـی ئەخلاقـی، هەڵسـوکەوت، هێڵەگشـتییەکان و شـێوەکانی چارەسـەری کێشـەکان. لـە هەلومەرجـی ئەمـڕۆی بزاڤـی نەتەوایەتیـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، دەکـرێ کۆدگەلـی ئەخلاقیـی حیزبـی بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بـن:

١. پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە ناوخۆ و دەرەوەی حیزبدا.

٢. ڕێزگرتن لە یاسا و بنەماکانی پێڕەوی ناوخۆیی حیزب

٣. ڕاستگۆیی لە قسە، کردە و ڕەفتاردا.

٤. پاراستنی نهێنی و بەکارنەهێنانی نهێنیی حیزبی بۆ مەبەستی شەخسی.

٥. بەشـداریی چالاکانـە لـە بەرەوپێشـبردنی کاروبـاری حیزبـی و دەروەسـتبوون بـە چالاکیگەلـی بەکۆمـەڵ، یارمەتیـی کەسـانی دیکـە و دوورەپەرێـزی لـە خۆسـەپاندن و تاکـڕەوی.

٦. وەفـاداری وهەسـتی بەرپرسـایەتی بەرامبـەر بـە حیـزب، بەرزراگرتنـی بەرژەوەندییـە بـاڵا نەتەوەییـەکان و بەرژەوەندییـە گشـتییەکانی حیزبـی بەسـەر بەرژەوەندیـی تاکەکەسـی، جیناحـی و گرووپـی و بەرگری لـە بایەخەکانی پەسـەندکراوی هاوبەشـی بنەماڵـەی دیموکـرات.

٧. هەبوونـی ویژدانـی کاری و سیاسـی و وەگەڕخسـتنی هەمـوو توانـاکان بـۆ جێبەجێکردنـی ئامانجـە پەسـەندکراوەکان.

٨. خۆپاراسـتن لـە پاڵپێوەنـان و هەڵاواردنـی جیابیران و خۆپاراسـتن لە سـووکایەتی و شـکاندنی کەسـایەتی ئەندامـان و کەسـانی جیابیـر.

٩. لەبەرچاوگرتنی رەوشتی کۆمەڵایەتی و خۆپاراستن لە زمانی سووک لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا.
١٠. لەبەرچاوگرتنی دیسیپلینی حیزبی و جێبەجێکردنی دیسیپلینەکە بە یەکسانی لە هەموو ئاستەکانی حیزبیدا.
١١. پاراستنی تەندوروستیی رێکخراویی و ژینگەیی
١٢. خۆبواردن لە هەرجۆرە هەڵاواردنێک لە سۆنگەی رەگەز، ناوچە، زمان و زاراوە و بیرورا و باری فیزیکییەوە.
١٣. خۆپاراستن لە هەر چەشنە بەرتیلدان و خەڵاتێک لە سەر بنەمای پێوەندیی تاکەکەسی.
١٤. جیاکردنەوەی چالاکیی تاکەکەسی، کات بەسەربردن و کاتی بنەماڵە و لە ئەرکی حیزبی و پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوانیاندا.
١٥. بەکارنەهێنانی کەرەستە و دامودەزگای حیزبی بۆ مەبەستی تایبەت.
١٦. رێزگرتن و بڕوای بەرامبەر لە نێوان ئەندامانda.
١٧. خۆپاراستن لە جگەرەکێشان و مادەهۆشبەرەکان لە شوێنی کارو چالاکیی حیزبی.
١٨. ژینگەپارێزی وراگرتنی پاکوخاوینیی شوێنی کار و ژیان.
١٩. بنباری یان وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی و وەلامدەربوون لە هەموو ئاستەکاندا.
٢٠. پاراستن سنووری کەسی و رێزگرتن لە ژیانی تایبەتی خەڵک.
٢١. قەدەغەکردنی دانوئەستاندنی تایبەتی لە کاتی بەرێوەبردنی کارو چالاکیدا.
٢٢. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری وپێشکەوتن.
٢٣. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندیی خەڵک
٢٤. رێزگرتن لە پلۆلرالیزم و فرەچەشنیی کۆمەڵگە و ریزەکانی حیزب
٢٥. لەبەرچاوگرتنی بنەماگەلی ئەخلاقی لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیار و ئەرکەکاندا.

# ڕابردوو هەمیشە چرای پێشەڕۆژ نییە
# وتاری ٢٣

قاسـملوو کەسـێک بـوو کـە چ لـە ڕووی هەڵبـژاردەی سیاسـی و چ لـە ڕووی جـۆری ڕێبەریکردنــەوە،زۆر بەرهەڵسـتی بـاوەڕ و دابونەریتـی کۆنـی کـردووە. زۆرن ئـەو دابونەریتانــەی کــە بەرهەمــی پێوەندیــی ســاکار و ســادەی کۆنــی ڕێکخراوەییــن و ئەمڕۆکـەش لەبـەر ئـەوەی کـە لـە لایـەک پێوەندییـە کۆمەڵایەتـی و ڕێکخراوەییـەکان و هەروەهـا هەلومەرجـی ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی گۆڕانکاریـی بنەڕەتیـی بەسـەردا هاتـووە، ئیـدی پێوەندییـە کۆنـەکان وەڵامـی پێداویسـتییە ڕێکخراوەیـی و خەباتـی هەنووکـە بـن.

لـە سـایەی تەکنۆلۆژیـی پێوەندییـەکان و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، ڕۆژانـە هـەزاران لێکۆڵینــەوە و توێژینــەوەی نــوێ لــە پێوەنــدی لــە گــەڵ پرســەجۆراوجۆرەکانی پێوەندیـدار بـە خۆڕێکخسـتن و ڕێکخـراوە بـڵاو دەکرێنـەوە، کـە دیـارە تاکـو دە پانـزدە سـاڵ لەمەوبـەر، بـوار نەبـوو ئـەو هەمـوو زانیارییـە بـڵاو بکرێتـەوە و بگاتـە دەسـت چالاکانـی کـورد. کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـە سـی (٣٠) سـاڵی ڕابـردوودا، ئاڵوگۆڕێکـی زۆری بەخۆیـەوە بینیوە.لـە سـۆنگەی سـەرهەڵدانی ئەکتەرگەلـی نوێـی سیاسـی، بوونـی ڕایەڵکـەی جۆراوجـۆری پێوەنـدی و هەروەهـا هەڵبـژاردەی زۆری ڕێکخراوەیـی و سیاسـییەوە، ئیـدی بەشـێکی زۆر لـە یاسـا و ڕێوشـوێنە نەریتییـە ڕێکخراوەییـەکان وەڵامـدەرەوە نیـن.

زۆر لـەو ڕێوشـوێنانەی کـە لـە ڕابـردوودا وەڵامـدەر بـوون، ئێسـتاکە لـە نـاو نـەوەی

دووەم و سـێیەمی حیزبـی دیموکراتـدا بـوون بـە بـاوەڕی گشـتی. بـەڵام بەهـۆی خێرایـی ئاڵوگـۆڕە جیهانییەکانـەوە، چـی دیکـە چالاکییـەکان هێڵـی ڕاسـتەڕۆ (linear) و لـە سـەر بنەمـای سـانترالیزمێکی بەهێـز نیـن و لەوانەیـە داهاتـوو لـە سـەر ڕەوتـی رابـردوو، مـل نەنـێ. بۆیـە ڕێبـەران دەشـێ ئەزموونەکانـی رابـردووی خۆیـان ببەنـە ژێـر پرسـیارەوە. دامەزراندنـی کومیسـیۆنە جۆراوجۆرەکانـی، کـۆڕی پـەروەردە و فێرکـردن، زانکـۆ، فێرگـەی سیاسـی- نیزامـی و هەروەهـا دامەزراندنـی پێوەندیـی دیپلۆماتیـک و داوای ئەندامەتـی لـە سۆسیالیسـت ئەنترناسـیۆنال و کردنـەوەی دەفتـەری نوێنەرایەتیـی حیزبـی دیموکـرات لـە پاریـس، بەڕێبەرایەتیـی قاسـملوو هەمـوو ئـەو نموونانـەن کـە ئـەو ڕێبـەرە رابـردووی نەکردووەتـە چـرای ڕێـگای داهاتـوو و یاسـاکانی خەباتـی رابـردووی تاقـی نەکردووەتـەوە. چونکـە کاتێـک دەکـرێ ئەزموونـی رابـردوو دووپـات بکرێتـەوە کـە دیـاردەکان دووبـارە بکرێنـەوە و کـردارەکان پێشـبینی بکرێـن.

ڕێبـەران و کادرەکانـی حیـزب، ئەسـتێرەکانی ئاسـمانی خەبـات و چالاکیـی ئـەو حیزبەن. ڕێبەریـی حیزب،بـە ڕەفتـاری کاریگـەری خـۆی گەورەتریـن ڕۆڵـی هەیـە لـە گـۆڕانی هەسـت و هۆشـمەندیی ئەندامـان و دابینکردنـی قازانجـی حیزبـدا. ئەندامـی ژێـر خوازیـاری ڕێبـەر و بەڕێوەبـەری ژێـر و هۆشـمەندە و ڕێبـەران و بەڕێوەبەرانـی هۆشـمەند کەسـانێکن کـە بتوانـن سروشـتی هۆشـمەندانەی مـرۆڤ، هـەروەک دوکتـۆر سـەعید شـەرەفکەندی دەڵێت،بکەنـە شـکڵی مـادی و دەسـتگیر و بزانـن کـە هەرکـەس تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە و دەبـێ لـە بەڕێوەبردنـی هێـزی مرۆڤیـدا، سـەرنج بدرێتـە تایبەتمەندییـە جیاوازەکانـی مـرۆڤ. لـە ڕێبەریکردنـی هێـزی مرۆڤیـدا سـەرنجدان بـە چـوار هـۆ زۆر گرنگـە: هەڵبژاردنـی دروسـتی کەسـەکان، دیاریکـردن و ڕوونکردنـەوەی ئـەو چاوەڕوانییانـەی کـە ڕێبـەران لـە کەسـانەین هەیـە، هانـدان و پێکهێنانـی ئەنگیـزە و سـەرەنجام پێکهێنانـی زەمینـەی گەشـەکردنی تاکـەکان. ئـەو چـوار خاڵـە وەک کلیلـی دەرگای سـەرکەوتنی ڕێکخراوەیـی لـە ئاسـتی تاکەکەسـی و گرووپیـدان. گـەر کلیلـەکان بـە دروسـتی بخرێنـە کار، ئاسـتی هۆشـمەندیی تاکەکەسـی و گرووپـی ڕێکخـراو گەشـە دەکات و لـە ئەنجامـدا ڕێکخراوەکەیـش گەشـە دەکا.

ڕێبەرانـی گـەورەی وەک قاسـملوو لـە جیهانـدا نموونەیـان کەمـە. ڕێبەرانـی لـەو چەشـنە

بـە شـێوازی جیـاواز کار دەکـەن و ئامانجـی جیاوازیـان هەیـە. ڕێبەرانـی لـە چەشـنی قاسـملوو سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئامانجەکانیـان جیـاوازن، بـەڵام یـەک خاڵـی هاوبەشـیان هەیـە: ئـەوان لەدەسـپێکی کارەکانیانـدا خۆیـان لـە هەمـوو نەریتـە کۆنبـاوەکان رزگار دەکـەن. ڕێبەرانـی گـەورە شۆڕشـگێرانە هەڵسـوکەوت دەکـەن. گەورەتریـن شۆڕشـی ڕێبەرانـی گـەورە هاندانـی لایەنگرانیانـە بـۆ سـەرمایەگوزاری لـە سـەر خۆیـان.
کادر و ئەندامـی هۆشـمەند، خوازیـاری ڕێبـەر و بەڕێوەبـەری هۆشـمەندن. کەسـانی هۆشـمەندی وەک دوکتـۆر سـەعید شـەرەفکەندی بەهـۆی کەسـایەتیی کاریزماتیکـی قاسـملوو، توانـای لـە ڕێکخسـتنی هێـز، بەرنامـە و بایەخـە سیاسـییەکانیدا، بـوو بـە ئەندامـی حیزبـی دیموکـرات و سـەخاوەتمەندانە گیانـی خـۆی لـە پێنـاو بیروبـاوەڕ و ئامانجەکانـی قاسـملوودا بەخشـی. ئەندیشـەی قاسـملوو سـادە و سەرڕاسـت بـوو، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوە نییـە کـە جێبەجێکردنـی ئـەو ئەندێشـانە کارێکـی ئاسـان بـن. بـەڵام ئـەوە ئاسـانە کـە بـڕوا بکەیـن کـە هەمـوو مرۆڤێـک خاوەنـی توانـای لەبننەهاتـووە. زۆر ئاسـانە بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە باشـترین ڕێـگای نەهێشـتنی کەموکورتیـی کەسـێک ئەوەیـە کـە یارمەتیـی بدرێـت تاکـو باشـتر ئەرکەکانـی بەڕێـوە بەرێـت. لـە ڕوانگـەی ڕێبەرییـەوە هەڵسـوکەوتی یەکسـان لـە بەرامبـەر هەمووکـەس ئاسـانتر لەوەیـە کـە هەندێـک هەڵبژێردرێـن و دواتـر وەڵامـی کردەوەکانـی خۆمـان بدەینـەوە. جێبەجێکردنـی نەریتـەکان و کار بـە شـێوەی نەریتـی زۆر ئارامکەرەوەیـە. زانایانـی شۆرشـگێڕ بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت ناکـەن. ڕێـگای ئـەوان زۆر دژوارە، بـەڵام روونە.بڕینـی ئـەو ڕێگایـە، پێویسـتی بـە ڕێکوپێکـی و خۆدیسـیپلینی، کۆکردنـەوەی سـەرنج، بـڕوا و لـە هەمـووی گرنگـتر ویسـتی قبووڵـی ئاڵوگـۆڕە.
لـەم سـەردەمەدا پێویسـت نـاکات، ڕێبەرانـی دیموکـرات تیئـۆری نـوێ دابهێنـن، . تەنیـا شـتێک کـە پێویسـتە، سـەرنجدانە بـە سروشـتی مرۆڤـەکان و دۆزینـەوەی ڕەمـزی گۆڕینـی توانـا و هۆشـمەندیی ئەوانـە بـە کاروچالاکـی. چالـش و لێگـەری ئـەم بـوارەش ئەوەیـە کـە داخـوا چـۆن ڕێبەرانـی حیـزب ئـەو جـۆرە بۆچوونـە لـە شـێوازی بینیـن، بەڕێوەبـەری و جێبەجێکردنیـان و هەلسـوکەوت لـە گـەڵ تاکانـدا پراکتیـزە دەکـەن.

# حەوت وانەی قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو
# وتاری ٢٤

هەر کۆمەڵگەیەک، هەر حیزب و ڕێکخراوێک و بنەماڵەیەکی سەرکەوتوو لە یەک تایبەتمەندییەکدا هاوبەشن: هەموویان، خاوەنی ڕێبەر یان بەڕێوەبەرێکن کە بنەماکانی ڕێبەری و بەڕێوەبەری دەزانێ. ڕێبەرێک کە لە هەلومەرجە دژوار و هەستیارەکاندا هەست بە گۆڕانکاریی کەشو هەوا دەکا و هەوڵ دەدا بە خۆڕێکخستن و ڕێکخستنێکی نوێی، وێڕای بەلەمی ڕێکخراوەکەی بەرەو مەنزڵگەی خۆی ڕێبەری بکات. لە کردنەوەی ئێوارە خوانی کۆنگرەی زانستیی کوردستان لە ئۆکتۆبری ٢٠١٢دا خاتوو کارۆڵ پرۆنهۆبێر نووسەری " خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" وتی: "قاسملوو لێرە نییە تا ببینێ خەونەکانی بۆ نەتەوەکەی وەدی هاتوون. کۆنگرەی وا لە کوردستانێکی ئازاد، خەونی قاسملوو بوو، قاسملوو خەونی پێشڤەچوونی بە وڵاتەکەیەوە دەبینی و خۆزگەی دەخواست گەلەکەی لە زانست و ڕۆشنبیریدا پێش بکەوێ". چیرۆکی ژیانی قاسملوو، چیرۆکی ژیانی مرۆڤێکە کە زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە.ئەمەش لە سۆنگەی هەندێک تایبەتمەندیی وییەوە بووە کە توانیویەتی ناوی خۆی لە ریزی گەورە مرۆڤانی جیهان وکوردستاندا تۆمار بکات. ئەمەی خوارەوە حەفت تایبەتمەندیی قاسملوون کە کردیانە ڕێبەرێکی بێ هاوتا لە ناو بزاڤی نەتەوایەتیی کورددا. لەو تایبەتمەندییانەدا مرۆڤ دەتوانێ لە گەڵ بنەماکانی گۆڕان و خۆپێگەیاندن، هەڵگرتنی بەرپرسایەتی، ڕاستگۆیی و پشتیوانیی گرووپی ببینێ و هەستی پێ بکات:

١. بیری داهێنەرانە

دەسپێشخەری واتایەکی بەرینی هەیە. دەستپێشخەری بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ بەرپرسایەتیی کردی خۆی بە ئەستۆ بگرێت و بڕیاری ڕێبەر لە سەر بنەمای پرەنسیب و بایەخەکان بنیات نراوە و پێوەرەکانی هەستی لەنەکاوی و هەلومەرجی رۆحی یان پێوەندی تاکەکەسیی ئەو لە گەڵ دەوروبەری نییە. ئەلبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: "جیهانێک کە خوڵقاندوومانە، بەرهەمی جۆری بیرو ئەندێشەی ئێمەیە". هیچ شتێک لە داهاتوودا بە بێ بیروئەندێشەی نوێ گۆڕانی بەسەردا نایەت. ڕێبەران گەر بیانهەوێ جیهانێکی نوێ بخوڵقێنن دەشێ جۆری بیرکردنەوە زەمینەکانی بیروئەندێشەی خۆیان بگۆڕن. ٨٠٪ی خەڵک دژکردەوە نیشان دەدەن. ئەوان زەحمەت دەکێشن تا کەموکورتییەک یان کێشەیەک چارەسەر بکەنەوە. ٢٠٪ دیکە بیرمەندانی داهێنەرن کە کار دەکەن بۆ خوڵقاندنی شتی نوێ. بیرمەندانی داهێنەر لە پرسیاری " چ شتێک مومکینە؟" پێش دەکەون. بیرمەندانێک کە ڕێئاکسیۆن نیشان دەدەن، بیر لەوە دەکەنەوە "کە چ شتێک هەڵەیە؟" یا خود "چ کەسێک دەبێ سزا بدرێت؟" ئەوان لە هەمبەر ژینگەکەیاندا پەرچەکردار دەنوێنن. بەڵام بیرمەندانی لە چەشنی قاسملوو بەرینتر لە ژینگەی خۆیان بیر دەکەنەوە. ڕێبەرانی داهێنەر ئاگاداری چوار تایبەتمەندیی مرۆڤ واتە خۆئاگاداری، ویژدان، هێزی خەیاڵ و ئیرادەی سەربەخۆن و هەروەها فەلسەفەی لە ژوورەوە تەماشای دەرەوە کردن بە سەر هەموو کردەوە و هەڵسوکەوتیاندا زاڵە. ڕێبەرانی دەستپێشخەر دەیانهەوێ لە ژیانی خۆیاندا ببنە هێزی داهێنەر. ئەمەش بنەماییترین شتێکە کە هەر کەسێک دەتوانێ لە ژیانی خۆیدا بڕیاری لەسەر بدات.

٢. بینینی ئامانجی گەورە

هەمووشتێک دووجار دەخوڵقێندرێ. یەکەم جار لە جیهانی بیرو ئەندێشەدا و دووەم جار لە پراتیکدا. ئەندامانی ڕێکخراوێکی سەرکەوتوو بۆ خولقاندنی

وێنەیەکــی خەیاڵــی و ئامانجــی دوارۆژ بــۆ هــەر پــلان و پرۆژەیــەک، ڕووداوەکانــی داهاتــووی ژیانــی خۆیــان دەنووســنەوە. ئــەوان لــە پێنــاوی ئامانجێکــی دیاریکــراودا دەژیــن. بەڵکــو بەپێچەوانــەوە لــە ڕووی ئەندێشــەوە گرینگتریــن ئەســڵ، بەهــا و بایەخــەکان، پێوەندییــەکان و ئامانجیــان دەناســن و بەکــردەوە پابەنــدن بــەو بنەمــا ئەخلاقیانــەوە. هەڵبژاردنــی ڕەســاڵەت و ئەرکــی تایبەتــی بەرزتریــن جــۆری خەلاقیــەت و داهێنانــی بیــری مــرۆڤ لــە ڕێکخراوەدایــە. خولقاندنــی فەرهەنــگ و چاندێــک کــە ئامانجــەکان، بیروبۆچــوون و نــرخ وبەهــا هاوبەشــەکان پێکــەوە گــرێ بــدات، دووربینــی و بنەمــای ڕێبــەری پایەبــەرزی لــە چەشــنی قاســملوون.

٣. ئامادەیی بۆ گۆڕان

ڕێبەرێــک کــە ئامادەیــی هەیــە بۆپێکهێنانــی گــۆڕان، پێشــوازی دەکات لــە گۆڕانــکاری. ئــەو ئــاگاداری قۆناغەکانــی گۆڕانــکاری و کاردانەوەیــان لــە ســەر کەســانی ژێردەســتیان هەیــە و دەزانــن چــۆن کەســانی دیکــە لــەو گۆڕانکارییــەدا بەشــدار بکــەن. سروشــتییە کــە هەندێــک لــە ئەندامــان و کادیــران بەرەنــگاری گۆڕانــکاری دەبنــەوە، چونکــە گۆڕانــکاری ناچاریــان دەکا لــە قۆزاخەکەیــان بێنــە دەرێ. ڕێبەرێکــی کارامــە دەزانێــت چــۆن هاوڕێیانــی لــە بێدەنگــی و کەشــی ئارامــی خــۆی دەربێنــێ و پــێ بەپێــی خــۆی گەورەیــی و ڕێزیــان پــێ ببەخشــێ. ڕێبــەری وا یارمەتیــی هاوڕێیانــی دەدا بــۆ پێکهێنانــی تێگەیشــتنی هاوبــەش لــە ڕابــردوو و هانیــان دەدا تــا هــۆکاری گۆڕانکارییــەکان بزانــن. ئەوجــار بــە نیشــاندانی وێنەیەکــی ئەرێنــی لــە داهاتــوو و بــەو چالاکیانــەی کــە هەمــوو لایــەک تێیــدا بەشــدار بــن، ڕێبەرایەتیــی بزاڤکــە دەکات بــەرەو گــۆڕان و باشــتر بــوون.

٤. پێکهێنانی ئاسۆی ڕوون

ئەرکــی ســەرەکی ڕێبــەرە کــە ژینگەیەکــی زینــدوو پێــک بێنــێ کــە پێــی دەوتــرێ فەرهەنگــی ڕێکخراوەیــی. چانــد و فەرهەنگــی ڕێکخراوەیــی واتــە گرێــدراوی و دەروەســت بــوون. ڕێبــەر دامەزرێنەرێکــی بەتوانــای کولتــووری ڕێکخراوەیــە. ئــەو

شـێمای ژینگـەی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی حیـزب سـاز دەکات. ئەندامـان و کادیـران هـان دەدات بـۆ ئـەوەی چاکـتر بـن لـەوەی کـە هـەن. ڕێبـەری داهێنـەر دەزانـێ کـە توانـای داهێنانـی ژینگەیەکـی بـە لێگـەر و بـە چالـش بـۆ گەشـەکردن و پێگەیاندنـی ئەندامـان گرنگـتر لـە توانـا تەکنیکییەکانـی تـرە.

٥. با خۆمان تێ بگەین، ئینجا چاوەڕوانی تێگەیشتن لە خەڵک بکەین

دکتـۆر قاسـملوو گوێگرێکـی بـاش بـوو. ئـەو بەرلـەوەی کـە وەڵام بداتـەوە یـا بەشـداری لـە باسـێکدا بـکات، تەنانـەت لـە پلینۆمەکانـی حیزبشدا،سـەرەتا گـوێ لـە هەمـوو قسـە و بیروڕایـەک رادەگـرت ئینجـا بیـروڕای خـۆی دەردەبـڕی. کاتێـک مـرۆڤ بـە ئامانجـی تێگەیشـتن لـە قسـەی خەڵـک گـوێ دەگـرێ، نـەک بـە نیـازی وەڵامدانەوەیـان، بناغـەی پیوەندییەکـی تەندوروسـتی دادەڕێـژێ. کاتێـک مرۆڤـی بەرامبـەر هەسـت بـکات کـە دەمانهـەوێ بەرلـە هەمووشـت لیـی تـێ بگەیـن، ئـەو خـۆی بـە کەسـێکی خـاوەن ڕێـز و جێـی بـاوەڕ دەزانـێ. ئەمـەش بەواتـای ڕێزگرتنـە لـە کەڕامەتـی ئـەو کەسـە. لـە ئاکامـدا لـە رەوشـی بەرگریکـردن لـە خـۆی دەردەکـەوێ و قووڵتریـن بیروهـزری خـۆی ئاشـکرا دەکات، ئەوجـار هەلومەرجێـک دەخولقێنـێ تـا ئـەو بەربەسـتانەی کـە لە بـەردەم لێـک گەیشـتن و تێگەیشـتندان، نەمێنـن. دلۆڤانـی و بوێریـی دەوێ کـە مـرۆڤ هـەوڵ بـدات و لێـک تـێ بـگات و بتوانـێ هاوسـەنگی لـە نێـوان لەیـەک گەیشـتن و وێکگەیشـتندا پێـک بێنـێ.

٦. پێکهێنانی هێزی جەماوەری

کۆکردنـەوەی هێـزی جەمـاوەر، بەرهەمـی ڕێـگای سـێیەمە. نـەک ڕێـگای من یـان ڕێگای تـۆ. ڕێـگا چارەسـەری سـێیەم لـە ڕێـگا چارەسـەری هـەردووک لایەنـی بەرامبـەر چاکـترە. هێـزی جەمـاوەری بەرهەمـی ڕێـز و حورمەتـی دوولایەنەیـە. بەرهەمـی تێگەیشـتن و ڕێزلێنـان لـە جیاوازییەکانـی یەکـتر و لـە چارەسـەریی کێشـەکان و بەهرەمەنـد بـوون لـە هەلەکانـی هاوبـەش. ئـەو گـرووپ و ڕێکخراوانـەی کـە هێـزی بەشـداری و هاوکاریکردن لـە ناوخۆیانـدا گەشـە پـێ دەدەن، دەبنـە هـۆی گەشـەپیدانی توانـای تاکەکـەس، بـە

شێوەیەک کە کۆی هێزی ئەوان لە کۆی هێزی یەک بە یەکیان زیاتر بێ. کەسانی وا خۆیان لە پێشێلکردنی مافی یەکتر دەپارێزن. ئەوان بە ناچاری پێکەوە ناسازێن یا خود هاوکاریی یەکتر ناکەن، بەڵکو بیر لە هاوکاریی داهێنەرانە دەکەنەوە کە تێیدا هێزی سێیەم، جێگای هەردوو هێزەکەی تر بگرێتەوە.

٧. گەشەپێدانی بەردەوام

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەری، گەشەپیدانی بەردەوامی هێزی فیزیکی، ڕۆحی، مەعنەوی، کولتووری و سۆزداریی ڕێکخراوەکەیە. ئەو تایبەتمەندییە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسیدا بۆ گەشەکردن و پەروەردەی خۆی هەوڵی بێ وچان بدا. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بەردەوام، ژیانەوەی ڕێکخراو و تاکەکانی ناو ڕێکخراوەکە و هەروەها ناهێڵێ ڕێکخراوەکە وەک گۆلاو راوەستێ و بۆگەن بکا. ڕێبەر چ مامۆستا بێ چ ڕێنوێن، دەشێ هەوڵ بدا کەشی ناو ڕێکخراوەکە،وا بکاتەوە کە مەجالی گەشەکردن بە ئەندامەکانی بدرێ. ڕێبەرێک کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، متمانە لای ئەندامانی ڕێکخراوەکەی دروست دەکا کە دەتوانن ئەرکی خۆیان بە جوانی ئەنجام بدەن. ڕێبەران دەشێ یارمەتیی ئەندامان و کادرەکان بدەن بۆ ئەوەی کە پرسەکان لە روانگەی دیکەشەوە ببیندرێن. پرسیارێک بخولقێنن کە ئەندامان و کادریان هان بدرێن بۆ فێربوون. دیارە کە ڕێبەرانی سەرکەوتوو و دووربین لە کۆکردنەوەی پۆتانسیەلی مرۆڤیدا سەرکەوتوون. ڕێبەرێکی ئاسۆبین بۆ ئەوەی کە وزەکان ئامانجدار بن، ناوەند پێک دێنێ. هەروەک بەپێکهێنانی کومیسۆنەکانی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، قاسملوو دەیوست ناوەندگەلی جۆراوجۆر بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی هەمەلایەنەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بێنێ و وزەی ئەندامان کانالیزە بکا. هەرکام لەو کومیسیۆنانە خاوەنی ئەرک و ئامانجی روون بوون و لەو چوارچێوەیەدا ئەندامانی بەشەکان بڕیاراتی خۆیان دەدا و جێبەجێیان دەکرد. ئەمرۆ پێویست بە شێوازی نوێی ڕێبەری دەکات. دەشێ پێداچوونەوە بکرێ بە شێوازی ڕێبەری و بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەکاندا وپێکهاتەی ڕێبەریی حیزب

بـۆ وەڵامدانـەوە بەهەلومەرجـی نوێـی خەبـات، دابرێژرێتـەوە.
برواڤــی کــورد بــە ســەردەمی قەیرانــی "متمانــە" دا دەربــاز دەبــێ. بۆیــە دەشــێ ســەرمایەگوزاری بکــرێ لــە ســەر بەرزکردنــەوەی ئاســتی متمانــە و پێکهێنانــی هێــزی لێــک گەیشــتن. ئاســتی متمانــە نیشــانەی ڕادەی متمانەیەکــە کــە ئەندامانــی حیــزب لــە ناوخــۆ، بەیەکــتر هەیانــە و بــەو پێیــە لــە گــەڵ دەورەبــەر دەجووڵێنــەوە. ڕادەی متمانــە، بــە زمانێکــی ســادە وەک ڕادەی حیســابی ماڵــی یــان ڕادەی داراییەکــە کــە لــە بانــک یــان شــوێنێک پاشــکەوتمان کــردووە. کاتێــک حیســابە بانکییــەکان بەتــاڵ دەبنــەوە، دەســت بــۆ پاشــکەوتەکان دەبــردرێ، ئیــتر مــرۆڤ خاوەنــی متمانــەی مــادی نییــە. بــە هەمــان شــێوە بەتاڵکردنــەوەی پاشــەکەوتی هەســتیش، دەبێتــە هــۆی لەناوچوونــی متمانــە. تایبەتمەندیگەلــی وەک "بــا ســەرەتا بــۆ خۆمــان تــێ بگەیــن ئینجــا کەســانی تــر تــێ بگەیەنیــن"، دلۆڤانــی، وەفــاداری بــە قــەوڵ و پەیمانــەکان، ڕاســتگۆیی و دەروەســتبوون لــە کاتــی بڕیــاردان و جێبەجێکردنیانــدا، دەبنــە هــۆی بەرزبوونــەوەی پاشــەکەوتی هێــزی بڕوامــان. بەپێچەوانــەوە هــەڵاواردن، ناوچەگەرایــی، تایفەگەرایــی و خزمگەرایــی و جیــاوازی خســتنە نێــوان ئەندامــان و کادیــران دەبنــە هــۆی کەمبوونــەوەی ڕادەی متمانــە و ســەرهەڵدانی قەیرانــی متمانــە .
بــۆ ئەمــەش پێویســتە چاویلکــەی بڕیــار و داوەرێ پێــش وەختــە و هەڵســەنگاندنی زەینــی بخرێنــە لاوە وهــەوڵ بــدرێ تێگەیشــتن و ئاســتی لێــک گەیشــتنی ئەندامانــی ڕێکخراوەکــە گەشــەیان پــێ بــدرێ. ئەمــەش لــە ڕێبەرییــەوە دەســت پــێ دەکا.

# ڕێبەریی ۳۶۰ پلە

# وتاری ۲۵ ، دوا وتار

مێـژووی کـورد و کوردسـتان ڕێبـەری کلاسـیکی زۆری بەخۆیـەوە بینیـوە. خانـی لـەپ زێڕیـن، ڕێبـەری خەباتـی قـەڵای دمـدم لـە دژی پاشـایەت،ی سـەفەوی بـوو. شـێخ عوبەیـدوڵای نەهـری، سـەرۆکی جووڵانـەوەی نەهـری بـوو و سـەرەرای ئـەوەی کـە یەکـەم تەڤگـەری کـورد بـوو کـە ئامانجـی ڕزگاریـی هەمـوو کوردسـتان بـوو، بـەڵام دوای نەمانـی ڕێبـەری جووڵانەوەکـە، بزاڤـی نەهـری تێـک چـوو. سـمایل ئاغـای سـمکۆ کـە بـە باوکـی ناسیۆنالیزمی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نـاسراوە، جووڵانەوەکـەی بـە نـاوی خۆیـەوە تۆمـار کـراوە. لـە ئاسـتی جیهانـدا ویلیـام والاس (William Wallace) ڕێبـەری خەڵکـی سـکۆتلاند بـوو بـۆ سـەربەخۆیی ئـەو وڵاتـە. وینسـتۆن چێرچیـل بـە ڕێبـەری خەبـات و بەرخودانـی لـە شـەڕی دووەمـی جیهانـی دژی ئەڵمانیـای نـازی و هەروەهـا زیرەکـی و هۆشـمەندی لـە جیهانـی سیاسـەتدا نـاسراوە. ماهاتمـا گانـدی، ڕێبـەری خەباتگێـری هیندوسـتان بـوو و بـە ڕێبـەری خەباتـی مەدەنـی و دوور لـە توندوتیـژی نـاسراوە. مارتیـن لوتێـر کینـگ بووبـە خەونـی ئاشـتی لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و قـازی محەمـەد بووبـە پێشـەوای کـورد کـە کۆمـاری کوردسـتانی دامەزرانـد وەک ڕێبەرێکـی بەحیکمـەت و مشـوورخۆر نـاسراوە.

هـەرکام لـەو لەمانـە ڕێبـەری گـەورە بـوون. هـەرکام لەوانـە کاریگەرییەکـی وایـان هەبـوە کـە شـوێن پەنجەیـان دیـارە لـە سـەر ژیانـی بەملیۆنـان مـرۆڤ. بـەڵام هـەر ئـەو نموونانـە دەتوانـن هەڵخەڵەتێنـەر بـن. ئـەوەی ڕاسـتی بـێ لـە سـەدا ۹۹ی ڕێبـەری

نـەک لەسـەرەوە بەڵکـو لـە ناخـی خـودی ڕێکخـراوەوە ڕوو دەدا. هـەر ڕێکخـراو بەگشـتی یـەک کەسـی وەک ڕێبـەر هەیـە. بـەڵام ئەگـەر بـێ و کەسـێک ئەندامـی ڕێبـەری نەبـێ دەبـێ چـی بـکا؟

لـە ڕێـگای ڕێبـەری ۳٦۰ پلەدایـە کـە مـرۆڤ دەتوانـێ فێربـێ لـە هـەر شـوێنێک بـێ، دەتوانـێ کاریگـەر بـێ لـە سـەر ڕێکخراوەکـە. مـرۆڤ فێـر دەبـێ تـا ڕێبەریـی بەرپرسـان، ئەندامانـی ئاسایی و کادرەکان بـکات. کـە لـە ڕێـگای یارمەتیدانـی کەسـانی دیکـەوە یارمەتیـی خۆشـیان دەدەن. کەسـانی وەک نێلسـۆن ماندێـلا لـە باشـووری ئەفریقـا، دوکتـۆر قاسـملوو، بیـل کلینتـۆن، سـەرۆکی پێشـووی ئەمەریـکا، کۆفـی عەنـان، سـکرتێری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ڕیـزی ڕێبەرانـی ۳٦۰ پلـەن.

هەرکەسـێک کـە ئاسـتی لێهاتوویـی بەرزتـر لـە ئاسـتی نێونجیـدا بـێ و لـەو پێنـاوەدا خەبـات بـکا، دەتوانـێ ببێتـە ڕێبـەری ۳٦۰ پلـە. هـەروەک بەرلـە کۆنگـرەی سـێیەمی حیزبـی دیموکرتـی کوردسـتانی ئێـران، قاسـملوو سـەلماندی، پێویسـت نـاکات بـۆ ئـەوەی کەسـێک ڕێبـەر بێـت، ئەندامـی دەسـتەی ڕێبەرایەتیـی یـان کۆمیتـەی ناوەنـدی بێـت، بەڵکـو ڕێبـەری بـاش نەتەنیـا لـەو شـوێنەی کـە هەیـە دەتوانێـت ڕێبەریـی خەڵـک بـکا، بگـرە دەتوانـێ ڕێبـەری کەسـانێک بـکات کـە ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبەریشـن.

لەو بەشەدا بەکورتی بابەتەکانی خوارەوە شی دەکرێنەوە:

- تێگەیشتنی هەڵە لە پلەی ڕێبەری
- بەربەرەکانـێ لـە گـەڵ بەهێزتریـن چالـش و لێگەرێـک کـە کادری دەرەجـە سـێ و دووی حیـزب بەدەسـتییەوە دەناڵێـن
- ئەزموون لە ڕێبەری و بەڕێوەبەریدا
- دەستنیشانکردنی نرخ و بایەخەکانی ڕێبەریی ۳٦۰ پلەیی

## تێگەیشتنی هەڵە لە پلەی ڕێبەری

لـە کۆنگـرەی چـواردەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا، کاتێک لـە دوو کاندیدی ئەندامەتیـی کۆمیتـەی ناوەندیـم پرسـی کـە بۆچـی خۆیـان بـۆ ئەندامەتیـی ڕێبـەری کاندیـد دەکـەن؟ وەڵامەکەیـان بـۆ مـن سەرسـوڕهێنەر بـوو: "چونکـە هەمووکـەس

خـۆی کاندیـد دەکات، ئێمـەش دەکەیـن"! بەرلـەوەش زۆرکـەس لـەو کەسـانەی کـە خۆیـان بـۆ ڕێبـەری کاندیـد کـرد، بـەو وتەیـە کـە "جـارێ ناتوانیـن باسـی بەرنامـەی سیاسـی بکەیـن، تـا نەبیـن بـە ئەندامـی ڕێبـەری" خۆیـان گەیانـدە ئەندامەتیـی ڕێبـەری و دواتریـش بیـنرا کـە نـە سیاسـەتێک گـۆڕدراو و نـەش فەرهەنگێـک. یەکێـک لـەو بـە هەڵـە تێگەیشـتنانەی کـە زۆرکـەس لـە ڕێبـەری هەیانـە، ئەوەیـە کـە ئـەوان پێیـان وایـە ڕێبـەری واتـا "پۆسـت" و "پلـەی تەشـکیلاتی". بـەڵام بەکـردەوە وا نییـە. بـۆ ئـەوەی کەسـێک ڕێبـەر بـێ، پێویسـت نـاکات بەرزتریـن پلـە و پۆسـتی تەشـکیلاتیی هەبـێ. ئەو کەسـەی کـە وا بیـر دەکاتـەوە تووشـی بـە هەڵـە تێگەیشـتن لـە ڕێبـەری بـووە. پێوانـەی سـەرەکیی ڕێبـەری شـوێندانەر بوونـە نـەک شـتێکی دیکـە. ڕێبـەری، واتـا پێشـکەوتن و گەشەسـەندن. مافـی ڕێبـەری کاتێـک کـە کەسـێک دەبینـدرێ و گفتگـۆی لـە گـەڵ دەکـرێ بەدەسـت دێـت. ئەمـە کـە لـە چ ئاسـت و قۆناغێکـی ڕێبەریـدای گـرێ دراوە بـە رابـردوو و پێوەندیـی خـۆت و ئـەو کەسـەی لـە گەڵـی گفتگـۆ دەکـەی. پۆسـت و ئاسـتی تەشـکیلاتی کاریگەریـی کەمتر لـە پلـەی ڕێبەریـدا هەیـە. شـوێندانەر بـوون لـە سـەر خەڵـک، لـە ئامادەیـی مـرۆڤ بـۆ ڕێبەرییـەوە سـەرچاوە دەگرێـت نـەک پلـەی تەشـکیلاتییانەوە. ڕێبـەری هەڵبژاردەیەکـە کـە مـرۆڤ دەیـکات نـەک کورسـییەک کـە لـە سـەری دادەنیشـێ. هەڵەیـەک کـە مخابـن لـە سـاڵانی رابـردوودا هـەر بەهـۆی ئـەو کورسـییەی ڕێبەرییـەوە بـوو بەهـۆی خولقاندنـی قەیرانـی متمانـە لـە نـاو حیزبـی دیموکراتـدا. هەرکەسـێک دەتوانـێ ببێتـە ڕێبەرێـک بـە بـێ ئـەوەی خاوەنـی کورسـی بێـت.

## ئامانجی هەڵە

زۆرکـەس پێیـان وایـە، کـە کاتێـک پلـە، یـان پۆسـتی ڕێبەرییـان بەدەسـت هێنـا، ئـەوکات ڕێبـەری دەکـەن. کەچـی ئەزموونـی سـاڵانی رابـردوو لـە نێو حیزبـی دیموکـرات و زۆر لە ریکخراوەکانیـش دەریخسـتووە کـە کاتێـک کەسـێک بـە تـەواوی خـۆی پـێ نەگەیاندووە و شـارەزایی ڕێبەریـی نییـە، هەڵبـژاردن یـان بەدەسـتهێنانی پۆسـتی ڕێبـەری نایکاتـە ڕێبـەر. کەسـانێک کـە بەرلـە ئەندامەتـی لـە ریـزی ڕێبەریـدا خۆیـان پـێ نەگەیانـدووە

و پێیان وایە لە پرۆسەی بڕیاردانەکانی ریبەریدا پێ دەگەن، لەوانەیە ببنە هۆی زیانی قەرەبوونەکراو بۆ ڕێکخراو. کۆنگرە دەتوانێ پۆستی ڕێبەری بەکەسێک ببەخشێت، بەڵام ناتوانێ پلەی ڕێبەری بەکەسێک بدا. شوێندانەری دەبێ بەدەست بهێندرێ هەروەک ڕێبەری حیزب و ڕێکخراویش دەبێ بەدەست بهێندری. پۆست و پلەی ئیداری تەنیا هەلێکە بۆ هەڵبژێردراوان. هەلی ئەوەی کە هەڵبژاردە هێزی ڕێبەریی خۆی بسەلمێنێت. ڕێبەرانی راستی بە بێ بوونی پلەی تەشکیلاتییش هەر کاریگەرن. ئەوەی کە پلەی ڕێبەری بە مرۆڤ دەبەخشێ پلەی تەشکیلاتی نییە، ئەوە پلەی ڕێبەرییە کە بایەخ بە پلەی تەشکیلاتی دەدا.

### بە هەڵە تێگەیشتن لە ئەزموون

تەمەنیدرێژ لە ناو ڕێکخراوێکدا بە واتای ئەزموونی بەڕێوەبەری نییە، تەنانەت بوونی پلەی تەشکیلاتی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆر، بە بێ ئامادەیی ڕێبەری ناتوانێ یاریدەدەری کەسان بێت بۆ بوون بە ڕێبەر. لە گەڵ ئەمەش بە بێ بوونی ئەزموونی پێویست ناکرێ ڕێکخراوێک ڕێبەری بکرێ. کەسێک کە بێ ئەزموون ببێ بە ڕێبەری ڕێکخراوێک لەوانەیە وا هەست بکات، کە بەو پێیەش دەسەڵاتی زیاتر بووە. کەچی کاتێک کەسێک لە ئاستی هەرە سەرەوەی بەرپرسایەتی ڕێکخراودا بێ، زیاتر لە جاران هەست بەوە دەکات کە پێویستی بە کارکردنە سەر خەڵک هەیە و چونکە هۆیەکانی دیکەی ڕێکخراویی و ژینگەیش دەبنە هۆی کۆنترۆڵکردنی ڕێبەر.

### ڕێبەری واتە بەرپرسایەتی

کەسانێک هەن کە بەهەڵە وا تێ گەیشتوون کە کاتێک بوون بە بەرپرس و کەسی یەکەمی ڕێکخراوێک دەبنە خاوەنی هەموو ئازادییەکان و هیچ شتێک ناتوانێت سنووریان بۆ دیاری بکات. لەکاتێکدا مرۆڤ پێ بەپێی بەرزبوونەوەی پلە تەشکیلاتییەکەی ئاستی بەرپرسایەتیشی بەرز دەبێتەوە و هەرچی ئاستی بەرپرسایەتی زیاتر بێ، زیاتر ئازادیی کاروکردەوەشی لە دەست دەدا. کاتێک

مـرۆڤ پلـەی بەرزتـر بـێ و لـە ڕێکخراوێکـدا بەرپرسـایەتی بەدەسـت بێنـێ یـا پێـی ببەخـشرێ لـە بەرامبەریـدا چاوەڕوانـی لـەو زیاتـر دەبـێ. ڕێبەرێـک کـە نەتوانـێ لانـی کەمـی چاوەڕوانیـی لایەنگرانـی وەدی بێنـێ، ناتوانـێ بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە بیروهـزری خەڵکـدا وەک ڕێبـەر بمێنێتـەوە و دەوروبـەری ڕۆژان دەژمێـرن بـۆ دوورخسـتنەوەی لـە دەسـەڵات.

### به هەڵە تێگەیشتن لە تواناییەکان

زۆرکـەس بـە هەڵـە لـە پۆتانسـیەل و تواناییەکانـی خۆیـان تـێ دەگـەن و پێیـان وایـە تـا نەبنـە ئەندامـی ڕێبـەری یـا خـود کەسـی یەکەمـی ڕێکخـراو ناتوانـن هەموو پۆتانسـیەل و تواناکانـی خۆیـان ئاشـکرا بکـەن. مـرۆڤ دەشـێ لـە کاروچالاکـی و کاریگەرییـدا بـەرز بێـت، نـەک لـە پلـەی تەشـکیلاتی و ڕێکخراوەییـدا. هـەر مرۆڤێـک هـەوڵ دەدات کـە تواناییەکانـی خـۆی بـەرز بکاتـەوە و شـوێندانەر بێـت. مـەرج نییـە بەرزتریـن پلـەی ڕێکخراوەیـی باشـترین شـوێن بێـت بـۆ شـوێندانەری و کاریگـەری.

### ڕێبەری ٣٦٠ پلەیی

سـەرکەوتنی مـرۆڤ لـە بەرامبـەر بیروبۆچوونێکـدا، کاتێـک ئەسـتەمە کـە بۆخـۆی خاوەنـی ئـەو بیروهـزرە نەبـێ. لـە مـاوەی کۆنگرەکانـی ١٠ تـا ١٣ی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا، هەوڵێکـی زۆر درا بـۆ گۆڕانـی ئامانجی دوارۆژی حیزبـی دیموکرات. دوای ئـەوەی کـە بـە ئەنجـام نەگەیشـتن. عەبـدوڵا حەسـەنزادە لـە وتەیەکـدا وتبـووی "ئـەو دروشـمە بـە کـەس لاناچێـت، چونکـە قاسـملوو داینـاوە". بیـری قاسـملوو مـەرج نییـە بیرێکـی ڕەهـا و هەتاهەتایـی بێـت، بـەڵام وتەکـەی بەرێـز حەسـەنزادە، نهێنییەکـی تێدایـە. بـۆ کەسـێک کـە بیهـەوێ دروشـم و ئامانجێـک لـە حیـزب و ریکخراوێکـدا بگۆڕێـت دەبـێ ئاڵترناتیڤێکـی چاکـتر لـەوەی کـە تـا ئێسـتای، پێـی بێـت. ئەمـەش سـەرمایەگوزاری لـە سـەر بیروبـاوەڕ و ئامانجـی نوێـی پێویسـتە. مـرۆڤ هەرچـی زیاترسـەرمایەگوزاری لـە سـەر بیروبۆچوونـی خـۆی بـکات، زیاتـر وەک بیروبۆچوونـی خـۆی دەچێـت. لـە ڕەوشـێکی وادا، بیروبۆچوونـی مـرۆڤ لـە بیروبۆچوونـی کەسـانی

دیکە بەجۆشتر و نزیکترە لە جێبەجێ بوون.
ڕێبەریی کەسانێک کە تەمەنێکی زیاتر لە ژیانی سیاسی و خەباتی نەریتیدا بوون، کارێکی ئاسان نییە. ڕێبەری واتە شوێندانەر بوون. ڕێبەرێک کە نە ئامانجێکی هەبێ و نە شوێندانەریش بێ، کەس پێڕەویی لێ ناکا. لە حیزبێکی نەریتیدا هەرچی مرۆڤ لە دەرەوەی بازنەکانی کۆنی دەسەڵاتدا بێ، لەوانەیە ڕێگای پێ نەدرێ ڕێبەرییان بکات. ئەمەش یەکێک لە چالشە سەرەکییەکانی دوکتۆر قاسملوو بوو لەو رۆژەوە کە ویستی بە شێوەیەکی چالاکانە لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا رۆل بگێرێ. بۆیە ڕێبەرانی ٣٦٠ پلەیی بە جیاتی ئەوەی بڵێن: "خوازیاری پلەیەکم کە خەڵک پێڕەویم لێ بکات" دەڵێن "دەمهەوێ بگەمە ئاستێک کە کە خەڵکانی دیکە پێڕەویم لێ دەکەن".
ڕێبەری ئەندامانی ڕێبەریی حیزب یان ریکخراوێک یەکێک لە گەورەترین چالش و لێگەرەکانی ریبەرانی ٣٦٠ پلەییە. زۆربەی ڕێبەران پێیان خۆشە ڕێبەری بکەن بەڵام ڕێبەری نەکرێن. زۆربەی ڕێبەران پێیان خۆشە کە بایەخیان زیاتر بێت. کە مرۆڤ لە روانگەی بەرزکردنەوەی بایەخی خۆیەوە بە پرسی ڕێبەری نزیک بێتەوە زۆرترین هەلی هەیە بۆ کارکردنە سەر خەڵکانی دیکە. لە کاتێکی وادا ستراتێژی مرۆڤ دەبێ پشتیوانی لە تەواوەتی ڕێبەری ڕێکخراو و لە ڕێگای ڕاپەڕاندنی کارە ئەرکە گرنیگەکان خۆی لە هاوکارانی جیا بکاتەوە. بەو واتایە کە بەجیاتی ئەوەی کە سەرنج بداتە کەموکورتیی کەسانی دیکە، باشترینی خۆی نیشان بدات. کە مرۆڤ هەموو شتێک بە شێوەی ڕێکوپێک و بەردەوام ئەنجام بدات، ئەوکات بایەخی ئەو لە ناو ڕێکخراودا بەرز دەبێتەوە و ڕێبەرایەتی بە چاوی ریزەوە سەیری دەکات. لە حیزبێکی پێشکەوتوو و بەرپرسدا ڕێز لە کەسانی وادەگیرێ و بە کەسانی وا بڕوا دەکرێ و لە کاتی پێویستدا راوێژی لە گەڵ دەکرێ. لەوەها رەوشێکدا کاریگەریی کەسەکە زیاد دەبێت و کەسەکە هەلی زیاتری دەست دەکەوێ بۆ ڕێبەریکردن.
یارمەتیی سەرکەوتنی ڕێبەر لە ئەرکەکانیدا، یارمەتیی ڕێکخراوەیە لە کارەکانیدا. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە کەسەکە ئەندامی تیمە. واتا کەسەکە لە راستای

ئامانجەکانــی تیمــدا کار دەکا و دەتوانــێ ڕۆڵێکــی گەورەتــر بگێــڕێ.
کەسـانی سـەرکەوتوو ئـەو کارانـە ئەنجـام دەدەن، کـە کەسـانی تـر پێیان ناکـرێ. ئەمەش بـە واتـای ئەوەیـە کـە ئـەو کەسـانە دەبـێ کاری زەحمـەت و دژوار ئەنجـام بـدەن. کاتێـک کـە مـرۆڤ هەڵبـژاردەی زەحمـەت هەدەبژێـرێ و گەیشـتن بـە ئامانجیـش زەحمـەت بێـت، ڕێبـەران دەکەونـە پراکتیکـەوە. ئەمـەش بەواتـای ئەوەیـە کـە دەبـێ بەرژەوەندییـە شەخسـی و تاکەکەسـی و گرووپییـەکان بکرێنـە قوربانیـی بەرژەوەنـدی گشـتی.
ڕێبەرایەتیـی ئەمـرۆی حیزبـی دیموکـرات دەشـێ لـە ڕەوشـی بەڕێوەبەرییـەوە بـەرەو ڕێبەریکـردن خـۆی بگـۆڕێ. دەشـێ زێهنیـەت و تێگەیشـتنی خـۆی بەرفـراوان بـکا. مـادام پێشـتر قاسـملوومان هەبـووە، دەبـێ ڕێوشـوێنی خـوارەوە بـۆ بەرەوپێشـچوون و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ڕێبەریـی حێـزب وەبەرچـاو بگیـرێ:

- بیرکردنەوە لە هەلومەرجی درێژخایەن
- لێکۆلینەوە لە سەر ئاستی کاریگەریی بڕیارەکان
- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دیکە
- سـەرنجدان بـە بابەتگەلـی وەک ئەنگیـزە و هانـدان، وره، هەسـتەکان، چاوەڕوانییـەکان، ژینگـە و دۆزینـەوەی کات
- دۆزینەوەی کەسانی چاک و کارا و سەرمایەگوزاریکردن لە سەریان
- ڕێبـەران دەبـێ هەمیشـە هـۆکاری گۆڕانـکاری بـن، نـەک بەشـێک لـە گۆڕانــکاری

قاسـملوو لـە ژیانـی ڕێبەریـی خۆیـدا، هاورێیـان و هاوکارانـی خـۆی هـان دەدا بـۆ پێشـکەوتن و دۆزینـەوەی ئەنگیـزەی پێشـقەچوون و گەشەسـەندن. ڕێبـەری ٣٦٠ پلەیـی بـۆ سـەرکەوتن دەبـێ بـە هاوکارەکانـی بسـەلمێنێ کـە بۆچـی دەبـێ ڕێـزی لـێ بگیـرێ و پەیرەویـی لـێ بکـرێ. ڕێبـەری ٣٦٠ پلەیـی هاوکاریـی هاوکارانـی دەکا بـۆ سـەرکەوتن لـە ئەرکەکانـی خـۆی و ئەواندایشـدا خۆیـان. کاتێـک کاری وا ئەنجـام دەدرێ، نەتەنیا خزمـەت بـە حیـزب کـراوە بەڵکـو ڕێبـەر خزمەتـی خۆشـی کـردووە. ڕێبـەر نابـێ لـە

بەرامبـەر ئـەو کەسـانەی کـە لـە ژێـر ڕێبەریـی ئـەودان بـە تەنیـا کار بـکا و نیشـان بـدا کـە هۆگـری لایەنگرانـی خۆیەتـی. لـە هەوڵـی ئـەوەدا دەبـێ کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە کەسـانی چالاکـی حیـزب و ڕێکخراوەکـەی بناسـێ. سروشـتییە کـە لەنـاو حیـزب و ڕێکخراوەکانـدا ڕکەبـەری و کێبەرکـێ هەیـە بـۆ بەدەسـتهێنانی پلەوپایـەی تەشـکیلاتی و سیاسـی. ڕێبـەری ٣٦٠ پلەیـی دەشـێ کەشـێکی تەندروسـت لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا پێـک بێنـێ، بـۆ ئـەوەی کـە لـە گـەڵ ئـەوەی کـە ڕکەبـەری (ڕقابەتـی دەروون حیزبـی) لـە نـاو حیزبـدا بپارێـزرێ، کاری تیمییـش پـەرە پـێ بـدرێ.

ڕێبـەر تەنیـا کەسـێک نییـە کـە بـە شـێوەی ئاسـۆیی پێوەنـدی بـە ئەندامـان و لایەنگرانییـەوە هەبـێ. ڕێبـەر دەبـێ هـاوکات لـە گـەڵ ڕێبەرایەتـی، دۆسـت و نزیکـی کەسـانی دەوروبـەری خـۆی بێـت. مـرۆڤ زۆرجـار هەلومەرجـی جیـاوازی هەیـە لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ خەڵکانـی دەوروبـەری خۆیـدا: هـاوکار، هاوتیـم، شـەریک، ڕەقیـب و.... بـەڵام ئـەوەی کـە خەڵکانـی دیکـە و پێـڕەوان لـە ڕێبـەران دەیانهـەوێ "دۆسـت" بوونـە. بـەو واتایـە کـە ڕێبـەر دەبـێ "دۆسـتی" ئەندامـان و لایەنگرانـی خـۆی بـێ نـەک ئـەوەی بـە دوای دۆسـت لەناویانـدا بگـەڕێ.

قاسـملوو لـە نـاو پێشـمەرگەکاندا کەسـێک بـوو کـە خـۆی لـە سیاسـیکاری دەپاراسـت و وەک یەکێـک لـەوان لـە. لـە ناویانـدا دەردەکـەوت. سیاسـەتکردن لـە گـەڵ هاوڕێیـان و هاوکارانـدا دەبێتـە هـۆی نەخۆشـکەوتنی ژینگـەی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی. خۆپاراسـتن لـەوم دەردە دەبێتـە هـۆی پێکهێنانـی کەشـێکی تەندروسـتی ڕێکخراوەیـی تاکـو تاکـەکان سـەربەخۆ پـەروەردە بکرێـن و سـەرکەوتنی خۆیـان لـە سـەرکەوتنی تەواوەتـی ڕێکخراوەکـەدا ببینـن. کەسـانێک کـە لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا سیاسـەت دەکـەن کەسـانی هەلپەرسـتن کـە تەنیـا ئامانجیـان دابینکردنـی بەرژەوەندیـی تایبەتـی و گرووپیـی خۆیانە و ڕێکخـراو و کاری ڕێکخراوەیـی تەنیـا پردێکـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە تایبەتییەکانیـان.

ئـەوەی قاسـملوو وەک ڕێبەرێکـی ٣٦٠ پلەیـی لـە ڕێبەرانـی دیکـە جیـا دەکاتـەوە و دەیکاتـە ڕێبەرێکـی تاقانـە، ئەوەیـە کـە قاسـملوو هەوڵـی دەدا لـە سـەر دەوروبەرەکەی کاریگـەر بـێ و ببێتـە هـۆی ئاڵوگـۆڕ. ئـەوە هەوڵـی قاسـملوو و شـوێندانەریی وی بـوو کـە ئەمـرۆش ڕێبوارانـی درێـژەدان بـە ڕێگاکـەی بـە ئەرکـی خۆیـان دەزانـن. گەیشـتن

بـە ڕێبەرێـی ٣٦٠ پلەیـی کارێکـی ئاسـان نییـە. ئەمـە ئەرکێکـی قـورس و درێژخایەنـە و لـە شـەورۆژێکدا نایەتـە دی. بـەڵام هەوڵـدان لـەو ڕێگایـەدا بایەخـدارە. لەوانەیـە هەمـوو جـارێ هەوڵـەکان بـە ئاکامـی دڵخـواز نەگـەن، بـەڵام بـە بـێ هـەوڵ هیـچ دەسـکەوتێکیش بەدەسـت نایـە. ڕێبەرانـی ٣٦٠ پلـە ئـەو بایەخانـەی خـوارەوە لـە ڕێکخـراودا وەدی دێنـن:

١. دەبنە هۆی پێکهێنانی تیمێکی ڕێبەریی کارامە
٢. حیزب فێردەکەن کە ڕێبەران لە هەموو ئاستگەلی تەشکیلاتیدا پێویستن
٣. سەرکەوتوویی لە ئاستێک مەرجی ڕێبەری لە قۆناغی داهاتووە
٤. ڕێبەرانـی چـاک لـە ئاسـتی ناوەندیـدا بـە واتـای بـوون بـە ڕێبەرانـی چاکـتر لـە ئاسـتی سـەرەوەدان
٥. ڕێبەرانـی ٣٦٠ پلەیـی خاوەنـی چۆنیەتـی و کوالێتیـی پێویسـت بـۆ حیزبـن، کـە بریتیـن لـە:

- سازگاری ( خۆگونجاندن)
- هێزی لێکدانەوە
- پەیوەندی
- هێمنایەتی
- ڕۆحی خزمەتکردن
- بەهرەمەندی لە سەرچاوەکان
- توانای فیکری
- لەسەرخۆبوون
- هەست بە بەرپرسایەتیکردن.

گەشـەکردن و پێشـکەوتنی حیـزب بـە گەشـەکردنی فەرهەنـگ و کولتـووری ڕێکخراوەییـەوە گـرێ دراوەر، کـە ئەویـش لـە ڕێـگای ڕێبەرانـی کارامـەوە جێبەجـێ دەکـرێ. ئەمـەش کاتێـک جێبەجـێ دەبـێ کـە حیـزب بەکـردەوە هەنـگاوی پێویسـت بـۆ گۆڕانکاریـی ڕێکخراوەیـی و نووژەنکردنـەوەی فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی هەڵبگـرێ و ڕێبەرانـی داهاتـوو لەسـەر بنەمـای بیـری ڕێبـەری ٣٦٠ پلەیـی پـەروەردە بـکا.

قاسملوو ڕێبەری حیزبی دیموکرات و پەروەردەکاری ئەو حیزبە بوو. حیزبێک کە لە ئەستەمترین سەردەمی کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کوردستاندا، قاسملوو پەروەردە بکا، دەتوانێ لە داهاتووشدا دیسان ڕێبەرانی وەک قاسملوو پەروەردە بکاتەوە و پێشکەش بە بارەگای نەتەوەی کوردیان بکا.

## کۆتایی